# ئامانجی ئەدەبیات

## نووسینی :م.گۆرکی

نووسینی: م، گۆرکی
گۆڕینی بۆ فارسی: م. ه. شفیعیها
گۆڕینی بۆ کوردی: حەمەکەریم عارف
چاپی یەکەم: ١٩٨٥( یەکێتیی نووسەرانی کوردستان )- شاخ
چاپی دووەم: ٢٠٠٨ ، زیادکراوە

## پێڕست

*- لە جیاتی پێشەکی (خیانەتی حەڵاڵ)........ن: حەمەکەریم عارف
*-ژیاننامەی م. گۆرکی
*- شاعیرو سیاسەتوان
*-ئامانجی ئەدەبیات
*-دایك و فرزەند
*- جانۆ شێت
*- لە پێناوی راستیدا
*- کارنامەی حەمەکەریم عارف

# له جیاتی پێشەکی

# (خیانەتی حەڵاڵ)

**ن: حەمەکەریم عارف**

**٢٠٠٨/٤/١**

(١)

وەرگێڕان دەکاتە گوێزانەوەی مانا و شێوازی دەقێك لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە. ئەمەش وادەخوازێت وەرگێڕ شارەزایەکی تەواوی هەموو پێچ و پەناو نهێنییەکانی زمانی یەکەمی دەقەکە بێت و لەڕادەبەدەر شارەزای کەوشەن و تخوبی زمانی دووەم بێت. چونکە لە زمانی دووەمدا، خودی دەقەکە بەرهەم دەهێنێتەوە. جا ئەم کارە وەرگێڕ ناچاردەکات فەرهەنگ بەکاربێنێ. هەر وەرگێڕێك دەستبەرداری بەکارهێنانی فەرهەنگ بێت ،دەبێ گومان لەکارەکەی بکرێت وهەندێ کەس پێیان وایە نابێ ئەو خەڵکانە بە وەرگێڕ دابنرێن..کە مەخابن مەسەلەی فەرهەنگ و فەهەنگنووسی لای ئێمە هێشتا زۆر کورپەیە و لە چەند هەوڵێکی کەم تێنەپەڕیوەو هەرگیز لەو ئاستەدا نییە کە تینوویەتی وەرگێڕ بشکێنێ. وەرگێڕی کورد ئەگەر دووچاری گرفت و دژواری زۆر ببێ نەهەقی نییە. چونکە ئەم کارە لە زمانی کوردیدا تازەیەو پاشخانێکی ئەوتۆی نیە. بۆیە ئەم کارە تا دەکەوێتە سەر سکەی خۆی و رەوتی دروستی خۆی وەردەگرێت هەندێ پاشاگەردانی و بێسەروبەری بەخۆوە دەبینێ..

لەسەرێرا ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد کە وەرگێڕان پرۆسەیەکی هونەرییە و دەکاتە دووبارە کردنەوەی بەرهەمهێنانی دەقێکی داهێنراو لە زمانی دووەمدا، واتە گواستنەوەیە. بەڵام ئەمەش بەو مانایە نییە کە زمان تورەکەیەکەو پڕە لە وشەو بەکەیفی دڵی خۆت دەستی پێدا دەکەیت و وشەی لێ دەردێنی،و لە جیاتی وشەی زمانی یەکەمی دەقەکە دای دەنەیت و ئیدی دەبڕێتەوە. چونکە وشە لە زمانە جیاوازەکاندا چەند هاو واتای یەکدی بکاتەوە هێشتا هەمان رووبەری گوزارەیی و مانایی پڕناکاتەوە. چونکە ئەو هەلو مەرج و فاکتەرانەی مانای وشەیان دروستکردووە، لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دی جیاوازە. هەر ئەمەش کاری وەرگێڕ گەلەك دژوارو ئەستەم دەکات. واتە لەمپەری زمان، فاکتەرێکی هەرە گرنگی ناکامی وەرگێڕە.. هەر بۆ نموونە گەلەك زمانی مردوو هەن کە زۆر زەحمەتە بێنە وەرگێڕان. چونکە لەگەڵ مردن و نەمانی ئەو گەلانەدا کە بەکاریان هێناوە، مەرجی ژیان ومانیان تیا نەماوە.. ئەمە جگە لەوەی کە وشە شت نییە، بەڵکو رەمزی ئەو شتەیە کە دەویستریێ نیشانبدریێ.یانی وشە خودی هزرو مەبەست نییە بەڵکو رەمزییەتی. واتە وشە بە پلەی یەکەم مانا بەرجەستە دەکات. بەم پێیە وشە بۆ خۆی و لە خۆیدا خواستن و کینایەیە.بۆیە وشە لەناو دەقدا خودی شت نییە، رەمزی شتەکەیە، هەروەها هەمان ئەو رەمزە نییە کە

وشەکە بەتەنیاو لە دەرێی دەقەکەدا هەیەتی. بەمجۆرە زمان بۆ خۆی و لە خۆیدا دەبێ بە پارچە چنراوێکی هەرە ئاڵۆز لە خواستن و کینایە. کە خواستن و کینایە خۆی لە خۆیدا خودی شت نییە، بەڵکو وەرگێڕانی شتە. بۆیە بەم حیسابە وەرگێڕانی دروست و ئەمین وەرگێڕانی وشە بەوشەیە کە ئەمەش گەر مەحاڵ نەبێت نیمچە مەحاڵێکە بۆ خۆی، جا کەس حاڵی بە حاڵی وەرگێڕ نەبێ!.

کەواتە پرۆسەی وەرگێڕان پەیوەندییەکی بتەوی بە زمان و زانستی زمانەوە هەیە. بۆیە کەس ناتوانێ دەقێکی دیاریکراو ،کە خۆی لە خۆیدا نمایندەی زمانێکی دیاریکراوە، بەبێ شارەزایی تەواو لە زمانی یەکەم و دووەمی دەقەکە وەربگێڕێت. هەڵبەتە وەرگێڕانی دەقی ئەدەبی زۆر سەختترە، چونکە زمان لە بونیادی دەقی ئەدەبیدا یەك لایەنی دەقەکە پێکدێنێ، واتە دەقی ئەدەبی تەنیا بەرهەمهێنانی زمان نییە. بۆیە وەرگێڕانی هەر دەقێك خۆی لە خۆیدا بەرهەمهێنانی دەقێکی ترە، بەڵام مەرج نییە هەر وەرگێڕانێکی دەقی ئەدەبی ئەدەبیانە بکەوێتەوە.

ئەدەب خۆی لە خۆیدا پرۆسەی گۆڕینە، گۆڕینی ئەو جیهانەی تیایدا دەخوڵقێ و دەڕسکێ بۆ جیهانێکی باڵاترو مرۆڤانیتر. ئەدەب هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدایە ژینگەی هونەری و کەلتووری و شارستانی خۆی، واتە قۆناغ و سەردەمی خۆی ببەزێنێ و لە ئایندەدا دەنگ و ڕەنگ بداتەوە..واتە ئەدەب ڕەگەزە پەراگەندەکانی شارستانییەتێکی تایبەتی و دیاریکراو دەهونەرێنێ و جۆرە زندوویەتییەکی پێدەبەخشێت.یانی دەقی ئەدەبی شەقڵ و مۆرکی شارستانییەتی سەردەمی خۆی و پاشخانە کۆمەڵایەتی و هزرییە باوەکانی ئەو سەردەمە وەردەگرێت. ئاشکراشە کە هەر کارێکی ئەدەبی بەهۆی وشەوەو لە وشەدا تۆمار دەکرێت. و وشەش تەنیا بەشێکە لە زمان. هەموو زمان نییە. یانی کاری ئەدەبی هەر هەموو ڕەگەزەکانی زمان بەکار نایەنێ. ئەدیب دێت هەندێ ڕەگەزی زمان هەڵدەبژێرێ و پێی دەنووسێت و ئەو رەگەزانە لە چوارچێوەی ئۆرگانیزمێکی تایبەتیا ڕێکدەخات و دەهونەرێنێ و ئەدەبییەت لێرەدا پەیدا دەبێت..واتە دەقی ئەدەبی سەرهەڵدەدا، دەقی ئەدەبیش یان لە لایەن ڕەخنەگرەوە شرۆڤە دەکرێ یان لە لایەن وەرگێڕی داهێنەرەوە کاتێك هاوتای دەقە ئەسڵییەکە لە زمانی دووەمدا بەرهەمدێنێتەوە. دەقی ئەدەبی گەورە لە چوارچێوەی یەك زماندا ناهێورێ، هاوار دەکات و درەنگ یا زوو کەسێك پەیدا دەکات کە بۆ زمانانی دیکەی بپەڕێنێتەوەو پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵە خوێنەرێکی دیدا پەیدا بکات، یان کۆمەڵە خوێنەرێکی دی بەخۆی ئاشنا بکات.. هەڵبەتە سەرچاوەی هەرە بنەڕەتی کاری وەرگێڕ دەقە، دەقیش بەهەزارو یەك داو تەنراوە، دەیان ڕەگەزو توخمی تێرژاوەو لێوان لێوە لە وردەکاری وهونەرکاری و خەون و خەیاڵ و فانتازیا و تایبەتمەندی، بە کورتی و کوردی دەق دنیایەکی جادوویی هەزار تویێەو کوڕم دەوێ کەشفی بکات و بوێرێ خۆی لە قەرەی بدات و توخنی بکەوێ. جا وەرگێڕ یەکێکە لەو سەرکێشانەی خۆی لەم هەڵەمووتی هات و نەهاتە داوەو دەدا. دیارە سەرکێشیش لە خەسڵەتەکانی هەر داهێنەرێکە،کەواتە بەم پێیە ئەرکی وەرگێڕ

وەکو داهێنەر لەوە گەورەترە تەنیا گۆڕینی زمانێك بۆ زمانێکی تر بێت. بەڵکو دەبێت بەهرەوەرییەکی ئەدەبی ئەوتۆشی تێدا بێ کە بتوانێ لەبەر ڕۆشنایی بارو دۆخە تازەکەدا هەموو ڕەگەزەکانی دەقەکە بخوێنێتەوەو شرۆڤە بکات و دەقێکی لێ بخوڵقێنێتەوە کە هاوتای دەقە ئەسڵییەکە بێ نەك کۆپییەکی کوت و متی دەقە ئەسڵییەکە. واتە دەقە ئەدەبییە وەرگێڕدراوەکە دەکاتە دەقێکی ئەدەبی تازە، کە بە هەمان کەرەستەی دەقە ئەسڵییەکە لە زمانێکی دیدا بیناکراوە. کەواتە وەرگێڕی دەقی ئەدەبی وەکو داهێنەری دەقە ئەسڵییەکەیە، بە هەندێ جیاوازییەوە، لەوانە: وەرگێڕ لە هەڵبژاردنی رەگەزەکانی جەوهەری دەقەکەدا ئازادی نووسەری دەقەکەی نییە،و لەسەریێتی پابەندی ئەو ڕەگەزانە بێ کە نووسەری دەقەکە هەڵیبژاردوون. ئەمە جگە لەوەی نابێ مۆرکی زاتی وەرگێڕ بەسەر کارە وەرگێڕدراوەکەوە دیاربێ. بۆیە وەرگێڕانی چاك جۆرە تەقەموسێکە،و وەرگێڕی چاك ئەوەیە بتوانێ بچێتە پێستی نووسەری دەقەکەوەو بیرەکانی لە زمانی دووەمدا بەرجەستە بکاتەوە. یانی وەرگێڕان کاری هەموو کەسێك نییە، هەڵبەتە هیچ کارێکی رەوشەنبیریی یا ئەدەبیش نییە بەدڵی هەموو کەسێك بێت. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی سروشت و زەوق و سەلیقەی بەشەر. زۆر بەرهەمی ئەدەبی لە ڕۆژگارێکا مایەی پەسەندی خەڵکی بووەو لە زەمەنێکی دیدا تەپوتۆزی فەرامۆشی لەسەر نیشتووە.. جا لێرەدا ڕۆڵی وەرگێڕ بەدیار دەکەوێ کە دەکاتە تەکاندنی ئەو گەردو تۆزەی لەسەر کارە ئەدەبییە فەرامۆشکراوەکاننیشتووە و بەمەش پردێك لە نێوان نووسەرو خوێنەردا هەڵدەبەستێ کە ڕێك لەگەڵ کاری ڕەخنەگردا یەکانگیر دەبێت.. جا کە وەرگێڕ لەسەری بێ، پردی دیالۆگ لە نێوان ئەدیب و خوێنەردا رۆبنێ ،ئەوا دەبێت هەموو هەوڵ و تەقەللایەك بخاتە گەڕ کە زمانەکەی زمانێکی ئەدەبی بێ، تا خوێنەر ڕابکێشێت. هەڵبەتە ئەمەش کارێکی زۆر قورسەو بەئاسانی نایەتە دی. چونکە وەرگێڕانی هەر دەقێکی ئەدەبی بەتەنیا ناکاتە وەرگێڕانێکی ئەدەبی. چونکە ئەگەر وەرگێڕان جگە لە خودی دەقەکە هەر هەمو مەرج و بەها ئەدەبییەکانی دیکەی ناو دەقەکەی نەپاراستبێ، ناچێتە خانەی وەرگێڕانی ئەدەبییەوە. ڕەنگە کۆپییەکی دەقە ئەسڵییەکە بێ بەڵام هاوتای نییە. وەرگێڕانی ئەدەبی تەنیا ئەدیب لە عۆیەی دێت. بۆیە زانینی دوو زمان بەتەنیا بەس نییە بۆ ئەنجامدانی وەرگێڕانێکی ئەدەبی. وەرگێڕی ئەدەبی لەسەریێتی شتێك دابهێنێ و بەدەستەوە بدات کە وەکو ئەدەب لێی وەربگیرێت و بخوێنرێتەوە. ببێ بە مەڵۆیەك و بچێتە سەر شارای کەلەپوری نەتەوەکەی. هەڵبەتە زۆر دەست لەسەر زەرووڕەتی زانینی تەواوەتی زمانی یەکەم و دووەمی هەر وەرگێڕانێك دادەگیرێت. بەلاّم سەبارەت بە وەرگێڕانی ئەدەبی،ڕەنگە ئەم مەرجە لە زەرووراتە هەرە گرنگەکان نەبێ. یان بە تەنیا بەس نەبێت، بە تایبەتی سەبارەت بەو زمانە مردووانەی کە ناکرێت تیایدا قووڵ ببیەوەو بچیتە بنج و بناوانی، ڕەنگە برە شارازاییەکی پشت ئەستور بە بەهرەوەری ئەدەبی، مەبەست بێنێتە دی. چونکە ئەم مەرجە یارمەتی وەرگێڕ دەدات کە پاشخانی شارستانی و کۆمەڵایەتی دەقە ئەسڵییەکە بونیاد بنێتەوە یان هاوتای ئەو پاشخانە بخوڵقێنێتەوە، کە دیارە ئەمە کارێکی

گەلەك سەختە.چونكە دوو پاشخانی شارستانی و كۆمەڵایەتی چوونیەك لە دنیادا نییە، بۆیە دەبێ وەرگێڕ لە شارستانییەت و كۆمەڵگەی خۆیدا بۆ نزیكترین هاوتای ئەو پاشخانە بگەڕێت و بیدۆزێتەوە. ئەمەش جارەكی دی دەمانباتەوە سەر مەسەلەی زمان و زانینی زمان.چونكە لەم حاڵەتەدا دەبێ وەرگێڕ شارەزاییەكی تەواوی لەمەڕ پاشخانی شارستانی و كۆمەڵایەتی ئەو زمانە هەبێ كە لێوەی وەدەگێڕێت،و خودانی خەیاڵێكی داهێنەرانەو زەینێكی روون و تیژ بێ. تینوو و تامەزرۆی دەقەكە بێ. ماناكانی لە ناو ڕستەداو بە گوێرەی واقیعی دەقەكەو پاشخانی شارستانی و كۆمەڵایەتی دەقەكە تێبگات.چونكە دەق، یان پارچەكانی دەق لە یەكدی دانابڕێت،و هەر یەكێتیی بەشەكانییەتی كە دەقایەتی و نەفەسی گۆڕانخوازی پێدەبەخشێت، خۆ ئەگەر بۆی بكرێت ئاگاداری ڕاوبۆچوونی خەڵكانی دیكەش بێ لەسەر هەمان دەق،و شارەزای ژینگەی شارستانی وكۆمەڵایەتی دەقەكەبێ زۆر. باشترە،چونكە بەمە دكارێت سەنگ و ئیحتوبار بۆ كارەكەی بەدەست بێنێ،وتاسەی خوێنەر بشكێنێ و ئارەزووەكانی پاراو بكات ، كە ئەمە یەكێكە لە نیشانەكانی سەركەوتنی وەرگێڕان..

(٢)

كاری وەرگێڕان زەروورەتێكی حەیاتیی كۆمەڵگە بەشەرییەكانەو تا تیرەی بەشەر بە زمانانی جیاواز قسە بكەن و گوزارشت لە خۆو ئەو ژینگەو گەردوون و بارە شارستانی و كۆمەڵایەتییە بكەن كە تێیدا دەژین، تا بە زمانانی جیا هزرو بیرو رۆشنبیری و هونەرو ئەدەبیات و ئاین و زانست و تەكنۆلۆجیا بەرهەمبێنن، وەرگێڕانیش هەر دەمێنێ و تێكەڵ بە ژیانی تیرەی بەشەر دەبێت.. هەڵبەتە وەرگێڕان یارمەتیدەرە بۆ ناسینی ناسنامەی كاركرن لە هەموو زمانەكاندا، واتە وەرگێڕان دەكاتە بەزاندنی جیاوازییە دەرەكی و فۆرمییەكان، دەكاتە نوێبوونەوە لە میانی كارێكەوە كە بەزمانێكی دی بەرهەمهاتووەو لە زمانێكی دیدا بەرجەستە بووە.. جا بەم پێیە تالەمپەرە زمانەوانییەكان كەمتر ببنەوە، زەروورەتی وەرگێڕان كەمتر دەبێتەوە، چونكە وەرگێڕان دەكاتە بەزاندنی لەمپەرە زمانەوانییەكان. بۆیە ئەو زمانە هونەرییانەی كە بە تەبیعەت گشتی و جیهانین، پێویستیان بە وەرگێڕان نییە بۆ نموونە وەك زمانی مۆسیقا. دوورترین خەڵكی رووی سەرزەمین دەتوانێ ڕاستەوخۆ گوێ لە هەر مۆسیقایەكی دنیا بگرێ و پێویستی بە وەرگێڕ نەبێت.بەڵام ئەو كارانەی كە بە وشەو لە ناو وشەو لە ڕێگەی وشەوە بەرجەستە دەبن، پێویستیان بە وەرگێڕانە. چونكە كەرەستەی دروستبوونەكەی (زمان) شەقڵ و سروشتێكی جیهانی نییە، بۆ نموونە كێ لە چین دا شیعری كوردی دەناسێت ئەگەر لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە نەبێت. واتە وەرگێڕان بۆ كەسێك كە نەتوانێ دەقی وەرگێڕدراو بە زمانی یەكەمی دەقەكە بخوێنێتەوە، زەروورییەو لە هەمان كاتدا سەرچاوەی ئیلهام و لەزەتە، بەڵام لێرەدا دەبێ ئاماژە بۆ ئەوەش بكرێ كە چۆن هەر دەقێك تایبەتمەندی خۆی هەیە،وئەگەر هەندێ خەسڵەتی لێكچوونی گشتی لەگەڵ دەقی

تردا هەبێ ، بەتایبەتی ئەو دەقانەی لە هەمان ژینگەو زەمینەی شارستانی و کۆمەڵایەتیدا دەڕسکێن، ئەوا لە هونەرکاری و وردەکارییەکاندا لە هیچ دەقێکی دی ناچێت و تەنیا لە خۆی دەچێت. چونکە پاژێك لە خودی نووسەری هەر دەقێك بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ونادیار لە بندێڕی دەقەکەدا هەیە. وەرگێڕ لەسەرێتی ئەم ڕاستییە فەرامۆش نەکات. ئەمەش یەکێکە لەو فاکتەرانەی کە کاری وەرگێڕان دژوار دەکات. بۆیە ئەگەر دەقێك لە لایەن دەکەسەوە بێتە وەرگێڕان، گەر لە خەسڵەتە گشتییەکاندا لێکبچێت ئەوا لە وردەکارییەکاندا جیا دەبێتەوەو ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی توانای وەرگێڕەکان. چونکە مەحاڵە هەموویان بە یەك ئەندازە بچنە پێست و خووی دەقەکەوە و هەمان خوێندنەوەیان بۆ ئەو دەقە هەبێت. بۆیە پێموایە وەرگێڕ بەر لەوەی دەست بداتە وەرگێڕانی هەر بەرهەمێك دەبێ لەخۆی دڵنیا بێت کە دەرەقەتی ئەو دەقە دێت و ئەهلی ئەو مەیدانەیە. بۆیە وەرگێڕانی دەقی ئەدەبی کە سەروساختی لەگەڵ حەقیقەتە ئەزەلییەکان و پەیوەندی هەمیشەیی دەگەڵ ئەزموونە بەشەرییەکاندا هەیە تەنیا کاری ئەدیبی زەبەردەست و کارامەیە. چونکە ئەو جۆرە دەقە تەنیا وشە نییە، واتە تەنیا بە زمانێکی تەجریدی ڕووت بەرجەستە نەکراوەو نەهونەرێنراوە، بەڵکو هەر دەقێکی ئەدەبی بەسەدان ڕەگەزو داوو تان و پۆ و ڕایەڵ چنراوەو ئەفسوون و خەرمانەی خۆی هەیە. هەر دەقێکی ئەدەبی تەم ومژێکی ئەفراندنەوانی بەسەرەوەیە کە نابێ لە لایەن وەرگێڕەوە فەرامۆشبکرێ. کە پێموایە ئەمە لەسەرووی وشەو زمانەوەیە و تەنیا بەشێوازو لە شێوازدا بەرجەستە دەبێتەوە. جا وەرگێڕ لە کارەکەیدا واتە لە زمانی دووەمدا دەبێ هەر هەموو ئەو دنیا مەعنەوی و ئەفسووناویانە، هونەرمەندانە دووبارە بکاتەوە، کە ئەمە هەرگیز لە تونای وەرگێڕانی وشە بەوشەدا نییەو لێرەدا وەرگێڕانی وشە بە وشە هەرگیز ناچێتە خانە وەرگێڕانەوەو بە ورگێڕان حەساو ناکرێت. جا دژواری کاری وەرگێڕ ئەوەیە کە دەکەوێتە ناو دنیایەکەوە کە لە لایەن کەسێکی ترەوە خوڵقێنراوەو قاڵب و فۆرمی تایبەتی پێدراوە، ئیدی وەرگێڕ چاری ناچارە دەبێ مامەڵە لەگەڵ ئەو واقیعەدا بکات و شارەزایانە ئەو دنیا پێشوەختە خوڵقێنراوە هەڵوەشێنێتەوەو بەهەمان کەرەستەو دارو پەردوو لە زمانی دووەمدا هونەرمەندانە و وەکو خۆی بیخوڵقێنێتەوە یان بەجۆرێ بیخوڵقێنێتەوە کە لە رووی تەکنیك و وردەکاری و هونەرکارییەوە هاوتای دەقی یەکەم بکاتەوە. ئەمەش نەك هەر بەهرەمەندی، بەڵکو جۆرە بلیمەتییەکی دەگمەنیشی دەوێت کە تەنیا بە ئەزموون و لە ناو تەجروبەدا دەخەملێ. ئەمەش خۆی لە خۆیدا بەڵگەیە بۆ قورسی ئەرکی وەرگێڕ کە ناعیلاجە لە چوارچێوەی دەق دەرنەچێت و لە زمانی دووەمدا بە ئەمانەتەوە گوزارشت لە هزرو بیرو هونەرکاری کەسێکی دی بکات. واتە وەرگێڕ خۆ بە خۆ دەبێ بە پەیڤداری نووسەری دەقەکەو ئەمانەتی کار وای لێدەخوازێ کە لە دەق لانەدات، بەمەش دەکەوێتە بەینی بەرداشی وەرگێڕانی ئازادی (خوێنەردار) و وەرگێڕانی وشە بەوشەی ئەمین بەڵام (بێ خوێنەر)..هەڵبەتە خوێنەر بەشێکی گرنگە لە هاوکێشەی نووسەرو نووسین، ئەو هاوکێشەیە بەبێ خوێنەر بە ناتەواوی

دەمێنێتەوە. بۆیە ناکرێ وەرگێڕ فەرامۆشی بکات. ئەدی چ بکات؟! وەرگێڕانی ئازاد گەر لە لایەکەوە خوێنەر ڕازی بکات، ئەوا لە لایەکی ترەوە لادانە لە ئەمانەتی کاری وەرگێڕان، وەرگێڕانی وشە بە وشە گەر لە لایەکەوە پابەندی بێ بە ئەمانەتی وەرگێڕانەوە، لە لایەکی دییەوە خوێنەر تەرەو تەوەلا دەکات، خۆ هاوکێشەکەش بەبێ خوێنەر تەواو نابێت!!..ئەدی تەگبیر؟! هیچ چارێك نییە وەرگێڕ دەبێت میکانیزمێکی مامناوەندی بدۆزێتەوە کە هەم لایەنی کەمی ئەمانەت و پابەندی بە دەقەوە بپارێزێت و هەم خوێنەر ڕازی بکات و لە زمانی دووەمدا دەقێکی هاوتای دەقی زمانی یەکەم دابهێنێ و بئافەرێنێ، ئەوجاش هەر لە تۆمەتی خیانەت تەبرێ نابێت. بەلاّم ئەمە خیانەتێکی حەلاّڵەو ناچاری حەرام حەلاّڵ دەکات.

هەڵبەتە بەم پێیە چەمکی زمان و وەرگێڕان بە جۆرێ لێکدی نزیك دەبنەوەو کارلێکدی دەکەن کە ببنە تەواوکەرو تەواوکراوی یەکتری،و ئەمەش پەیوەندییەکی بتەوی بە ڕۆشنبیریی و بەرهەمهێنانی ڕۆشنبیرییەوە هەیە. زمان تا پتر کراوە بێ و لەگەڵ بەخششە زمانەوانییە زندووەکاندا لە کارلێکدا بێ ،لە ڕووی گوزارشتەوە دەوڵەمەندتر دەبێ و لە باری بەکارهێنانەوە خۆشدەستتر دەبێت و لە واری بەرهەمهێنانی فەلسەفی و هزری و هونەرییەوە شارستانیتر دەبێت.. جا بۆ نەگبەتی وەرگێڕی کورد، زمانی کوردی هێشتا زمانێکی نیمچە کێوییەو لە زۆر ڕووەوە گۆشەگیرو ڕەنگە نەزۆکیش بێ، هەڵبەتە ئەمەش هۆی خۆی هەیە کە پێموایە لە سەرووی هەموویانەوە ئەو مامەڵە سیاسییە شۆڤینیستیانەیە کە تا ئەمڕۆ لەلایەن داگیرکەرانی کوردو کوردستانەوە، دەگەڵ زمانی کوردی دا دەکرێت،و دابڕان ودابڕاندنی ئابوری و بازرگانی و سیاسی و ڕۆشنبیری و کۆمەلاّیەتی ناوچەکانی کوردستان لە یەکتری، ئەمە جگە لە لاوازی و کورتبوردی گوتاری ڕۆشنبیریی کوردی کە نەیتوانیوە زۆرترین ژمارەی خوێنەری کورد لە دەوری خۆی خڕبکاتەوەو بزاڤێکی ڕۆشنبیریی ڕۆشن سیما بە ئاراستە نەتەوەییەکەدا وەگەڕ بخات. جا وەرگێڕێك کە زمان کەرەستەی هەرە جەوهەری و سەرەکی کارەکەی بێ، و ئەوەش حاڵی زمانی زکماکی بێ و بە خۆیشی دەسەلاتێکی زمانەوانی ئەوتۆی نەبێ، چۆن چۆنی لە مینجاڕی کاری وەرگێڕان بە سەلامەتی دەرباز دەبێت!!..زۆربەی ئەو کارە وەرگێڕدراوانەی لە بازاڕی چاپەمەنی کوردیدا بەرچاو دەکەون، ئەوە دەسەلمێنن کە گەلێك لە وەرگێڕەکان تەنیا زمانی گەڕەکەکەی خۆیان بە نیوەچڵی و بە سەقەتی دەزانن، هەر بۆیەش ئەو لێشاوی وەرگێڕانە نەیتوانیوە بزاڤێکی ڕۆشنبیریی ڕەسەن بە ئاراستە نەتەوەییەکەدا دروست بکات و بخاتە سەر سکە.. ئەمە جگە لەوەی کە وەرگێڕان لای ئێمە نەبووە بە پیشەیەك کە خاوەنەکەی بژێنێ، خەڵکانێك هەن چ لە ڕووی دڵسۆزی و خەمخۆری و چ بەمەبەستی شۆرەت پەیدا کردن بەدەم هەڵپەی ژیان و نان پەیداکردنەوە، جارجارێ لە وەختی خۆ دەگرنەوەو بۆ وەرگێڕانی کارێك یان بەرهەمێکی تەرخان دەکەن، کە کارەکەشیان تەواوکرد، ئەوسا دەبێ بیدات بە کۆڵیاو لە دەرگای ئەم وەشانخانەو ئەو پەخشخانە بدات، گەر پاش زەحمەتێکی زۆر لێیکرایەوە، نۆرە دێتە سەر بەرپرسی وەشانخانەکە، ئەویش دوای وەعزبێژییەکی زۆرو فەزڵفرۆشییەکی فرەو گلەییەکی مشە لە

حیزبە حەیاتەکە دەیخاتە تاقیگەی میزاجە نەخۆشەکەی خۆیەوە، ئیدی خۆی و بەختی یا گالْ دێنیٚ یا پەموو، کە دوای پتر لە سالێك نامیلکەیەکی بۆ چاپکرا، دەبیٚ هەتا هەتایە منەتباری ئەو بێت و تاقە پولێکی هەقدەستی ناداتیٚ و بە جۆرە نوکتەیەکی لەم چەشنە بە ڕێی دەکات : "حیزبی ئێمە حیزبێکی سیاحییە"! ئەمە لە کاتێکایە کە دەبیٚ کار بۆ بەپیشەکردنی پرۆسەی وەرگێڕان بکریٚ ،ووەرگێڕ بە پیشەکەی خۆی بژی و خۆی بۆ تەرخان بکات، چونکە وەرگێڕی جددی مامەلە دەگەلْ کتێباندا دەکات کە رەنگە وەرگێڕانی کتێبێك چەند مانگ یان ئەگەر دوورو درێژو ئالۆزو سەخت بیٚ چەند سالێك بخایەنیٚ... جا وەرگێڕێك بە کارەکەی نەژی چۆن دەتوانیٚ ئەمە بکات؟!. هەلبەتە نابیٚ ئەوەش فەرامۆش بکریٚ کە کاری وەرگێڕی باش دەچێتە خانەی کارە هونەرییە ئیبداعییەکانەوەو ڕێگەیەکی قەدبڕ لە نێوان کەلتوورو شارستانیەتە جیاوازو دوورەکاندا دەکاتەوە، واتە شارستانییەتی تیرەی بەشەر بەم وەزع و حالەی ئیستایەوە بمانەویٚ و نەمانەویٚ بەڕێژەیەکی زۆر قەرزارباری خزمەتی ئەو سەربازە ونانەیە کە لە ڕێگەی وەرگێڕانی نایابەوە پێشکەش بە تیرەی بەشەریان کردووە..

(٣)

هەلبەتە کاری وەرگێڕان، بەتایبەتی وەرگێڕانی ئەدەبی چەند سەرکەوتووش بێت، زیاتر ئاڕاستەی ئەوانەیە کە زمانی ئەسلی دەقەکە نازانن. چونکە شارەزایانی زمانە ئەسلەکە بە وەرگێڕان قاییل نابن وبە زمانە ئەسلەکە دەخوێننەوە. بەلاٚم لە هەموو حالێکدا بەشەر بە تەبیعەت تامەزرۆی ئەوەیە بەشداری لەو دەسکەوت و لەزەتە فەلسەفی و هزری و هونەریانە بکات کە بە زمانێك بەرهەمهاتوون کە ئەم نایگاتیٚ،وەرگێڕی چاك دێت ئەم کەلەپورەی فیکرو خەیالەمان بە زمانی زکماکی خۆمان دەخاتە بەردەست و دەلێت: فەرموو ئێوەش لەزەتی لیٚ ببینن، ئەمە دەسکەوتی تیرەی بەشەرەو هەقی هەموو کەسێکە سوودی ماددی و مەعنەوی لێوەربگرێت. ئەمە جگە لەوەی کاری ئەفراندنەوانی لە هەر بوارێکی ژیاندا بێت، لە چوارچێوەی یەك زماندا ناهێوریٚ و درەنگ یان زوو دەبێت لەمپەی زمانان ببەزێنیٚ .چونکە گوتاری ئەفراندنەوانی هەموو تیرەی بەشەر دەدوێنیٚ، بۆ کۆمەلێکی تایبەتی نییە. بۆیە وەرگێڕان هەولێکە بۆ بەزاندنی لەمپەران و گشتاندنی هونەرو هزرو فەلسەفەو زانست.. کەواتە وەرگێڕان زادەی پێداویستیەکانی تیرەی بەشەرەو تا زمانی جیاواز هەبیٚ ،ئەویش دەمێنیٚ مەگەر زۆر چاوەڕوان بکەین تا ڕۆژیٚ بێت هەموو تیرەی بەشەر بە یەك زمان بخوێننەوە بنووسن.. هەنگیٚ پرۆسەی وەرگێڕان خۆ بە خۆو بە شێوەیەکی سروشتی دەوەستیٚ و نامێنیٚ،و پرۆسەی لێکدی حالیبوون و کارلێکی شارستانی گەلەك لە ئیستا ئاسانتر دەبێت. ڕەنگە بشێت زمانی ئینگلیزی ئەمڕۆ کە بووە بە زمانێکی جیهانی و بلاٚبوونەوەی ڕۆژ بە ڕۆژ لە زیادییە بکرێتە نموونەیەك بۆ ئەو بۆچوونە. بۆ نموونە ئەو نووسەرەی بە زمانی ئەنگلۆ ئەمریکی دەنووسێت، خوێنەرێکی فرەتری دەبێت و زووتریش

لەو نووسەرەی بە زمانێکی دی دەنووسێت، شۆرەت و ناوبانگ پەیدا دەکات.. بۆیە ئەو نووسەرەی کە بە زمانێکی ناوچەیی و هەرێمایەتی دەنووسێت، هەقی خۆیەتی خۆزی بخوازێ کە بەرهەمەکەی بکرێ بە ئینگلیزی و کاریش بۆ وەدیهاتنی خۆزیاکەی بکات.. ئەمەش لە ڕیگەی وەرگێڕەرانی زەبەردەست و کارامەوە، کە د ەوری پۆستەچی ڕۆحی مرۆڤایەتی دەگێڕن، ئەنجامدەدرێت.

بەهەرحاڵ پلەو پەیامی وەرگێڕ هەرچییەك بێ، چەند وردو ئەمین بێ لە کارەکەیدا، هێشتا وەرگێڕانێك نییە بە دڵی هەموو کەسێك بێت و ،زۆربەی کات وەرگێڕ دەبێت بەسەربازی ون و مینا گومناوێك تەمەشا دەکرێت. گەر لە کارەکەیدا سەرکەوتوو بێت، فەزڵەکە بۆ نووسەری یەکەم دەگەڕێننەوەو ئەگەر هەڵەیەکی لە بەکارهێنانی ئامرازێکی پەیوەندیدا کردبێت، لێیدەکەن بە هەللاٚیەك ئەو سەری دیار نەبێت. بۆیە وەرگێڕ هەمیشە جۆرە ترسێکی زادەی هەستکردن بە مەسئولییەتی لە دڵدایەو پێشوەختە دەزانێ نیشانەیەکی خۆشئەنگافتەیە و لەبەر سێرەی هەموو کەسێکدایە ، مەگەر بەوە دڵخۆشی خۆی بداتەوەو بڵێ :پیرەمەگروون بە چڕنۆك ناڕوخێ، خاوەن چڕنۆك دەمرێت و پیرە مەگروون هەر دەمێنێ..

بەهەرحاڵ وەرگێڕ تا پتر لە کارەکەیدا قووڵ ببێتەوەو شارەزایی زیاتر پەیدا بکات، زیاتر ئەوەی بۆ دەردەکەوێ کە وشە لە توێیەکانی خۆیدا زۆر مانای وردو هونەری هەڵگرتووە.، کە پەیوەستن بە شارستانییەتی ئەو گەل و خەڵکەوە کە بەکاری دێنێ و مەحاڵە هاوواتای دەقاو دەقیان لە زمانێکی دی دا هەبێت. ئەم حەقیقەتە هێندەی دی ئەرکی وەرگێڕ قورس دەکات و لەوە دەردەچێت تەنیا گواستنەوەی مانای وشە بێت، بەڵکو ناچارە بکەوێتە تاقیب و گەڕان ،و ژینگەو پاشخانی کەلتووری و شارستانی و کۆمەلاٚیەتی ئەو دەقەی کە بەتەمایە وەری بگێڕێت، بخاتە بەر وردەبینی لێکۆڵینەوەوەو لە بنج و بناوانی بکات،و ڕەگ و یشە نادیارو شاراوەکانی دەقەکە بدۆزێتەوەو ئەوجا بێتە سەر بنەما سەرەکییەکانی کاری وەرگێڕان کە بریتییە لە پابەندی بە ماناو شێوازو دەقەوە، کە ئەگەر مەحاڵی مەحاڵ نەبێ ئەوا نیمچە مەحاڵە.و وەرگێڕ ناچاردەکات، چەند کارامەش بێت، کەمۆکەیەك لە دەقە ئەسڵییەکە لابدات و هاوتایەك نەك گۆپیێەکی موو بە مووی دەقەکە بە دەستەوە بدات. بەهەرحاڵ وەرگێڕان کارێکی گەلە سەخت و گرانە، وەکو ئەوەیە بە دەرزی بیر لێبدەی... چەندیش سەرکەوتوو بێ، کەمکەس دانی خێری پێدا دەنێت، هەر ئەم دژوارییە کردوویەتێ کارێك کە هیچ وەرگێڕێك زێدەباری هەقی کەمالخوازی، لافی کەمال لێنەدات...

(٤)

وەکو پێشتر ئامارژەمان کردێ کاری وەرگێڕان زەرورەتێکی حەیاتی کۆمەڵگە بەشەرییەکانە و تا تیرەی بەشەر بە زمانانی جیاواز گوزارشت لە خۆو ئەو ژینگەو گەردوونە بکەن کە تێیدا دەژین، تا بە زمانی جیاواز هزرو بیرو فەلسەفەو کەلتووو ئەدەبیات و ئاین و زانست و تەکنۆلۆجیا بەرهەمبێنن، وەرگێڕانیش دەمێنێ و تێکەڵ بە ژیانی تیرەی بەشەر دەبێت. واتە وەرگێڕان هۆیەکە لە هۆیەکانی ئاشنا بوون و نزیکبوونەوەو لێکدی حاڵی بوون

و كارلێك لە نێوان گەلان و کەلتووری گەلاندا. جا وەرگێڕانی هونەری تەنیا گوێزانەوەی هزران یان بەرهەمان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دی نییە، بەڵکو بەر لە هەرشتێك پرۆسەیەکی ئەفراندنەوانییە. وەرگێڕ بیرکردنەوەیەکی زمانەوانی دیاریکراو بۆ بیرکردنەوەیەکی زمانەوانی جیاواز وەردەگێڕێت. لە سیستەمێکی زمانەوانی ئاڵۆزەوە بۆ سیستەمێکی ئاڵۆزی دیکەی وەردەگێڕێت. جا لێرەدا وەرگێڕان تەنیا گوێزانەوەی مانای وردو دروست نییە، بەڵکو گوێزانەوەی تۆن و ڕیتم و شێوازو ئاوازیشە، واتە گوێزانەوەی شەقڵی چڕو تایبەتی و شێوازو ڕۆحی بەرهەمێکە بەهۆی کەرەستەی زمانەوانییەوە.. هەڵبەتە ئەم کارە پێویستی بە فەرهەنگ هەیە، هەروەها وەرگێڕی چاك لە سەرێتی لە زمانەکانی دیکەشدا بۆ نوسخەی وەرگێڕدراوی ئەو بەرهەمە بگەڕێ کە بەنیازی وەرگێڕانیەتی.تا لەگەڵ دەقەکەی بەردەستیدا بەراوردی بکات و بزانێ خەڵکانی دی چۆن ئەو کارەیان وەرگێڕاوەو سوود لە ئەزموونی ئەوانیش وەربگرێت.. چونکە وەرگێڕان مەسئولیەتێکی یەجگار گەورەیەو دەبێ وەرگێڕ دەقەکە لە زمانی دووەمدا بەشێوازی خودی نووسەرەکە بێنێتە زمان.هەڵبەتە ئاگاداربوونی وەرگێڕ لەو وتارو باس و لێکۆڵینەوانەی لەمەڕ تێوری وەرگێڕان نووسراون ، لە سوود بەدەر نابێت، چونکە ئەو کارانە وێڕای لایەنی زانستی و ئەستاتیکیان، یارمەتی وەرگێڕ دەدەن کە خۆی و سەرکەوتن وناکامی کارەکەی خۆی بزانێ و شارەزای ئەو یاسایانە ببێ کە لە کاری وەرگێڕانی پێشوترەوە هەڵێنجراون، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئەگەر وەرگێڕ لە ناو پرۆسەی کاری وەرگێڕاندا کە پرۆسەیەکی ئەفراندنەوانییە، خۆی تاقی نەکاتەوەو یاساکانی ئەفراندن کەشف نەکات و ئەزموونێك پێکەوە نەنێ هیچ تێورییەك دادی نادات و فریای ناکەوێ.. هەڵبەتە وەرگێڕ کە بڕیاری وەرگێڕانی کارێك دەدات دەبێ تەواو خۆی بۆ ئامادە بکات. هەموو ئەو لایەنانەی کە بۆ تێگەیشتنی دەقەکە زەروورین، وەکو ژینگەو پاشخانی شارستانی و کۆمەڵایەتی لە دایکبوون و خەملینی دەقەکە، زانستانە تاوتوێ بکات.. ئەوجا پەنا بەرێتە بەر فەهەنگی جۆراو جۆرو لێکۆڵینەوەو خەڵکانی پسپۆڕ تا وردەکاری و نهێنی و ئەفسوونی وشەو دەستەواژەو ڕستەکانی دەقە ئەسڵییەکە کەشف بکات و بدۆزێتەوە.. هەنگێ ئیدی سەلیقەو خۆشزەوقی دەور دەبینێ کە بۆ هەر کارێکی ئەفراندنەوانی گەلەك پێتڤییە. زەوق لە بۆتەی زمانزانیدا قاڵ دەبێتەوە. واتە وەرگێڕ بۆ ئەم مەبەستە، پێویستە زمانی زکماك ونەتەوەیی خۆی زۆر بە چاکی بزانێ و کلیلی کردنەوەی هەموو نهێنییەکانی پێبێ و لە ونگەکانیدا گومڕا نەبێت. جا لەم حاڵەتەدا فەرهەنگ، تەنیا دەورێکی بچووکی یاریدەدەر دەبینێ و نایەڵێت لە نهێنگەکانی زماندا گیرۆدە ببێ. چونکە ئەو وشە فەرهەنگییە ڕاستەوخۆیانەی لە قاموو‌ساندا هەن، زۆر کەم لەگەڵ ئەو هەست و سۆزو خەون و خەیاڵ وهزرو بیرو بەرجەوەن و هاماجانەدا تێکدەکەنەوە کە پێتڤییە بە دەم وەرگێڕانی ئەم وشە یا ئەو پەرەگرافی دەقەکەوە، لە لایەن وەرگێڕەوە بخولقێنرێتەوە. بۆیە تا وەرگێڕ زمانی زکماك و نەتەوەیی خۆی زیاترو باشتر بزانێت، بەهرەو سەلیقەی زیاتر دەخەملێ و کارە ئەفراندنەوانییەکەی خۆشتر بە دەستەوە دێت.و وەرگێڕ بەجۆرێ ئاوێتە و

ئاشقی دەقەکە دەبێت، خۆی لە بیر دەکات و دەچێتە پێستی نووسەرەکەوە، وەکو ئەوەی خۆی دەقەك بەرهەمبێنیٚ. هەڵبەتە بێئەوەی دڵی بێت یان ڕیٚ بە خۆی بدات بە ئاستەمیش دەسکاری دەقەکە بکات. واتە ئەو جیهانە ئەفسووناوییەی کە نووسەرەکە خوڵقاندوویەتی کەشفدەکات و دەگاتە لەزەتێکی هونەری ئەوتۆ کە بە تەنیا دەرەقەتی نەیات و ناچار بێت هونەرمەندانە بیگەیەنێتە خوێنەرو بیکات بە شەریکی ئەو لەزەتە ئەستاتیکییەو.. هەر کارێکی وەرگێڕان ئەمەی پێکرابیٚ، دەشێت بگوتریٚ مەبەست و ئامانجی پێکاوە..

وەرگێڕ سەروساختی دەگەڵ وشەدایە، هەر وشەیەکیش سیحرو سام وخەرمانەی خۆی هەیە، چەمك و مانای خۆی هەیەو بە پێی دەستەواژەو ڕستەو پەرەگراف دەگۆڕێت، و حاڵەتێکی هەستەوانی تایبەتی پەیدا دەکات و هەستیارییەکی هۆزانڤانی و خوازەیی بەرجەستە دەکات، هەڵبەتە ئەمە خۆ بە خۆو لە خۆڕا دروست نابێت. بەڵکو دەستێکی هونەری دێت، ڕەنگ و دەنگ و د ەنگدانەوەی هەر وشەیەك و ئەو ئەتمۆسفێرو خەرمانەیەی دەورەی مانای وشەی داوە، دەنگ و ئاهەنگ و تۆن و ڕیتم و پەیوەندییە هەستەوانییە پەنامەکییەی وشە لە ناو دەستەواژەدا هەیەتی، ودەستەواژە لە ناو ڕستەداو ڕستە لە ناو پەرەگراف و پەرەگراف لە ناو فەسڵ و سەراپای بەرهەمەکەدا هەیەتی، هونەرمەندانە دەهونەێنیٚ و هەنگیٚ شتێکی هەرە تایبەت دروست دەبێت و شەقڵی داهێنرەکەی وەردەگرێت و پێی دەگوترێت ستایل یان شێوازی تایبەتی نووسەر ( داهێنەر). جا ئەگەر نووسەر ئەوپەڕی ئازادی خەون و خەیاڵ و هەڵبژاردن و فانتازیاکاری هەبیٚ و بتوانیٚ زاتی خۆی لە سەرانسەری بەرهەمەکەدا بە شێوەیەکی نەدیار تۆو بدات ، ئەوا وەرگێڕ بێئەوەی ئەو ئازادییەی هەبیٚ، دەبیٚ هەمان ئەو پرۆسە هەستیارو ئاڵۆزە، لە زمانێکی دیکەدا بهونەرێنێتەوە، دەنا بەدەر لەم حاڵەتە، لەگینە وەرگێڕانێکی زانستی وشە بە وشە بەدەستەوە بدات کە لەباری توێکارییەوە تەواو لە دەقە ئەسڵەکە بچێت، بەلاٌم نەفەسی زندوویەتی تیا نابیٚ ،چونکە نەیتوانیوە هەستە فانتازی و شیعرییەکەی نووسەر بۆ خوێنەر بگوازێتەوە، ئەوپەڕی هەندیٚ زانیاری وردی لەمەڕ دەقە ئەدەبییەکە دەداتیٚ، کە مەحاڵە بەتەنیٚ دەقی ئەدەبی دروست بکات..چونکە هەستکرن بە هەموو ئەو ڕەگەزانەو شیکرنەوەی ئەو ڕەگەزانەو هەرسکرنی هەستی شیعریی نووسەر، لە مەرجە هەرە پێویستەکانی وەدیهاتنی وەرگێڕانی ئەمینە.. بەهەرحاڵ وەرگێڕ لە سەرێتی بە پارێزێکی زۆرەوە بچێتە ماڵی ئەو دەقەی گەرەکییەتی وەریبگێڕێت،واتە دەبیٚ بە میوانی نووسەرە ئەسڵەکە،و پێویستە زۆر بە وردی سەرنج و دیقەتی کون و کەلەبەر ونهێنییەکانی ماڵەکە بدات و بیداتە بەر زەین وبەجۆریٚ رەفتار بکات کە خانەخوێیەکەی زۆر بە ڕێزەوە پێشوازی بکات و لێی بێزار نەبێت.

(٥)

بێگومان کاری وەرگێڕی مەعلان دەکاتە بەشداریکردنێکی چاك لە بەرهەمهێنانەوەو دەوڵەمەندکردنی ئەدەبیاتی نیشتمانی و کەلتووری گەلەکەی خۆی.. پێشتریش ئاماژەمان بۆ

ئەوە کرد کە وەرگێڕ لەسەیتی بە باشی ئەو زمانەی کە لێوەی وەردەگێڕێت بزانێت،و زمانی دووەم، ئەو زمانەی بۆی وەردەگێڕێت گەلەك باشتر بزانێت. جا چەندیش لە هەردووك زماندا زەبەردەست و کارامە بێ، هەر نابێ فەرهەنگێن هەمە جۆرو بەکارهێنانی فەرهەنگانیش فەرامۆش بکات. چونکە وەرگێڕ دەچێتە بەرەی شەڕێکی یەکجار تووشەوەو دەبێ هەموو چەکێك بەکاربێنێ، فەرەنگیش بۆ خۆی یەکێکە لە چەکە گرنگەکانی ئەو مەیدانە. جا وەرگێڕ دەبێ هەموو جۆرە فەرهەنگێکی ئیدیۆم و زاراوەو پەندی پێشینان و قسەی نەستەق و فەرهەنگی تەکنۆلۆجی وبازرگانی، فەلسەفی، زانستی و هەموو بوارەکانی ژیارو ژیان بەکار بهێنێ و پێموایە بەکارهێنانی فەرهەنگ لە کاری وەرگێڕاندا هێندە گرینگە، هەقە وەرگێڕ وەکو ئەمەکداریی و ڕێزێك بۆ ڕەنج و ماندووبوونی خودانی ئەو فەرهەنگانەی بەکاریان دێنێ، لە کۆتایی کارەکەیدا ناوێکی بە خێریان بێنێ..

دیارە هەر زمانێك ڕەنگدانەوەی رابردوو وئێستای ئەو گەل و نەتەوەیەیە کە دروستیکردووەو خوڵقاندوویەتی، بۆیە زمان پەیوەستە بە بارو دۆخی پەرەسەندنی یاساو ڕێساو دەستورە ناوخۆییەکانی ئەو زمانەوەو لێرەوە تایبەتمەندی خۆی وەردەگرێت و ئەگەر لەهەندێ باری ڕواڵەتییەوە لە زمانانی دیکە بچێت، ئەوا لە وردەکارییەکانیدا یەجگار جیاوازە، ئەمە وا لە وەرگێڕ دەخوازێ زۆر وردبێت لە کارەکەیدا، تا دەتوانێ زاراوەی هاومانا و هاوتای وەزیفی تەواو لە هەموو حاڵەتەکاندا بدۆزێتەوەو،ئەمەش بۆ خۆی دەستپێك و سەرەتای ئەفراندنەوانی کاری وەرگێڕانە.. جا وێڕای زەروورەتی بەکارهێنانی فەرهەنگ لە کاری وەرگێڕاندا، هەموو فەرهەنگێکی ئاسایی، ماناو چەمك و خەرمانەی راستەقینەی وشە بیانییەکانمان پێنابەخشێت. بەڵام دەستمان دەگرێت و کۆمەکمان دەکات کە مەزەندەمان بچێتە سەر ماناو چەمکی دەقەکە. هەڵبەتە فەرهەنگی جووتزمانی، بە تایبەتی ئەگەر زمانی یەکەمی، زمانی دەقە وەرگێڕدراوەکە بێ، پەسندترو لەبارترە بۆ وەرگێڕ. بۆ نموونە فەرهەنگی(گۆڤەندو زنار، فارسی- کوردی)ی حەمەکەریم عارف،بۆ وەرگێڕ لە زمانی فارسییەوە بۆ کوردی خۆشدەست ترە لە هەنبانە بۆرینەکەی مامۆستا هەژاری موکریانی. خۆ ئەگەر وەرگێڕانەکە لە کوردییەوە بۆ فارسی بێ، ئەوا هەنبانە بۆرینە خۆشدەست ترو لەبارترە. بەهەر حاڵ فەرهەنگ، تەنیا چەکێکە لە چەکەکانی مەیدانی وەرگێڕان و بە تەنیا هیچ جۆرە سەرکەوتنێك دابین ناکات، بۆیە وەرگێڕی هونەرمەند لە سەرێتی بە بەردەوامی لە زمانی دووەمدا بۆ ئەو وشەو چەمکانە بگەڕێ کە هاوتای ماناو چەمکی وشەی زمانە یەکەمەکە بێ، کە لەگینە لەهیچ فەرهەنگێکدا نەبێت. بەهەرحاڵ بەکارهێنانی فەرهەنگ بە هەموو جۆرەکانییەوە لە زەروراتی کاری وەرگێڕانەو هەر وەرگێڕێك بەبێ فەرهەنگ کاری وەرگێڕان بکات ، بەهیچ پێوەرو پێوانەیەك بە وەرگێڕ دانانرێ، و وەرگێڕ جگە لە بەهرەمەندی و رۆشنبیریی ، دەبێ پەنا بۆ هەر وەسیلەیەك بەرێ کە یارمەتی بدات و کارەکەی بۆ ئاسان بکات.

وەرگێڕانی هونەری چالاکییەکی ئەفراندنەوانییە نەك تەنیا لە واری ئەدەبیدا، بەڵکو لە واری زمانەوانیشدا. بۆیە وەرگێڕان تەنیا گواستنەوەی ئامرازو کەرەستەکانی گوزارشت نییە، بەڵکو گواستنەوەی ئەرك و وەزیفەی ئەو ئامرازو کەرەستانەشە، واتە دەکاتە گواستنەوەی هەر هەموو قەوارە فیکری و سۆزداری و ئامرازو کەرەستە گوزارەییە ئەستاتیکییەکانی ناو دەقە ئەسڵەکە. ئەمەش تواناو بەهرەو ئەزموونێکی فرەی گەرەکەو بە هەموو کەس ناکرێ . چونکە هەر دەقێك لە ژینگەیەکی رۆشنبیری و مێژوویی و زمانەوانی تایبەتدا ڕسکاوەو قاڵب و شێوازی خۆی وەرگرتووە،و گواستنەوەی هەموو ئەمە بۆ ژینگەو زمانێکی دی، زانایی و هونەرمەندی و سەلیقە و بەهرەی ئەفراندنەوانی گەرەکە نە گاڵتە!.. وەرگێڕ دەبێ فرەمانایی وشەکانی زمانە ئەسڵەکە ساغ بکاتەوە، تا لەم ڕێگەیەوە بتوانێ ماناو چەمکی دروست و وردی وشەکانی ناو دەقەکە دیاری بکات، ئەمجا پێویستە لە زمانی دووەمدا بۆ هاوتایەکی زندووی ئەو وشانەی زمانی یەکەم بگەڕێ و لە کارەکەیدا بەکاری بێنێ. هەڵبەتە وەرگێڕ چەند لە هەردووك زماندا کارامەو بە تواناو شارەزاش بێ. هێشتا هەر لە هەڵە ناخەلەسێ. چونکە دەق دنیایەکی زۆر تایبەتییەو بە دەیان نهێنی بارگاوییە و هەر وا بە ئاسانی نایەتە کەشفکرن و پەی پێنابرێت.. جا ئەمە لە مەترسییە گەورەکانی وەرگێڕانە. بۆیە چۆنییەتی وەرگێڕان و پابەندی بە دەقە ئەسڵەکەوە زۆر گرنگە. چونکە وەرگێڕانی خراپ و نا ئەمین نەك هەر کتێبە وەرگێڕدراوەکە و خاوەنەکەی لە بەرچاو دەخات، بەڵکو دوور نییە خوێنەر لە خوێندنەوەی سەرلەبەری ئەدەبیاتی ئەو زمانە تەوەلا بکات!.. جا وەرگێڕانی چاك و ئەمین ئەگەر بێفایدەو سوودیش بێ ، دەتوانێ زمانی دووەم و توانای دەربڕین و گوزارەکاری زمانی دووەم دەوڵەمەند بکات..

---

***بۆ زانیاری پتر بڕوانە ئەم سەرچاوانە:***


١- فن الترجمة، ت: د.حياة شرارة، ١٩٧٩ سلسلة الموسوعة الصغيرة (٣٤)

٢- فن الترجمة فى ضوء الدراسات المقارنة، د. صفاء خلوصى

٣- پەلکە ڕەنگینە، وەزارەتی رۆشنبیری، چاپی یەکەم (٢٠٠٤) حەمەکەریم عارف

٤- اصول و مبانى ترجمة، طاهرة صفارزادە ، چاپ پنجم: زمستان ( ٧٠ )


***ژیاننامەی م.گورکی***

ماکسـیم گـۆرکی ١٨٦٨- ١٩٣٦ (نـاوی خـوازراوی ئالکسـی ماکسـیموفیچ پیشـکوف-ە، رۆمـاننوس و شانۆنامەنووسـی بـەناوبانگی رووسـییە، لـە نیـژنی نۆڤگـۆرۆدا (شـاری گـۆرکی ئێسـتا) لـە دایـك بـوو. چـوار سـاڵان بـوو کـە بابـە پـەردە فرۆشـەکەی مـرد، و لـە دەسـاڵیدا دایکیشی لە دەستدا. گۆرکی چەند ساڵێك چووە قوتابخانە، پاشان ناچار بوو بۆ وەدەست هێنـانی بژێوی دەرس و خوێنـدن تـەرك بکـات. لـە هـەموو دەرگایـەکیدا هـەموو کـارێکی وەکـو شـاگرد پینـە دۆزی، کـرد. لـە دوازدە سـاڵیدا لـە مـاڵ هـەڵات، و لـە یـەکێك لـە کەشـتییەکانی روباری ڤۆلگادا بوو بە قاپشۆری ئاشپەزخانە. ئاشچی کەشیتییەکە کـە جانتایـەکی تـەژی کتـێبی هـەبوو، هـانی کتێـب خوێنـدنـەوەی دا. پـاش ئـەوە کەوتـە کـارێن وەکـو نیگارکێشـی پورترێت، ئەکتـەری، نانـەوایی، کرێکـاری بـار ئەنـدازی کەشـتی، و میـوە فرۆشـی. لـە سـاڵی ١٨٩١دا پەیوەندی بە چالاکییە شۆڕشگێرییەکانەوە کرد، و تێکڕا سێ جاران گیرا. یەکەمین چیرۆکی لە ساڵی ١٨٩٢دا بڵاو بووەوە کە سـەرکەوتنی بەدەسـت نـەهێنا، بـەڵام ئـەو بـەردەوام بوو بە جۆرێ کـە لـە سـاڵی ١٩٠١بـە دواوە خوێنـەرێکی زۆر بـۆ بەرهـەمـەکانی پـەیدا بوون و چەندین جار چاپکرانەوە. گۆرکی لە ساڵی ١٩٠٦دا سەفەرێکی بۆ ئەمریکا کـرد تـا پیتـاك بـۆ بزووتنەوەی شۆڕشگێری کۆ بکاتـەوە. لەوێنـدەر بـە گـەرمی پێشـوازی لێکـرا، بـەڵام گـاڤێ کـە سـەفارەتی تـزار زانـی ئـەو ژنـەی لەگەڵیایـە هاوسـەری خـۆی نییـە، سەرزەنشـی کـرد. گـۆرکی بۆدوڕگەی کاپری لە ئیتاڵیا رۆیی و ماوەی حەوت ساڵانی وەکو دوور خراوەیـەکی سیاسـی لەوێندەر بەسەر برد. لەم دوڕگەیەدا قوتابخانەیەکی بۆ منداڵانی شۆڕشگێڕان و بۆ ناڕازییـانی سیاسـی پێکـەوە نـاو بـەڕێوەبرد. یـەکێك لـە قوتابیـانی قوتابخانەکـەی ئـەو یوسـیف سـتالین بوو.لـە سـاڵی ١٩١٣دا رێگـەدرا بـۆ روسیا بگەڕێتـەوە. لـە شـۆڕشی ١٩١٧دا هـەوەڵجار لەگـەڵ موخالیفـان دابـوو، بـەڵام پاشـان هاتـە سـەر رای حزبـی بولشـوفیك. لـە سـاڵی ١٩٢١ بـە هـۆی ناکۆکییەکەوە لەگەڵ لینیندا، ناچار وڵاتـی بەجێهێشـت. گـۆرکی تـا سـاڵی ١٩٢٨ی لـە ئاڵمـان بەسـەر بـرد، و ئەوسـا داوای لێکـرا بـۆ وڵاتـی خـۆی بزڤرێتـەوە. سـەرەنجام لـە گـۆرکی"١"دا (شارێکی نزیکی مۆسکۆیە کە بەناوی ئەوەوەیە) چاوی لێك نا.

## ***پەیامی گۆرکی:***

بەشی گۆرکی لە ئەدەبیاتی رووسیدا ئەمەیە کە "دنیایەکی تازەی لە جیهانی خەڵکی هـەژارو دەرکراوانی کۆمەڵایەتی (خانە بە کوڵان و کرێکاران، لۆمپـەنان، دزان و بـەرەڵڵایان، سـۆزانی و دەڵاڵان، بـادەنۆش و ئـالودان) کەشـف کـرد. پـەیامی ناراسـتەوخۆی گـۆرکی لـەم بارەیـەوە ئاشکرایە- ئاوارەو بەرەڵڵایانی سوك و سەلیم بەو روحە جوانەوە کە هەیانە، نابێ لـە یـادی بەشەریت دا فەرامۆش بکرێن، چونکە ئەم ماڵ بـە کوڵانـە قوربانیـانی سیسـتەمی کۆمەڵایـەتی ستەمکارن"، لە راستیدا بابەت و نێوەڕۆکی هەمیشەیی گۆرکی "چیرۆکی روحێکی لاڵە کە

هەوڵـدەدات بێتـە زمـان، چـیرۆکی بنیادەمـانێکی بـە سروشـت سـاغن کـە لـە کۆمەڵگـەی سەرەتاییدا بەرەڵلا بوونەو بەرەو روناکی لەپە کوتیێ دەکەن".

## بەرهەمەکانی:

گۆرکی گەلـەك کورتـە چیرۆکانی نووسـی. (یەکـەمین کـۆ چـیرۆکی کـورتی بـە نێـوی سـکێچ و چیرۆکان لـە سـاڵی ١٨٩٨دا بلاوبـووەوە، ناویـان خسـتە سـەرزاران)، "کونوڤالوڤ- ١٨٩٦"، "ئورلوف و ژنەکەی- ١٨٩٧"، "بیست و شەش پیاوو کیژێك- ١٨٩٩"، و "لـە دایك بوونی مرۆڤێك ١٩١٢" لە باشترین کورتە چیرۆکی ئەون.

لە رۆمانە هەرە زندووەکانی گۆرکی دەشێت ناوی فوما گوردیف- ١٨٩٩، سێ هاوڕێ- ١٩٠٠، و دایك- ١٩٠٧ ببرێ. گۆرکی رۆمـانێکی داستانی تـەواو نـەبووی چوار بەرگیشی هەیـە کـە ژیانی کۆمەڵایـەتی، سیاسی، و ئەدەبی روسیا لـە ماوەی چل ساڵی بـەر لـە شۆڕشی ١٩١٧ دەگێڕێتەوە. ئەم رۆمانە گەورەیە کە ژیانی کلیم سامگین-ی ناوە بریتییە لـە چوار رۆمانی جیا، تەماشاڤان ١٩٣٠، موگناتیس(١٩٣١)، ئاگرێن دیکە (١٩٣٨)، و خـەیاڵ (١٩٣٨). جگـە لەمـە باشترین بەرهـەمێن نـە چیرۆکڤانی گۆرکی ژیاننامـە سێ بەشییەکەیەتی کـە سـەردەمی منداڵی – ١٩١٣، لە نێو خەڵکیدا – ١٩١٥، رۆژانی زانکۆم- ١٩٢٣ لە خۆ دەگرێت.

لـە نێـو بەرهەمـە درامییـەکانی گۆرکیـدا، شـانۆنامانی بـۆرژوازی- ١٩٠٠، ژێـرەوە- ١٩٠٢، مناڵانی هەتاو- ١٩٠٥و دواهەمین- ١٩٠٨ لە هەموویان بەناوبانگترن.

(لە بەرهەمەکانی گۆرکی کە لە دەربەدەری و رۆژ رەشی لاوی ئەوەوە، لە باوەڕ بە هێزی گـەل و گەشبینی سـەبارەت بـە ئاینـدە و لـە ڤیانی ژیانـەوە ئیلـهامی وەردەگرت، و لـە هـەمان حاڵـدا ئاوێتـەی گیـانی شۆڕشـگێڕیی رۆمانتیـك بـوو، خسـتیانە نـاو جەرگـەی ژیـانی ئـەدەبی و رۆشـنبیریی رۆژگـاری خۆیـەوە. نووسـینەکانی خسـتە خزمـەت ئامانجـە کۆمەڵایەتییـەکانی خۆیەوە، و رێچکەو رێبازی ناسراو بە ریالیزمی سوسیالیزمی لە ئەدەبیاتدا دامەزراند)، بـە هەر حاڵ چاوخشانێکی خێرا بە دوو بەرهەمی گۆرکیدا، پەیام و شێوازی ئەو دەردەخات.

## "لە ژێری ژێرەوە"- Lower Depth:

درامایەکە دەربارەی چەند بنیادەمێکی بەدبەخت و دەربەدەر کە لە میوانخانەیەکی هـەرزان باییدا لە دەوری یەکدی خڕ بوونەتەوە. لە ناو ئەمانەدا، نەفەرێکیان دزێکە بە نێوی پیل، کە لەگەڵ ڤاسیلیسا-ی هاوسەری موڵکدارێك دا پەیوەندی ئاشقێنی پەیدا دەکات، بەڵام لێی بێ تاقەت دەبێ و حەز لە ناتاشای خوشکی ئەو دەکات. ڤاسیلیسا کە لەم بابەتە زۆر تـوڕە بـووە، بەرەبـەرە ئـۆقرە دەگرێ، و داوا لـە پیـل دەکـات مێردەکـەی بکوژێـت تـا ئـەویش پێویسـتی و فاکتـەرەکانی زەماوەنـدی ئـەم لەگـەڵ ناتاشـادا فەراهـەم بکات. پیـل پێشـنیازەکەی ڤاسیلیسا

ڕەفز دەکات، و ئەو هەراو هەنگامەیەك دەنێتەوە. پیل-ش مێردەکەی دەکوژێت. ڤاسیلیسا، پیل بە تاوان تۆمەتبار دەکات، لێ ناتاشاش تێکەڵ دەبێ، و پیل‌و ڤاسیلیسا دەکەونە زندانەوە. لەم کۆمەڵەدا یەکێکیانیش بە نەخۆشی دەردە باریکە دەمرێت، و نەفەرێکی دیکە کە ئەکتەرێکی بادە ئالودەیە، خۆی هەڵدەواسێ.

## دایك:

ئەم ڕۆمانە لەسەر تەوەری کەسایەتی دایکێك‌و کوڕە مەیخۆرەکەیەتی کە (پاش گۆڕانی حاڵی) دەبێ بە ناوك و ناوەڕۆکی سەرەکی شانەیەکی سوسیالیستی لە کارخانەیەکدا کوڕە، کە پاڤیل-ی ناوە، بە تاوانی هاندانی کرێکاران بۆ مانگرتن‌و رابەرایەتیکردنی ڕێپێوانی ڕۆژی یەکی ئایار (ڕۆژی جیهانی کرێکار) دەگیرێت‌و حوکمی دوور خستنەوە بۆ سیبریا دەدرێ. دایکەکە وەکو ئەرکی دایکایەتی، دەکەوێتە دابەشکردنی بەیاننامە شۆڕشگێڕییەکانی کوڕەکەی. مامورانی تزار بە بەیاننامەکانەوە دەیگرن، بێدەنگی دەکەن‌و شلکوتی مەرگی دەکەن.

## کورتەیەکی ڕەخنەکان:

هەر چەندە چیرۆکەکانی گۆرکی هەژێنەر و گورچکبڕن، بەڵام زۆر دوور دێتە بەرچاو کە بەرهەمی نەمربن. چ گومانێك نییە کە گۆرکی پەیامێکی هەبوو، بەڵام ئەم پەیامە سنووردار و پەیوەست بوو بەزەمانی خۆیەوە، و ئاشکرایە کەبەهرەو بلیمەتیشی هەبوو، بەڵام لە پایەی هونەرمەندی دا زۆر شتی کەم بوو. بەرهەمەکانی کاوێژکردنەوەی یەکترن. وێنەکانی ریالیستیانە نین، بەڵکو ئایدیالی یا موبالەغە ئامێزن.
بنیادەمە ئاوارەو چەورەو شەلاتییەکانی لە ڕادەبەدەر زیرەك‌و هوشیارن، بۆ نموونە دایکەکە (قارەمانی سەرەکی ڕۆمانێکە بە هەمان ناو کە پێشتر باس کرا) ژنێکی واقیعی وەکو خەڵکی نییە، بەڵکو حەزو کەماڵخوازی گۆرکی لەمەڕ دایکێك دەنوێنێ کە لە نێو ڕەنجبەرانەوە هەستابێ. گۆرکی لە شێوەی پەرداخ‌و تەکنیکدا "گیرۆدەی ناڕەوانیو بێ سەرو بەرییەکەی دۆستۆفسکییە، بێ ئەوەی گەرم‌و گوڕی ڤیانی برایانەی ئەوی هەبێ".
ڕەنگە فلپس نا هەقی نەبێ کە دەڵێت: "گۆرکی بە خێرایی موشەك دەردەچوو، بەڵام شێوەی هاتنە خوارەوەی ئاسایی بوو".

## ژێدەران:

١- له گۆرکی: هەمان نیژنی نوڤگورود-ی جارانە، واتە زاگەی گۆرکی، کە پاش شۆڕشی گەورە وەکو ڕێزنان لە کۆششی وی لە ڕێگەی شۆڕشی روسیادا ناونرا گۆرکی. وا دیارە نووسەری کتێبەکە ئەم دووانەی بە جیاواز زانیوە.

# شاعیرو سیاسەتوان

گێـژاوێك لـە نێـوان لـنین و گـۆركی دا زاری كردبـووەوە، و لـە هـەمان كاتیشـدا پردێكـی دۆسـتایەتی و ستایشـیش لـە سـەر ئـەم گێـژاوە هەڵبەسـترا بـوو- دۆسـتایەتی و ستایشـێكی راسـتەقینە كـە پێموایـە لـە هـەردووك لاوە بـوو. بـەڵام پردەكـە، وەكـو گوزەرگەیـەك لـە تـەنافێكی ڕایـەڵكراوی سـەر دۆڵێكی نێـو جەنگـەڵ و بێشـەیەكی پڕباران، بناغـەیەكی سسـت وبـێ متمانـەی هەبوو. لنین دەیوت: "دۆستایەتی بە جێی خۆ، و وەزیفەو ئەرك بە جێی خۆی" ( لە نامەیـەكی لنینەوە بۆ گۆركی، ١٩١٣ وەرگیراوە)چونكە هەردووكیان لە راستیدا وەزیفەیان پێ لە پێشتر بوو لـە دۆسـتایەتی، ئـەم پـردە لـەق و بناخەسسـتە بـەردەوام هەرەسـی دێنـاو دەكەوتـە گـەرووی گێژاوەكەوە.

لێ ئـەم گێـژاوەش، وەكـو دۆسـتایەتییەكەیان، ڕاسـتەقینە بـوو، هێنـدە قـووڵ بـوو كـە جیـاوازی نێوان هـەردووكیانی بـە دیار دەخسـت: جیـاوازی تەبیعـەت و ڕەواڵـەتیان، جیـاوازی تێگەییشتن و دەركیـان بـۆ مـرۆڤ و چارەنووسـی مـرۆڤ، جیـاوازی باوەڕبوونیـان بـە سیاسـەت و حیزبایـەتی، جیاوازی رەفتاریـان لەمـەڕ خۆیبـوونی هونەرمەنـد، لەمـەڕ پەیوەنـدی هونەرمەنـد بـە چینەكانی كۆمەڵەوە. جیاوازیان لەمەڕ دەزگاكانی كۆنترۆڵ و سانسۆر، جیاوازی بیرو بۆچوونیان دەربارەی رۆڵی ئەدەبیات و هونـەر لـە ڕێكخستنی ژیـان و پـەیامی ئـەدەبیات و هونـەر لـە ژیانـدا، بـە كورتی جیاوازیان لەو شتانەدا كە دەشێت نێوی باوەڕی مەزەبی هەردووكیانی لێبنرێ.

گۆركی بەجددی حـەزی لـە سیاسـەت نـەدەكرد و لـنین شـەیداو ئاشقی سیاسـەت بـوو. گـۆركی وێـڕای ئـەو لاوازییـەی كـە لـە گێڕانـەوەی پەندئاسـای پەنـدی خـەڵكانی دی دا لـە چیرۆك و شانۆنامەكانیدا هەیبوو، وێڕای درێژدادڕی وەعزامێزی دوا ساڵەكانی تەمەنی، هونەرمەنـدێكی واقیعی و راستەقینە بوو.بەڵام لنین سەرباری بیرەوەری پڕسۆزی دەربارەی ئـەدەبیاتی كلاسیك ، كە بە منداڵی خوێندبووی، سیاسـەتوانێك بوو پڕ بەمانای وشـە.لنین باوەڕێكی چەسپاوی بە چین، بە خەباتی چینایەتی، بە دكتاتۆریـەت، بـە حیـزب ،و بـە خـۆی وەكـو مێژووسازو داینـەمۆی مێژوو هەبوو. گۆركی ئاشقێنی دەگـەڵ ئازادی، ڕەهایی توانـای هونـەرو زانست وپیرۆزی مرۆڤدا دەكرد.

كاتێ گۆركی بە ئازادی باسی كەڵكەڵەو ئارەزووە ئەدەبی و مەعنەوییەكانی خۆی دەكرد، لـنین تـوڕە دەبـوو. نـەك لەبـەر ئـەوەی كـە ئـەو مەعنەویاتانـە ئاسـیویان بـە حیكایـەت و ئەفسـانەكان دەگەیاند، بەڵكو لەبەر ئەوەی كە ئەو جۆرە ئاكارو ئەخلاقیاتانـە، بـەلای لنینـەوە نادروستبوون. ئەو باوەڕو بۆچوونانەی كە لە هزرو ئەفراندنەكانی گۆركی دا شەپۆلیان دەدا، لە نۆڕینی لنینـەوە چەپەڵ و دزێو بوون.لنین ئەم بۆچوونەی لە نامە توندو گفتوگۆ گازاندە ئامێزەكانیا بۆ گۆركی و لەگەڵ گۆركی دا دەر بڕیوە. لەگەڵ هەموو ئەمەشدا یەجگار پابەندی ئەوەش بووە كە بـە ئاشـكرا هێرش نەكاتە سەر گۆركی.لـنین لـە گفتوگۆیـەكی دا دەگـەڵ (ئینسـا ئارمـان)دا " ئەمـە ئافرەتێكی

جوانی فەرەنسی بوو ، کاتێ کە لنین لە پاریس بوو پەیوەندی ئاشقێنی لـە گەڵیدا هـەبوو"زۆر بـە توندی گۆرکی بە " گوێرەکەی حەقیر" ناو دەبات،لە نامەیەکیدا بۆ (شلیاپینیکۆف) دەنووسێت: "مایەی داخە کە گۆرکی بە خوێندنەوە ی کاغەزە شڕو چەپەڵەکانی لیبراڵـی روسـی و هاوئاواز بـوون لەگـەڵ ئەوانـەدا ،حـەیاو حورمـەتی خـۆی لەکـەدار دەکـات."( ئەمـە ئاماژەیـە بـۆ نامەیـەکی کراوەی هونەرمەنـدان، نووسـەران و ئەکتـەران، دژی ئـەو کـارو رەفتـارە دڕندانـەو شـەڕانیانەی کـە ئەڵەمانەکان لە زەمانی جەنگدا دەیانکرد.)و "گۆرکی هەرگیز لە سیاسەتدا پرەنسیپ وڕ یبازێکی دیـاری نییـەو هەمیشـە ئەسـیرو دیلـی سروشـتو خـوو هەسـتەکانی خۆیـەتی." کـاتێ لـنین لـە هەلوێسـتیکی دەگمەنـدا بەئاشـکرا- لـە سۆنگەی ئـەو نامـە کراوەیـەدا کـە گـۆرکی بـۆ حکومـەتی نوسی بـوو، و داوای لـە حکومـەت کردبـوو کـە کـار بـۆ ئاشتییەکی موحتەرەمانـە و خێـرا بکـات- زمـانی سەرزەنشـتی لـە گـۆرکی کـردەوە، لـەو نامەیەشـدا هـەوڵی دابـوو رەخنـەکانی خـۆی بـە پێشەکییەکی ستایشامێز بڕازێنێتەوە: " گومان لەوەدا نییە گۆرکی بەهرەو توانایەکی سەیری لە بواری هونەردا هەیە کە یەکجار بە سوودە و دەکرێت لە دنیای تەڤگەری پرۆلیتاریاییدا، سوودی باشی لێوەربگیرێ، بەڵام گۆرکی لە واری سیاسە تدا بۆ ئەوەندە پەریشان و ڕاڕایە؟"

گـۆرکی لـەو لۆمـەو گازاندانـەی دا، کـە لـە نامـە تایبەتییەکانیـدا لـە لنینـی دەکـرد، هێـدی تـرو نەرمتر بوو. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا چ کەسێك وەکو گۆرکی ، لە ڕۆژنامەو بلاڤۆکاندا، لەسەر ئەو کـارە تونـدو موبالەغەئامێزانـەی کـە بـە بۆچـوونی هونەرمەنـدێکی وەکـو گـۆرکی نامرۆڤـانی یـان زیانبـەخش دەهاتنـە بەرچـاو، رەخنـەی لـە لـنین نـەگرتووە. لـە سـاڵانی پـڕ خەتـەرو هەسـتیاری ١٩١٧-١٩١٨دا کـە لـنین تـازە دەسـەڵاتی گرتبـووە دەسـت و بـە گـوێرەی پرەنسـیپە بنجـبڕ و توندەکانی خۆی بەکاری دەهێنا، مەکسیم گۆرکی ، ڕۆژانـە ولـە نێـودارترین رۆژنامـەی روسـیادا ، ڕەخنەی زۆر توندو کاریگەری لە ڕێبەری بەلشەویکان دەگـرت- لـە رۆژنامـەی نۆڤایـاجیزن"دا کـە بـەرپرس و بڵاوکەرەوەکـەی گـۆرکی بـوو. بـە درێـژایی مـاوەی نێـوان نیـوەی دووەمـی سـاڵی ١٩١٧و نیوەی یەکەمی ساڵی ١٩١٨ رەخنـەو ڕەخنەکارییـەکی زۆر ئاگرینی قورس لـە نێوانیانـدا بەردەوام بوو، دیارە ئەم ڕەخنەکارییە هێندە راستـەوخۆو وردو توند بوو کە لنین- دوای ئـەوەی هـەمو تـەگبیرە ئاسـیوییە ژێـراو ژێرەکـان شکسـتی هێنـا- لـە ئـەنجاما رۆژنامەکـەی بـە تـۆبزی داخست.

دامودەزگـای زەبـەلاحی راگەیانـدن و پرۆپاگەنـدەی دەوڵـەتی زۆر توانـاداری جیهـان ،بـەجۆرێ حەقیقەتەکانی خستە روو وتێکەڵ بە ئەفسانانی کرد کە خوێنەوارێکی ئاسایی، نەك لە روسیادا بەڵکو لە سەرانسەری جیهاندا، لەم ناکۆکیانە بێ ئاگا مایەوە. مەبەستی ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەوەیە کـە پـەردە لەسـەر لایەنـە جـۆراو جۆرەکـانی ئـەم دیمەنـە لابـدەین و وێنـەی ڕاستـەقینەی ماکسـیم گۆرکی وەکو هونەرمەند و هزرڤانێکی هەستیار بنوێنین ،و پـەردە لەسـەر حەقیقـەتی دۆسـتایەتی شێواو پڕ هەورازو نشێوی نێوان لنین و گۆرکی لابدەین..

هزرڤانانی سۆڤیەتی، بەگوێرەی دەستوور، هەندێ بەشی فرە گرنگ و تایبـەتی و دیـاری ژیـان و بەرهەمی گۆرکییان سانسۆر کردووە. لە ساڵانی ١٩٤٩-١٩٥٠دا سی بەرگ گوایـە لـە سـەرجەم

بەرهـەمێن گـۆرکی، بـە سەرپەرشـتی و بـەرعۆدەیی بنکـەی ئـەدەبیاتی جیهـانیی گـۆرکی چـاپ و بڵاوکرایەوە. بەڵام هەوڵی بێهودە دەدەین گەر لە نێو ئەم کۆبەرهەمە سی بەرگییەدا بۆ ئەو کتێبە بچووکە بگەڕێین کە بریتییە لەو گوتارە  توند وتیژانەی کە گۆرکی یەکەمجار لە ساڵی ۱۹۱۷دا لـە عەلـەیی لـنین نووسـی وپاشـان لەگـەڵ هەنـدێ وتـاری تـری گـۆرکی دا کـە لـە سـتوونی ڕۆژنامـەی نۆڤایاجیزن دا بـەناوی خۆیـەوە بـڵاوی کردبوونـەوەو لەسـاڵی ۱۹۲۰دا بـە نامیلکەیـەك بـە نێـوی " شـۆڕش و کـەلتوور" بـڵاو بـووەوە. هـەروەها هـیچ هـەواڵێك لـە نامیلکەیـەکی تـری گـۆرکی ،کـە بەهەمان ئەندازەی نامیلکەی یەکەم توندو تیژو چزودارەو لـە سـاڵی ۱۹۲۲دا بـە زمـانی روسـی لـە لایـەن گۆرکییـەوە بـە نـاوی " دەربـارەی جووتیـارانی روسـییە" بـڵاو بووەوە،لـەم کۆبەرهەمـە سـی بەرگییەدا نییە.

گـۆرکیش وەکـو زامیـاتین و کتێبەکـەی (ئێمـەو پاسـترناك) و کتێبـی دکتـۆر زیڤـاگۆ و مینـا سینیاڤسکی، دانیال، ویەسەنین ڤۆلپین، ناچار بوو ئەم بەرهەمانـەی خـۆی لـە دەرێـی روسـیادا بـە چاپبگەیەنێ.بڵاوکەرەوەی بەرهەمـەکانی گـۆرکی،دەزگـای پـەخشـی سوسیالیسـتی روسـی بـوو کـە هـی (لادیشـنیۆف) بـوو ، ئـەم دەزگایـە هەنـدێ بەرهـەمی گـۆرکی بـە زمـانی روسـی لـە بـەرلین بڵاوکردەوە، چونکە مەحاڵ بوو ئـەو بەرهەمانـە لـە زەمـەنی نیکـۆلای دووەمـدا لـە روسـیای زاگـەی گۆرکی هونەرمەندا بڵاو ببنەوە. ئێستاش لە روسیای تازەدا بە ڕێبەرایەتی لنینی برادەری ، داوا لە گۆرکی دەکراسەبارەت بـەو بەرهەمانـەی هـەمان چارەنووسـی ئەوسایان هـەبوو، هـەمان رەفتـار بگرێتەوە بەر ( لە کۆبەرهەمەکانی گۆرکی دا کـە زۆر کـەڕەت چـاپ بوونەتـەوە هـیچ کاتێـك جووتـە نامیلکەی "شۆڕش و کەلتوور" و "دەربارەی جووتیارانی روسییە"چاپ نەبوون.)

لـە سـاڵانی ۱۹۵۸- ۱۹٦۰دا زانسـتەکانی سـۆڤیەتی و بنکـەی ئـەدەبیاتی جیهـانی گــۆرکی، بەیەکــەوە کۆبەرهــەمێکی چــوار بــەرگی ئەســتووریان بــە نێــوی (ژیــان و بەرهەمــە داهێنراوەکـانی ئـا.م. گـۆرکی) بـە پێـی ریزبەنـدی رووداوە مێژووییـەکان، بـڵاو کـردەوە، بـەم مەبەسـتەی نیشـانەنمایەکی رووداوە رۆژانـەکانی ژیـانی گـۆرکی لـە منداڵییـەوە تـا مردنـی بێـت لەگـەڵ کورتـە شـرۆڤەیەکدا دەربارەی ئەو رووداوانە. مەبەسـت ئەمـە بـووە هەرچییەك لـە قەڵـەمی گـۆرکی هاتووەتـە خـوارێ و هەرنامەیـەك کـە نووسـیوویەتی یـان بـۆی هـاتووە ،لـەو کۆبەرهەمـەدا گردبکرێتـەوە. لـەم کۆبەرهەمـەدا، زۆر بـە کـورتی نـاوی ئـەو گوتارانـەی گـۆرکی کـە لـە ۱۹۱۷- ۱۹۱۸دا لـە عەلـەیی لـنین نووسـراون و پاشـان لـە سـاڵی ۱۹۲۰دا لـە نامیلکەیەکدا دژی دەسـەڵات وەرگرتنی بەلشەویکەکان ئامادەو کۆکراونەتەوە، براوە، بێئەوەی پوختەیەکی یان بابـەتێکی ئـەو وتارانە تۆمار بکرێ یان ئاماژەیەك بەوە بکرێ کە ئەو وتارانە ڕاستەو خـۆ دژی لـنین نووسـراون و گـۆرکی زۆر لـە بـیری ئـەوەدا بـووە ئـەو گوتارانـە، لەسـاڵی ۱۹۲۰دا، لـە شـێوەی کتێبێکـدا بـڵاو بکاتەوە. ناوی ئەم کتێبە لەم کۆبەرهەمەدا نەهاتووە، وەکو چۆن لـە کۆبەرهەمـە سـی بەرگییەکـەی گۆرکیش دا ناوی نەهاتووە. لە کاتێکا هەر عینوانێکی ئـەم کۆبەرهەمـە چواربەرگییە بـە یـەك دوو دێڕان شەرح و شـرۆڤە کـراون، ئـەم دوو گوتـارە تـەنیا نـاوە وشـك و بێماناکانیـان، بـێ چ داخۆیـان وشرۆڤەیەك هاتووە.

بۆ وێنە لە ژێر بابەتی ١٩١٨/١/٩دا نووسراوە: "٥-٩ کانوونی دووەم، نۆڤایا جیزن، ژمارە، ٦" چۆن بە خوێندنەوەی ئەو دەستە واژانە پەی بەوە دەبرێت کە مەبەست بەراوردکردنی ئەو وێرانی و تالآنییەیە کە لە ئەنجامی کردەوەی هێزەکانی تزارو تەقەکردنیان لە کرێکارانی بێ چەك لە ١/٩/ ١٩٠٥دا کە بە ((یەك شەممەی خوێناوی))ناسراوە، دروست بوو، لەگەڵ تەقەکردنی گاردی سووری لنین لە کرێکارانی بێ چەك لە ١٩١٨/١/٥دا، لەو دەمەدا کە بۆ پیرۆزبایی لە نوێنەرانی هەڵبژاردەی خۆ و دەربڕینی رێز لە ئەنجومەنی دامەزرێنەران، لە سایەی ئالآی سووردا رێیان دەکرد؟

یا سەبارەت بەم بابەتەی کە لەژێر سەرناڤی ١٩١٨/٧/١٦دا نووسراوە: "داخستنی ڕۆژنامەی نۆڤایا جیزن" چۆن دەزانرێ کە گۆرکی بەخۆی لەوەیە لەبەر بێ پارەیی یا بێتاقەتی دای نەخستووە، بەڵکو بە فەرمانی لنین و لە لایەن مامورانی پۆلیسەوە بە تۆبزی دایان خستووە؟( سەیر لەوەدایە کە هەر لە ژێر ئەم سەرناڤەدا بە شێوەیەکی زانستانەی درۆینە و بۆ چەواشەکردنی زەینان، باسێکی داخستنی رۆژنامەیەکی دیکەش لە رۆژانی دواتردا، هاتووەتە ئاراوە.)

تا پتر لە چاپە جۆراو جۆرەکانی بەرهەمی گۆرکی وردببینەوە، کە لە ژێر سەرناڤانی "کۆبەرهەم" "جەڵدەکانی ئەرشیفی گۆرکی" "بەرهەمێن هەڵبژاردە" "نوسینێن تایبەتی" " بلآوکراوە" " ناسلدستڤۆ" (بلآوکراوەیەکی مێژوویی ،ئەدەبی،کۆمەڵآیەتی بوو کە لە لایەن بنکەی ئەدەبیاتی جیهانی گۆرکییەوە بلآو دەبووەوە.) بلآو بوونەتەوە ،ئەم جۆرە غەفڵەتکارییانە زیاتر دەردەکەون.بۆ نموونە دەتوانرێ باسی رەفتاری گۆرکی سەبارەت بە ئەمریکا،کە لە ئاکامی بابەتێکی هەستیارەوە هاتەپێشێ بکرێ. مەسەلەکە بەمجۆرەیە: گۆرکی ، لە ساڵی ١٩٠٦دا بۆ کۆکردنەوەی پیتاك و کۆمەك بۆ شۆڕشگێڕان، سەفەرێکی نیویۆرکی کرد. سەفیری تزار بە ڕۆژنامەنووسانی ڕاگەیاند کە ئانریڤای ئەکتەر، کە لەگەڵ گۆرکی دا بوو ، هاوسەری نییە، بەڵکو گۆرکی هاوسەری یاسایی هەیەو ناوی پشکۆڤایەو لە روسیایە، هەڵبەتە ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە نەتوانێ سەفەرەکەی بکات و ژیانی لێتاڵ کرد.(گۆرکی و هاوسەرەکەی دۆستانە، لێ نە بەشێوەی یاسایی، لێکدی جودا بووبوونەوە. ) گۆرکی چونکە جڵەوی قەڵەمەکەی لە دەستی دڵیدایە،لە حاڵەتی توڕەییدا، بەبلآوکردنەوەی چەند گوتارێك،هێرشێکی توندی کردە سەر ئەمریکاو گەییە ئەم ئەنجامگیرییە: " من دەتوانم یە ملیۆن وشە دەربارەی ئەمریکا بنووسم و تاقە وشەیەکی خۆشی تێدا نەبێ." بەلآم کاتێ ئەمریکا کۆمەك و هاوکارییەکی بێدرێغیمیلیۆنان روسی دووچاری قاتی و برسێتی سەرەتاکانی ساڵی ١٩٢٠ی کرد، گۆرکی دیسان بە زمانی دڵ، کە حوکمڕانی ئەوە، قەڵەمی خستە کارو چەند بابەتێکی لەمەڕ ستایشو ئافەرینی رێکخراوی رزگاریی ئەمریکاو هیربیرت هووڤەری سەرۆکی کرد. بۆ نموونە لە ١٩٢٢/٧/٣٠دا لە نامەیەکدا بۆ هووڤەری نووسی کە چۆن گیانی ملیۆنان زارۆك، هەزاران خوێندکار و سەدان رۆشنبیری رزگار کردووە،بەم ئەنجامگیرییە کۆتایی بە نامەکەی هێنابوو کە: "لە درێژایی مێژووی ڕەنجی بەشەریدا، هیچ هەنگاونانێك شك نابەم کە بتوانرێ لەگەڵ گەورەیی و سەخاوەتی ئەو پیتاك و

کۆمەکەدا بەراورد بکرێ کە تۆ پێشکەشت کرد...لە کاتێکدا مۆرڤان بەمجۆرە ئاتاجی بەزەیی و کەرەمن، ئەم هەڵوێستە لە لاپەڕەکانی مێژوودا، بە گەورە، شکۆدار،و تایبەت تۆمار دەبێت و بۆ ماوەیەکی درێژ لە هزرو بیری ملێونان کەسدا دەمێنێتەوە.. لە بیری ئەوانەدا کە لە مەرگت رزگار کردن. بیرهێنانەوەی ئەم فیداکاری و لە خۆبردەییەی ئەمریکا، کار لەم منداڵانە دەکات و بە نێرو مێیانەوە بەخشندەترو جوامێرتریان دەکات.

نەك هەر ئەم پەخشانە جوان و ڕەوانەی گۆرکی ، بەڵکو هەندێ بڵاوکراوەی دیکەشی، لەوانە کتێبی "شاری ئەهریمەنی زەرد" کە چەندین جار لە لایەن دەوڵەتی سۆڤییە تییەوە بە زمانی هەمەجۆر چاپکراوەتەوە، رەنگدانەوەی جەوهەرو کرۆکی ئەو وێنەیەیە کە گۆرکی لە زەین و دڵی خۆیدا لەمەڕ ئەمریکا کێشاویەتی و ڕوانینی ئەو سەبارەت بەو وڵاتە نیشان دەدات.ئەم گوتارەو گوتارێکی دیکەی بۆ کرێکارانی مەزرای (ئەی ئاڕ ئەی) "ئەو قارەمانانەی کە لەمەیدانی بەرینی مەرگدا، لە ناوجەرگەی پەتاو، دڵڕەقی و دڕندەییدا، ئەرکی خۆیان زۆر بە چاکی ئەنجام دا" هەرگیز لە روسیادا بڵاو نەبووەوە.( گوتاری یەکەم لە ئەرشیفی دەزگای هووڤەری زانستگەی ئەستاتفورددا پارێزراوەو دووەمیان یەکەمجار لە نۆڤی جۆرنالْ، لە نیویۆرك، لە ساڵی ١٩٦٦دا بڵاوبووەتەوە. لا٢٨٥-٢٨٧.)

ئەمەیە رێو رەسم و شێوەی بڵاوکردنەوە لە روسیادا دەربارەی ژیان و بەرهەمی گۆرکی کە لە لایەن زانایانەوە بۆ زانایان بڵاو دەکرێتەوە. بەڵام نابێ لۆمەی زانایانی روسیا بکرێ کە زۆربەیان لە ڕای فێرکردنی ئەدەبیات و حەقیقەتی زانستی پەتیدا فیداکاریان کردووە، چونکە لە هەر کۆڕو گروپێکی ئەدەبیدا نوێنەرێکی حیزب و پۆلیس هەیە ودەربارەی بابەتی گومان هەڵگرو مایەی جیاوازی بۆچوون، پرەنسیپ و یاسای باو ئەمەیە:" یەك پیاو، یەك قسە" و تەنیا کەسێك کە مافی ڕادەربڕینی هەیە ئەو نوێنەرەی حیزب و پۆلیسە.

بۆ خوێنەری ئاسایی ، مەسەلەکە لەمەش ئاسانترە وەکو چۆن بۆ نموونە "لە نەوەدەمین ساڵیادی لە دایکبوونی گۆرکی دا،رۆژنامەی (لیتراتۆرنایا گازاتا) پێمان دەڵێت: "گۆرکی بێوچان پرەنسیپی خەبات، ئایدۆلۆجی بەرزو گیانی حیزبایەتی لە نووسینەکانی خۆیدا بە هەموو هەست و سۆزو ئەشق و فیداکاری هونەرمەندێکەوە کە چارەنووسی خۆی بە حیزبی کۆمۆنیستەوە بە ستووەتەوە، بەرجەستە کردووەو هەموو بەهرەو توانای بە بڕشتی خۆی بۆ خزمەتی گەلی سۆڤییەت و دەوڵەتی سۆڤییەتی تەرخان کردووە."

جگە لەوانە،رایۆرانی گشتی تر بە جۆرێکی بنجبڕتر ئیدیعا دەکەن کە گۆرکی: "لەو بزوتنەوە شۆرشگێڕییەدا بوو بە نووسەر کە لنین و ستالین بە ڕێوەیان دەبرد" و گۆرکی " بە درێژایی تەمەنی خۆی دۆست و هاوڕێی هەر یەکێك" لەو جووتە ڕێبەرە بوو.

ئەمەیە ئەفسانەی ئەو رەسمەی کە بە زەبری کتێبان و پرۆپاگەندەو،ئەو دەسەڵاتە بەردەوامەی کە لە پشتیانەوە بوو ، نەك هەر لە روسیادا، بەڵکو لە سەرانسەری جیهاندا*( ئەنسکلۆپیدیای بەریتانیا دەربارەی گۆرکی دەنووسێت: گۆرکی لە ساڵی ١٩١٧دا پشتیوانی لە بەلشەویکەکان

کرد، لێ لە ساڵانی ١٩١٧-١٩١٨دا زۆر بە توندی دژی بەلشەویزم ڕابوو.) زەینی زۆربەی خەڵکی بەهەڵەدا برد و حەقیقەت ئاوەژوو بووەوە.

---

سەرچاوە: گورکی ولنین ،نوشتە:برنزام د. ولف، ترجمە: دکتر احمد شهسا،چاپ اول:١٣٦٤

# ئامانجی ئەدەبیات

شەو بوو کە لە کۆڕی دۆستان، لەو شوێنەی کە دوا چیرۆکی چاپکراوی خۆم تیا خوێندبووەوە، هاتمە دەرێ. کەوتمە سەر شەقامەکە. لە ئەنجامی ئەو هەموو پێیا هەڵدانەی چیرۆکەکەم لە لایەن ئەوانەوە، هەڵچوونێکی ئاساییم لێنیشتبوو. هێدی هێدی بە شەقامە چۆڵو کپەکەدا هەنگاوم دەنا. بۆ یەکەمین جار لە ژیانما تا ئەم ڕادەیە لە چالاکی ژیان سەرمەست بووبووم.

مانگی شوبات بوو. شەوێکی ساف و بێگەرد بوو. ستێران بە چڕی ئاسمانی سافیان نەخشاندبوو. زەوی رازاوەترین بەرگی بەفری تازەی پۆشی بوو. کزە سەرمایەکی لاسار لە ئاسمانەوە بەرەو زەوی دادەکشا. لقی درەختان لسەر دیوارەکانەوە سەریان کێشا بوو. پروشە بەفرە بێگەردەکان، لەبەر تریفەی شینباوی مانگدا بە شێوەیەکی سەیر دەدرەوشانەوە. دنیا کپ و بێدەنگ بوو. دەنگی خرمە خرمی بەفرەکەی ژێر پێم تاقە سەدایەك بوو کە بێدەنگی سامناکی ئەم شەوە رۆشنەی دەشڵەقاند. بیرم کردەوە: چەند خۆشە مرۆڤ لە دنیادا، لە نێو مەردمدا نرخ و بایەخێکی هەبێ!.

ئەم خەیاڵو ئەندێشەیە ئایندەیەکی پرشنگدارو ڕوناکی لەبەردەممدا بەرجەستە دەکرد. زەلامێکی کورتەبنە کە جلێکی شینی تۆخی لەبەردا بوو، خۆی گەیاندمێ و شان بە شانم کەوتە ڕێ. بزەیەکی زندوو وکاریگەر نیشتبووە سەر لێوەکانی و سەراپای دەپشکنیم. ئازای گیانی کاریگەر بوو: نیگاکانی، گۆناکانی، چەناگەی، ڕدێنە زبرەکەی. ئازای ئەندامی چابکو بچووکی بەو قسە سەیرانەیەوە وەکو مێخ لە چاو دەچەقی. بەشێوەیەکی ئەوەندە کپ و مات ڕێی دەکرد، دەتگوت بەسەر بەفرەکەدا دەخلیسکێ . لەو شوێنەدا کە چیرۆکەکەم دەخوێندەوە ئەوم نەبینی بوو. بۆیە بە ژنەفتنی دەنگی سەرسام بوو بووم: ئەم زەلامە کێ بوو؟ لە کوێوە پەیدا بوو بوو؟ لێم پرسی: تۆش گوێگر بوویت؟

– بەڵێ، لەزەتیشم لێی وەرگرت.

بە دەنگێکی گڕ و قەبە قسانی دەکرد .لێوەکانی تەنك بوون. سمێڵە ڕەشە بچکۆلەکەی، بزەکەی سەر لێوی داناپۆشی. ئەم زەردەخەنەیەی کە لەسەر لێوی ئاوا نابوو، کارێکی ناجۆری لێکردم. هەستمکرد بیرێکی چزودارو ڕەخنە ئامێز لە پشت ئەم زەردە خەنەیەوە خۆی مەڵاس داوە: بەڵام هێندە بە کەیف و بە دەماخ بوو بووم، نەمتوانی گوێ بەو سیمایەی بدەم. زەردەخەنەکەی وەکو سێبەرێکی تەمەن کورت و خێرا لە بەرچاوم وون بوو. خۆی لەبەردەم کەیف و شادییەکەمدا نەگرت. شان بە شانی ئەو ڕێم دەکرد. چاوەڕوان بووم بزانم چی دەڵێت. لە دڵی خۆدا بەتەمای ئەوە بووم مەڵۆیەکی دی بخاتە سەر خەرمانی ئەو شادییەی کە ئەوشۆ دەستم کەوتبوو: مرۆڤ تینووی ستایش و پێدا هەڵدانە. چونکە چارەنووس بە دەگمەن لە رووی دڵسۆزییەوە بە دەمییەوە پێدەکەنێ.

هاوڕێکەم پرسی: لە ڕاستیدا خۆشە مرۆڤ هەست بکات کە لە خەڵکانی دی لێهاتووترە، نەوەسایە؟

هەستم بە چ شتێکی تایبەتی لە پرسیارەکەیدا نەکرد. بە پەلە ڕەزامەندی خۆم بۆ دەربڕی.

ئەو، دەستە چکۆلەکانی کە بە قامکانی کووڕو لاواز کۆتاییان هاتبوو، بە چەشنە توڕەییەکەوە پێکدا ماڵین. خەندەیەکی چزوداری کرد:ها، ها، ها..!

لە خەندەکەی ڕەنجام. بەساردییەکەوە وتم: – تۆ کەسێکی زۆر حەز بە مناقەشە دەکەی!

– بەڵێ، کەسێکی ئاشقە مناقەشەم، زۆریش قوڵ دەبمکەوە.. هەمیشە گەرەکمە حاڵی ببم و سەر لە هەموو شتێك دەربکەم. ئەمە هەوڵ و کۆششی بەردەوامی منە. هەر ئەمەش زانم وەبەردەخات. بەم هۆیەشەوەیە کە هەنووکە دەمەوێ بزانم ئەم سەرکەوتنە بە چەند لەسەرت تەواو بووە!.

نیگایەکم کردو بە بێ مەیلییەوە وتم:– بە نزیکەی یەك مانگ کارکردن... ڕەنگە کەمێکیش زیاتر...

بە پەلە قسەکەی لەزار سەندمەوەو وتی:– ئۆه، هەندێك زەحمەت و پاشان بڕێك تەجرەبەی ژیان کە هەمیشە بایەخێکی زۆری نیە، لێ لە هەمان کاتدا بێنرخ و بێبایەخش نییە، چونکە تۆ بەم نرخە ئەم بەخششە زۆرە دەبەیتەوە کە حاڵی حازر هەزاران کەس لەگەڵ خوێنندنەوەی بەرهەمی تۆ، لەگەڵ بیری تۆدا دەژین، جگە لەوەش ئومێدی ئەوە پەیدا دەبێ کە ڕەنگە لەگەڵ تێپەڕبوونی زەماندا... ها، ها، ها! کاتێ کە تۆش بمری... ها، ها، ها!..لێ لە بەرانبەر ئەم هەموو ئارەزووانەدا، ئەم هەموو حەزانەدا، دەکرێ پتر لەوەی داوتە پێیمان، بماندەیتێ... باوەڕ ناکەیت؟

هەمدیس خەندەیەکی پچڕپچڕی چزوداری کرد. چاوە تیژو ڕەشەکانی بە سەراپاما گێڕا. منیش سەراپایم خستە ژێر نیگای تەماشا کردنەوەو بە ڕەنجاوی و ساردییەوە پرسیم:– ببورە ،مۆڵەتم دەدەی بپرسم کە شەرەفی ئاخافتنم دەگەڵ کێدایە؟

– من کێم؟ بەمەزەندە نازانی؟ کەواتە نامەوێ پێت بڵێم من کێم. بۆچی بەڕای تۆ زانینی ناوی کەسەکە لەو شتە گرنگترە کە پێتی دەڵێت؟

وەڵامم دایەوە: – هەڵبەتە نە... بەڵام کەمێك سەیریشە!.

هاودەمەکەم بێ سڵکردنەوە قۆڵی پاڵتۆکەی گرتم ، بەدەم نەرمە پێکەنینەوە دەستی بە قسانکرد:– قەیدی نییە با سەیر بێ. مەعلوم نییە کە بۆچی بنیادەم ڕێ بە خۆی نادات هەندێ جاران سنووری ئاداب و ئەتەکێتی سادەو ئاسایی ببەزێنێ و هەنگاوێك هێوەتر بچێت؟...وئە گەر تۆش بەمە قایلیت وەرە با ڕاستگۆیانە و ئازایانە پێکڤە باخفین!. وای دابنێ کە من یەکێکم لە خوێنەرانی چیرۆکەکانی تۆ... خوێنەرێکی سەیرو زۆر بە دیقەت کە گەرەکییەتی بزانێ بۆچی و چۆن کتێبێك لە دایك دەبێت... بۆ وێنە کتێبێکی تۆ؟ وەرە باخفین.

وتم:– ئۆه! فەرموو تکا دەکەم!ئەم جۆرە گفتوگۆو باسانە..بەلای منەوە زۆر ئاساییە.. هەموو ڕۆژێك دەست ناکەوێ.

لێ لە ڕاستیدا درۆم لەگەڵیدا کرد. چونکە خەریك بوو قسەکانیم بەلاوە نائاسایی دەبوو. بیرم دەکردەوە: چی لێم گەرەکە؟ یان بە چ بۆنەیەکەوە ڕێم بەخۆم دەدا کە ئەم گفتوگۆیە ڕەوتەنییەی سەر ئەم شەقامە و لەگەڵ ئەم زەلامە نەناسەدا بەجۆرە باسێك بزانم؟

وێڕای ئەمەش بە هەرجۆرێ بوو، زۆر بە هێوری شان بە شانی ئەو ڕێم دەکرد. هەوڵمەدەدا خۆ نارەحەت و بێزار نەنوێنم. لە یادمە کە بەزەحمەت لەسەر ئەم کارە رازی دەبووم. بەڵام بە تێکڕایی هێشتا هێندەم زات هەبوو و نەمدەویست لە ڕێگەی قوڕو قەپەوە ئەو زەلامە لە خۆ بڕەنجێنم، بڕیارم دا کە ئاگام لە خۆ بێت.

تریفەی هەیڤ لە پشتمانەوە تافە تافی بوو. سێبەرەکانمانی لە ژێر پێماندا تێکەڵ دەکرد.و دەبوو بە پەڵەیەکی تاریک و لە پێشمانەوە بەسەر بەفرەکەدا دەخزی. سەرنجم بڕیبووە ئەم سێبەرانە. هەستم دەکرد لە ناخمدا شتێکی تاریکی وەکو ئەم سێبەرانە لە پێشمەوەیەو ناتوانم بیگەمێ...

هاوڕێکەم کەمێك بێدەنگ بوو. ئەوجا وەکو یەکێك کە تەواو بەسەر بیرەکانی خۆیدا زاڵ بێ، دەستی بە قسان کرد:– لە ژیاندا چ شتێك لە هاندان و مشتوماڵکردنی بەهرەی ئینسان گرنگتر نییە... نەوەسایە؟

سەری پشتگیریم بۆ قسەکەی لەقاند.

– قاییلی؟..کەواتە وەرە با راستگۆیانە باخفین. هەنووکە کە تۆ لاوی دەرفەتی راستگۆیانە ئاخافتن لە کیس خۆت مەدە!..

بەخۆم وت: چ بنیادەمێکی سەیرە!. دڵبەندی قسەکانی بوو بووم. بەدەم زەردەخەنەیەکی تاڵەوە پرسیم:

– باشە لەمەڕ چ بدوێین؟

بە وردی سەرنجی دەموچاوی دام. بە شێوەکی خۆمانی کۆنە دۆستێك هەڵیدایێ:– دەربارەی ئامانجی ئەدەبیات!..

– فەرموو ..هەرچەندە پێموایە درەنگە..

– نا، هێشتا بۆ تۆ دێر نەبووە!.

کە ئەم قسەیەی کرد ،بەسەرسامی وێستام. لە وشەکانیا متمانەیەکی زۆرو لە ئاخافتنەکەیدا ماکی جۆرە پلارێك دیار بوو. وێستام ویستم شتێکی لێ بپرسم. بەڵام ئەو دەستی گرتم. لەودەمەدا کە بە هێواشی و بە پەیگیرییەوە بەرەو پێش دەکشا وتی: – مەوەستە، چونکە خەریکین ڕێیەکی باش دەبڕین.. با درێژەی نەدەینێ!. بڵێ بزانم مەبەستی ئەدەب چییە؟..تۆ کە خزمەتگوزاری ئەدەب و ئەدەبیاتی، دیارە دەبێ ئەمە بزانی.

لەسەرسامیدا کۆنترۆڵی خۆم لەدەست دابوو.. ئەم پیاوە چی لێم گەرەکە؟ کێیە؟

وتم: گوێ بگرە، قەبوڵ بفەرموو کە ئەوەی لە بەینی ئێمەدا روو دەدات... بنج و بناوانێکی راست و دروستی هەیە، باوەڕبکە! ئاخر لە دنیادا چ شتێك بەبێ بنج و بناوانی راست و دروست سەرناگرێ.. با خێراتر بڕۆین، بەڵام نەك بۆ پێشەوە بەڵکو بۆ قوڵایی...

بێ چەندو چوون ئەم زەلامە پیاوێکی سەیرو خۆش بوو. لێ خەریکبوو تورەی دەکردم. دیسان بە بێ سەبری بەرەو پێش جمام. ئەویش بەکاوەخۆ کەوتە شوێنم و وتی:

- له مەبەستت حاڵی دەبم: پێناسەی ئامانجی ئەدەبیات له راستیدا بۆ تۆ کارێکی دژواره.

لێ قەیدی نییه هەوڵدەدەم من ئەم کاره ئەنجام بدەم...

ئاهێکی هەڵکێشاو بەزەردەخەنەیەکەوە نیگایەکی کردم:

- ئەگەر بڵێم ئامانجی ئەدەب ئەمەیه که کۆمەك به ئینسان بکات تا خۆی بناسێت و باوەڕی به خۆی قایم بێ، ئارەزووی حەقیقەتپەروەری و خەبتین دژی نزمی وپوچی له بوونی خەڵکیدا پەره بدات، بتوانێت سیفەتی چاکەیان تێدا بێدار بکاتەوه، پاقژی، غروورو دلێری له رۆحی خەڵکیدا بچەسپێنێ و بێداربکاتەوه. کارێکی وا له خەڵکی بکات که ببن به خەڵکانی نەجیب، بەهێزو ئاینده ڕوون و بتوانن ژیانی خۆیان لەگەڵ گیانی پیرۆزی جوانیدا تێکەڵ بکەن، ئایا تۆ ئەمەت قەبووڵه؟ بۆچوونی من ئەمەیه. هەڵبەته ئەمه بۆچوونێکی تەواو نییه وتەنیا پێشنیازێکه.... بەهەر شێوەیەك بووه گیانێکی تازه به ژیان ببەخشێ و بیخەملێنێ. بڵێ بزانم هاوبیری لەگەڵمدا؟

وتم:بەڵێ لەگەڵتدام! چێدبت هۆسا بیت، زۆربەی خەڵکی پێیان وایه که ئەرکی ئەدەبیات بەگشتی بریتییه له بەرزکردنەوەی کەسێتی ئینسان و لاواندنەوەی سۆزەکانی... ئەوجا به دەنگێکی بنجبڕ وتی: ئاگات لێیه که خزمەتی چ کارێکی مەزن دەکەی!. دیسان خەندەیەکی چزوداری کرد: ها، ها، ها!..

وا خۆم نواند که پێکەنینەکەی نەی ڕەنجاندووم. پرسیم:

- باشه، مەبەستت لەم قسانه چییه؟
- ئەدی تۆ چ بیرێك دەکەیەوه؟

وتم: دۆغرییەکەی بڵێم...

لێ کەوتمه دنیای بۆچوونه بنجبڕ و زندووەکانی ئەوەوەو بێدەنگ بووم. له خۆم پرسی: مەبەستی له راستگۆیانه ئاخافتن چییه؟ ئەو که پیاوێکی گەوج نییه، دەبێ بزانێ که ڕادەی راستگۆیی ئینسان چەند تەسکه وهەستی خۆویستی ئینسان تا چ ڕادەیەك کاری بەسەر پاراستنی ئەم تەسکییەوه هەیه! سەیرێکی هاورێکەمم کرد. هەستمکرد زەردەخەنەکەی به سەختی برینداری کردووم. ئاه ئەگەر بزانی چەند تەوس و توانج له پشت زەردەخەنەکەیەوه خۆی مەڵاس دابووا!.. هەستمکرد له شتێك دەترسم و هەمان ترس پێویستی دەکرد لەو دوور بکەومەوه.

کەمێك شەپقەکەم بەرزکردەوەو به شێوەیەکی وشك وتم:

- به دوعا!.

ئەویش بەکاوەخۆو بەسەرسامی پرسی:بۆچی؟

- چونکه حەزناکەم شۆخی له سنووری خۆی دەربچێت.
- هەر لەبەر ئەمه دەڕۆیت؟...کەیفی خۆته.. بەلاّم دەزانی ئەگەر هەنووکه لێم هەڵێی "هەرگیز" یەکدی نابینینەوه.

پێی لەسەر وشەی "هەرگیز" داگرت. بەجۆرێ ئەو وشەیەی درکاند دەتگوت سەدای لێدانی زەنگی مەرگ دەژنەوم.

من لەم وشەیە بێزارم و دەترسم. چونکە ئم وشەیە بەلای منەوە وەکو پیکێکی قورس و گرانە کە پێشوەختە قەدەر دروستی کردووە تا بە وەشاندنی هیواکانی خەڵك تێك بشکێنێ. ئەم وشەیە ڕایگرتم.بە توڕەیی و خەمبارییەوە لێم پرسی:– چیت لێم دەوێ؟

دیسان بزەیەکی چزوداری بە ڕووما دا. لەو دەمەدا کە توند دەستی گرتبووم وبەرەوخوار ڕایدەکێشا گوتی:– با لێرە دانیشین.

لەم کاتەدا بە دوو قۆڵی چووینە شەقامی باخی میللییەوە،کەوتبووینە نێو لق و پۆپی داریاسە بێجوڵەو سەهۆڵ گرتووەکانەوە. دەتگوت ئەم درەختانە کە چلورەی ساف و باریکی پێدا شۆڕ بووبووەوەو تریفەی هەیڤەکە دەیلاواندن و بەسەر سەری منەوە هەڵواسرابوون، سینەمیان دەبڕی و دەگەیینە دڵم. .سەرم لەم ڕەفتارەی هاوڕێکەم سوڕمابوو. بە بێدەنگی تەمەشایم دەکرد.لە کاتێکدا کە حەزم لێبوو ورە وەبەرخۆم بخەم وکارەکەی ئەو پشتگوێ بخەم بەخۆم گوت:– بێگومان ئەم پیاوە نەخۆشە.

بەڵام وەك ئەوەی ئەو مێشکی خوێندبمە وە وتی:

– وادەزانی من نەخۆشم؟ ئەمە لە مێشکی خۆ دەربکە. چونکە زۆر زیانبەخش و پوچە!.زۆر جاران وەختێ نەمانەوێ لە قسەی کەسێك تێبگەین، خۆمان بەم خەیاڵە دادەپۆشین.ئەمەش تەنیا لەبەر ئەوەیە کە ئەو لە ئێمە بەهۆشترو داهێنەرترە. بزانە ئەم بیرە بە چ بێشەرمییەك خەمەکانی ئێمە پێکەوە گرێ دەدات و پێوەندییەکانمان ئاڵۆزتر دەکات.

لە کاتێکدا پتر لە جاران خۆم لە بەرانبەر ئەم زەلامەدا شەرمەزار دەبینی وتم:– ئا، بەڵێ... لێ ببورە ئەز دێچم... ئیدی دەبێ بڕۆم.

شانەکانی هەڵتەکاندو وتی:– بڕۆ ...بەڵام ئەوە بزانە کە زۆر زەرەر دەکەی. لە زانینی گەلەك شتان مەحروم دەبی.

دەستەکانی بەردام و لێی جودا بوومەوە.

ئەو لە نێو باخەکەی سەر گردەکە، ئەو گردەی بەسەر قۆلگادا دەیڕوانی، ئەو گردەی تەنکە بەفرێکی سپی دایپۆشی بوو، باریکە ڕێگەیەکی ڕەش لە ناوەندەوە شەقی دەکرد، بە تەنێ مایەوە. لە حاڵێکدا هەڵەتە فراوان و کپ و خەم ئامێزەکەی ئەو بەری ڕووبارەکە لە بەرانبەریا ڕاکشا بوو، ئەو لە باخەکەدا و لەسەر یەکێك لە تەختەکان دانیشت و چاوی بڕییە ئاسۆی مەنگ و دوور. من بەسەر شەقامەکەدا کەوتمە ڕێ. هەستمدەکرد پێم ڕێ داناگرێت ولەو دوور ناکەومەوە. بەڵام دەڕۆییشتمش. بەدەم ڕێوە بیرم دە کردەوە :چۆن بڕۆم و بۆ ئەو زەلامەی کە لەوێندەر دانیشتووە بسەلمێنم کە بەلای منەوە نرخێکی نییە؟ خێرا بڕۆم یان هێواش؟ ئەوەتا بەکاوەخۆ، بە فیکە ئاوازێك دەڵێتەوە کە لای من ئاشنایە... دەزانم ئەم ئاوازە خەمناك و تەوسامێزە بۆ کوێرێك دانراوە کە رووخساری سەردەستەی کوێرانی گرتووەتە ئەستۆ. بیرم کردەوە: بۆ بەتایبەتی ئە ئاوازە دەڵێت؟ لێرەدا زانیم کە لەوساوە تووشی ئە کابرا چکۆلەیە بووم، ئیدی کەوتمە ناو بازنەیەکی تاریکی هەستی سەیرو نامۆوە. چاوەڕوانی گفتوگۆیەکی

نادیارو ئاڵۆزی تەمومژ ئاسا، سێبەری بەسەرا کێشا بووم.وشەکانی ئەو شیعرانەم بیر خۆم هێنایەوە کە ئەم پیاوە بە فیکە دەیگوت:

رێنوێنی کێت پێدەکرێ
تۆ کە خۆت رێگا نازانی

ئاوڕم دایەوەو کەوتمە تەمەشاکردنی. ئانیشکێکی دادابووە سەر ئەژنۆی و سەری خستبووە نێو لەپی و سەیری منی دەکرد. فیکەی لێدەداو سمێڵە ڕەشەکەی لە ژێر تریفەی هەیڤە شەوەکەدا کە کەوتبوە سەر دەمووچاوی، دەجولایەوە. هەستێکی خەمناك دایگرتم. بڕیارم دا بگەڕێمەوە.بە پەلە لێی نزیك کەوتمەوەو لە تەکیا دانیشتم. بێهەڵچوون، لێ بە گەرمییەوە وتم:

– گوێ بگرە. بەسادەیی قسان دەکەین...

سەری لە قاندو وتی:– ئەم کارە بۆ خەڵکی پێویستە.

– هەستدەکەم تۆ هێزێکی ئەوتۆت تێدایە کە تەواو کاری لە من کردووە. پێدەچێ بخوازی شتێك بەمن بڵێی...ها؟؟

بەدەم پێکەنینێکی بەرزەوە وتی:– ئاخری زاتی بیستنت لە خۆتدا پەیدا کرد!!..

لێ ئەمجارەیان پێکەنینەکەی سازگارتر بوو بوو. تەنانەت تا ڕادەیەکیش جۆرە ئاوازێکی خۆشی بە گوێ دەگەیاند. پێم وت:– کەواتە بڵێ! ئەگەر دەتوانی بێپەردە قسان بکە.

– ئۆو، چاکە! بەلام دەزانی ئە م پێچو پەناکردنە ،بەتایبەتی بۆ سەرنجراکێشانی تۆ پێویست بوو؟ وەك چۆن مرۆڤ گوێ بە شتانی ساردو بێتام نادا، بەهەمان شێوەش هێندە ئاوڕ لە بابەتی سادەو ڕوون ناداتەوە. چونکە ئێمە خۆمان ساردو بێگیانین، گەرمی بەخشین و گیان خستنە بەری شتەکانیش بۆ ئێمە مەیسەر نییە. ئیستا وا دێتە بەرچاو کە ئێمەی شەیدای بینین و بیری جوان، بووین بە داواکاری خۆزی و ئارەزوو. چونکە ژیانێ کە ئێمە دروستمان کردووە بێ جوانییە، بێزارکەرو تاریکە!.ئەو ڕاستییەی کە زەمانێ بوو دەمانویست بە تاسەوە دروستی بکەین، ئێمەی تێکشکاندووە.. چ دەکرێ؟ لەگوینە مرۆڤ بەزەبری خەیاڵ بۆ ماوەیەکی دیاریکراو لە زەوی دوور بکەوێتەوە، ئاسمان بخاتە ژێر باڵی فڕینەوەو سەرلەنوێ بڕوانێتە ئەو جێگاو پایەیەی کە لەدەستی داوە، نەوەسایە؟ چونکە مرۆڤ ئێستا چیدی سوڵتانی سەرزەوی نییە بەڵکو کۆیلەی ژیانە، بە هۆی سەردانەواندنەوە، ئەو حەقیقەتەی لەدەست خۆی داوە کە گەورەی خەلقەندەکانە. نەوەسایە؟ لەو حەقیقەتانەوە کە خۆی دروستیکردووە، دەگاتە ئەنجام و بەخۆی دەڵێ: ئەم یاسای گۆڕانە ناپەسندە! کاتێ کە پەیڕەوی ئەم یاسایە دەکات نازانێ کە بەربەستێکی لە ڕێگەی ئازادی ژیانی خۆی و لە ڕێگەی خەبات لە پێناوی ئەم مافەدا کە بتوانێ یاساو پەیڕەوە کۆنەکان تێك بشکێنێ و شتانی نوێ دابێنێ، داناوە .ئیدی ئەو خەبات ناکات ، بەڵکو تەنیا خۆی لەگەڵ ئەوەدا دەسازێنێ... دەبێ لە پێناوی چیدا خەبات بکات؟ ئەو ئامانجانەی کە ئینسان بتوانێ لە پێناویدا دەست بداتە کاری خەتەرو پڕ فیداکارییەوە کوان؟ لە کوێن؟ هەر لەبەر ئەمەیە کە ئینسان تا ئەم ڕادەیە بەدبەخت بووەو ژیانێکی پڕ لە کلۆڵی و کوێرەوەری دەگوزەرێنێ. هەر بۆیەش گیانی ئەفراندن لەودا تا ئەم ڕادەیە بێتواناو زەبوون

بووە.. کۆمەڵێك کوێرانە لە هەوڵ و تەقەللای شتێکدان کە سروش بە ڕۆحیان ببەخشێت و باوەڕی خەڵکی بۆ ڕابکێشێت. زۆربەیان روو ناکەنە ئەو ئاڕاستەیەی کە هەموو شتێکی ئەبەدییە و خەڵکی یەکدەخات ئەو ئاراستەیەی خوای لێیە.. شتێکی بەڵگە نەویستە ئەوانەی لە ڕێگەی گەییشتنە حەقیقەتدا هەڵە دەکەن، لە نێو دەچن!. لێگەڕێ با لەنێو بچن. نابێ بەرهەڵستییان بکرێ . خەمخواردن بۆ ئەوان بێفایدەیە. خەڵکانی زۆر پەیدا دەبن! تەنیا ئەڵهاو ئارەزووی دۆزینەوەی خوا گرنگە، ئەگەر لە عالەمدا خەڵکانێ هەبن کە ئارەزووی خوایی باڵی بەسەرا کێشابن، ئەوا خواش لەگەڵ ئەواندا دەبێ و گیانیان دەبەخشێت: ئەمەیە جەزبە ی بێسنوور بەرەو ئاراستەی کەماڵ! نەوەسایە؟

وتم: بەڵێ هوسایە...

هاودەمەکەم بە پێکەنینێکی چزودارەوە گوتی: – بەڵام تۆ زوو قاییل بوویت.

ئەوجا لە کاتێکدا کە چاوی بڕی بووە خاڵێکی دوور، بێدەنگییەکەیم بەلاوە دوورو درێژ بوو. بەکەم حەوسەڵییەوە هەناسەیەکم هەڵکێشا.. بێئەوەی چاو لە خاڵە دوورەکە وەگوێزێ، هەستی پێکردم وپرسی:– خوای تۆ کێیە؟

بەر لەم پرسیارە، قسەکانیم بەلاوە خۆش بوو، زۆر ئاسایی گوێم لێی ڕاگرتبوو. وەکو هەموو خەڵکانێکی خەیاڵمەند کەمێك خەمین دەهاتە بەرچاو. لە ڕۆحی منەوە نزیك بوو. لە قسەکانی حاڵی دەبووم و خەریك بوو سەرسامییەکەم دەرەوییەوە ، لەپڕ ئەم پرسیارەی کرد. پرسیارێکی قورس کە وەڵامدانەوەی بۆ خەڵکی هاوچەرخ،ئەگەر بە تەواوەتی ئاگاشی لە خۆبێ، لە زەحمەت بەدەر نییە. خوای من کێیە؟ بریا ئەمەم دەزانی.! ئەم پرسیارە تەزاندمی.. پێموایە هەر کەسێکی دیش بووایە لە جێی من، نەیدەتوانی نەپەشۆکێ و حازروەڵامی خۆی لە دەست نەدات!!.بەڵام ئەو چاوە زیتەڵەکانی بڕی بووە من. بەدەم زەردەخەنەوە چاوەڕێی وەڵام بوو.

– تۆ پتر لەو ماوەیەی کە بۆ وەڵامدانەوەی "ئینسانێك" پێویستە بێدەنگ بوویت. هەنووکە ئەم پرسیارەت لێدەکەم ڕەنگە بتوانی وەڵام بدەیتەوە: تۆ نووسەریت و هەزاران کەس بەرهەمەکانت دەخوێننەوە، بڵێ بزانم چ پەیامێکت پێیە بۆ خەڵکی؟ ئایا بیرت لەوە کردووەتەوە کە هەقی ئەوەت هەیە شتێك فێری خەڵکی بکەیت؟

یەکەمین جاربوو لە ژیانما کە بەوردی دەمڕوانییە ناخی خۆم. با خەڵکی واتێنەگەن خۆم بەکەم یان بەبەرز دەگرم تا سەرنجیان بۆ لای خۆم ڕابکێشم. داوای سواڵ لە گەدا ناکرێ. من گەلەك هەست و هیواو ئاواتم لە خۆمدا کەشف کردووە کە ئەوان ناوی چاکیی لێدەنەن. بەڵام هەستێك کە گشت ئەم ئەندێشەو خەیاڵە ڕۆشنانە لە یەك شوێندا کۆبکاتەوەو تەواوی دیاردەکانی ژیان بگرێتە خۆ، لە خۆمدا سۆراخ نەکردووە. هەستی بێزاری لە گیانمدا زۆرە، مینا ژیلەمۆی ژێر خۆڵەمێش تۆزە تیشکێکی هەس و جارجارێ دەبێت بە ئاگرێکی تووڕەو پڕغەزەب. بەڵام هێشتا هەر گومان و دوودڵی لە گیانی مندا پترە. هەندێ جاران ئەم دوو هەستە ئەقڵم دێننە لەرزین و بەجۆرێ دڵم دەگوشن کە ماوەیەکی زۆر ئاگام لە خۆ نامێنێ. حاڵم خراپ دەبێت و هیچ شتێك لە پێناوی ژیاندا نامبزوێنێ. دڵم بە ئەندازەیەك سارد دەبووەوە دەتگوت مردووە. بیرم خامۆش

دەبوو. دەچووە خەو. مۆتەکەیەکی سامناك تین و تاوی لەبەر دەبڕیم. بەم تەرحە کوێرانە، کەڕو کاس، شەوو ڕۆژانی زۆرم بەسەر دەبرد. ئارەزووی چ شتێکم نییەو لە هیچ تێناگەم. وام دێتە بەرچاو کە ئیدی بوومە بە جەستەیەك و تەنیا لەبەر هۆیەکی نادیار بە خاك نەسپێردراوم. دەرککردنی درێژەدان بە ژیان لە جاران پتر ترس و لەرزی لەم چەشنە ژیانە لە لام توند دەکرد. چونکە لە مەرگدا هەم مانا کەمترەو هەم تاریکی زیاترە... مەرگ تەنانەت لەزەتی نەفرەتکردنیش لای ئینسان ناهێڵێ.

ئەرێ بەڕاست چ پەیامێکم بۆ خەڵکی پێیەو ئایا وەکو دەنوێنم وام؟ دکارم چی بە خەڵکی بڵێم؟ ئەوانەی کە لەمەوبەر کەسانێك دەیانگوت و هەمیشەش دەیڵێنەوەو گوێگریشیان هەیەو هەرگیزش خەڵکانێ لەوانەی هەن چاکتر دروست ناکەن؟ بەڵام ئایا هەقم هەیە ئەم ئامانج وچەمکانەی خۆم پێی پەروەردە بووم و زۆر جاریش کاریان پێناکەم، بە خەڵکی ڕابگەیەنم؟ ئەگەر ڕێگەیەکی جیا لەوانە هەڵبـژێرم ئایا ئەمە ناگەیەنێ کە من باوەڕم بە حەقیقەتی ئەو باوەڕانە نییە کە لە "من"دا گەلاڵە بووە؟..کەواتە چ وەڵامێکی ئەم پیاوەی کە لە تەنیشتم و لە گەڵمدا دانیشتووە بدەمەوە؟ بەڵام ئەو هێندە چاوەڕێی ژنەوتنی وەڵامی منی نەکرد. ماندووبوو. سەرلە نوێ دەستی بە قسان کردەوە:– ئەگەر نەمدیتبا کە هێشتا شکۆخوازی تۆ توانای لە نێوبردنی لووتبەرزیتی پەیدا نەکردووە هەرگیز ئەم پرسیارانەم نەدەکرد. کە بێباکی و پیاوەتی ئەوەت هەیە گوێ لە قسەکانی من بگری، ئەو ئەنجامەم دەستگیر دەبێت کە تۆ خۆشەویستییەکی ئاقلانەت بۆ خۆت هەیە. هەڵبەتە بۆ بەهێزکردنی ئەم خۆشەویستییە لە ئازارو کۆڤانی ڕۆحی بەدەرنیت، بۆیە من وەزعییەتی سەخت و دژواری تۆم لە بەرانبەر خۆمدا هاسان کردووە. بە جۆرێ لەگەڵتا دەدوێم کە کەمتەرخەمی نەك تاوانیار.

...عەیامەکی لە نێو ئێمەدا خەڵکانێك هەبوون کە پەیان بە هێماکانی ژیان و ڕۆحی ئینسان بردبوو. خەڵکانێك کە بەتاسەیەکی فراوانەوە، بە لەخۆبردنەوە بۆ خەملاندنی بوون تێدەکۆشان و بە باوەڕێکی قووڵەوە بە ئینسانەوە گرێ درابوون. کتێبیەلێکیان داناوە کە هەرگیز دەستی فەرامۆشی نایانگاتێ. چونکە حەقیقەتی نەمرو زندوویان تێدا چەسپاوە، چونکە جوانییەکی ئەبەدی لەسەر لاپەڕەکانیاندا دەدرەوشێتەوە، ئەو پەیکەرانەی لەم کتێبانەدا بەرجەستە کراون گیانیان کەوتووەتەبەر. هێزی ژیانیان تێگەڕاوە. لەم کتێبانەدا هەم دلێری و بێباکی و هەم ڕق و توڕەیی دەبینرێ. عیشقی ڕاستەقینەو ئازادییان تێدایە. تاقە وشەیەکی زیادەیان تێدا نابینرێ. من دەزانم کە تۆ لەو سەرچاوانەوە سروشی ڕۆحی خۆت پاراو کردووە... بەڵام ڕەنگە ڕۆحی تۆ بە خراپی پەروەردە بووبێ. بۆیە باسی تۆ لەمەڕ عیشق و حەقیقەت دەستکردو ڕیاکارانەیە. وا دێتە بەرچاو وەختێ کە دەربارەی ئەم بابەتە دەدوێی گوشار لە خۆت دەکەی. تۆ وەکو مانگ بە ڕوناکی شتێکی دی تریفەت تێدەگەڕێت. ڕوناکییەکەت خەمامێزو نادیارە. سێبەری زۆر دروست دەکات. گەرمییەکەی زۆر توڕەهاتەو کەس گەرم ناکاتەوە. لە ڕاستیدا تۆ لەوە گەداتری کە بتوانی شتێکی بەنرخ بە خەڵکی ببەخشیت. ئەوەش کە دەیبەخشیت نە لەبەر خاتری لەزەتێکی بێئەندازەیە کە ژیانی پێ بە بیرو وشەی جوان بڕازێنیتەوە. بەڵکو زیاد لە هەموو شتێك بۆ ئەمەیە

کە بوونی خۆت لای خەڵکی بەرز بکەیتەوە. بۆیە تۆ کە شتێك دەبەخشیت بۆ ئەوەیە تا لە پارسەنگی ئەوەدا پتر لە ژیان ولە خەڵکی بستێنی. تۆ لەوە گەداتری کە بتوانی دیارییەك پێشکەش بکەیت. سووخۆرێکی سادەیت، ئەزمونە ناچیزەکانت دەخەیتە بازاڕی فایدەی ڕاکێشانی سەرنجی خەڵکی بەلای خۆتدا. کاتێ کە حەقیقەتەکان دەپشکنی، قەڵەمەکەت بڕێ وردە شتی ناچیزەی ژیان هەڵدەبژێرێ. لەوانەیە کاتێ کە وەسفی هەستە ئاساییەکانی خەڵکی سادە دەکەیت هەندێ سووکە حەقیقەت لە بیرو هۆشیاندا کەشف بکەی. بەڵام ئاخۆ ئەم توانایەت هەیە، هەرچەند بچووکیش بێ، کە بتوانی ئەو خەیاڵانە لە ڕۆحیاندا بێدار بکەیتەوە کە مایەی بەرزبوونەوەی ڕۆحیان بێت؟.. نا!.ئایا تۆ دڵنیایت کە ئەمە کارێکی بە سوودە کە لە نێو پۆخڵەوات و زبڵدانی ئاساییدا چینە بکەیت و نەتوانی جگە لە بڕێ حقیقەتی ناچیزەو سواو بدۆزیتەوە کە ئەوە بسەلمێنێ تەنیا بەشەر نزم و گەوج و بێئابڕووەو هەمیشە پاشکۆی مەرجی دەرەکی بووە، لاوازە، مایەی بەزەییەو تاق و تەنیایە؟ ئەگەچی لەوانەشە ئێستا توانیبێتت ئەم بابەتەی پێبسەلمێنی! چونکە هەستدەکەم کە ڕۆحی ئەو ساردەو هزری خاوبووەتەوە... ئەمە کافییە! هێشتا خەیاڵاتەکانی خۆی لە کتێباندا دەبینێ و ئەم کتێبانە بە تایبەتی ئەگەر بە لێهاتووییەوە، ئەو لێهاتوویيەی ناوی دەنێن (بەهرەو ئامادەیی) نووسرابنەوە، هەمیشە تا رادەیەك ئینسان دەخاتە دنیای خەوی موگناتیسییەوە. خوێنەر بە چاوی نووسەر دەڕوانێتە خۆی وکاتێ کە ناشیرینیی بێئەندازەی خۆی دەبینێ، ئیدی توانای چاکتربوون لە خۆیدا نادۆزێتەوە. ئایا تۆ دەتوانیت ئەم توانایەی بخەیتە بەردەست؟ چما تۆ دەتوانیت ئەم کارە بکەیت لە کاتێکا خۆت... بەڵام من ڕەحم بە تۆدا دەکەم. چونکە هەستدەکەم تۆ لە حاڵێکدا کە گوێ بۆ قسەکانی من شل دەکەیت لە بیری ئەوەدا نیت کە چ پاکانەیەك بۆ خۆت بکەی. بەڵێ!چونکە مامۆستایەکی ئاڕوومەند دەبێ هەمیشە قوتابییەکی وردبین بێت، ئێوە هەمووتان مامۆستای ڕۆژانەی ژیانی ئێمەن. زۆر زیاتر لەوەی بە خەڵکی دەدەی لێیان وەردەگری. ئێوە هەمووتان لەمەڕ کەمووکوڕی قسان دەکەن و تەنیا کەم و کوڕییەکان دەبینن. بەڵام بەشەر دەبێ لایەنی چاکەشی هەبێت. مەگەر خۆت ئەوە نابینی؟ تۆ چ چاکەیەکت بۆ ئەم خەڵکە ئاسایی و ڕۆژ ڕەشانە هەیە کە بەو چەشنە بەبێ ڕەحمی وێنەیان دەکێشیت و لە پێناوی زاڵبوونی چاکی بەسە خەراپیدا خۆت بە پەیامبەرو ئامۆژگاری وان دەزانیت، خۆت بە ئاشکراکەری گوناحەکانی وان دەژمێریت؟ بەڵام ئایا سەرنجی ئەوەت داوە کە چاکەکەران و بەدکارانێ کە تۆ بەزۆر دروستت کردوون وەکو دوو کلافەی ڕەش و سپی ئاڵۆزکاو وایە. چونکە زۆر لە یەکەوە نزیکن. بوون بە خۆڵەمێش و ڕەنگی یەکدییان وەرگرتووە؟ دوو دڵم لەوەی کە تۆ هەڵبژاردەی خوا بی.. ئەو دەیتوانی زۆر لە تۆ بەهێزتر هەڵبژێرێ. دەیتوانی دڵی ئەوان بە ئاگری خۆشەویستیەکی لێوان لێوی ژیان ، حەقیقەت و خەڵکی هەڵبژێرێ. تا ئەوان لە تاریکی بووندا وەکو روناکی هێزو مەزنایەتی بدرەوشێنێتەوە.. بەڵام تۆ وەکو مەشخەڵی هێزی شەیتان دووکەڵ دەکەیت و دووکەڵی تۆ دەکەوێتە سەر بیرو گیانیان و بە ژەهری بێ متمانەیی ژەهراوییان دەکات ، بڵێ: چ شتێ فێری خەڵکی دەکەیت؟

هەناسە گەرمەکەی ئەم پیاوە گۆناکانمی بەسەر کردەوە. تەمەشای ئەوم نەدەکرد. چونکە دەترسام سەیری چاوەکانی بکەم. وشەکانی وەکو پشکۆی ئاگر بەسەر مێشکمدا دەتەقینەوەو دەیانڕەنجاندم.. نیگەران بووم .. دەمزانی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە سادانە چەندێ زەحمەتە.. و چ وەڵامێکم نەدایەوە.

– چونکە من هەموو ئەو شتانەی تۆو کەسانی وەکو تۆ دەینووسن، بە وردی دەخوێنمەوە، لێت دەپرسم: – بە چ مەبەستێك دەنووسیت؟ تۆش کە زۆر دەنووسیت.. ئایا حەزدەکەی هەستی چاکە لە خەڵکیدا بێدار بکەیتەوە؟ بەڵام بە زەبری وشەی ساردو سستەوە ناتوانیت ئەم کارە ئەنجام بدەیت. نا!.. تۆ نەك هەر ناتوانی شتی تازە بخەیتە سەر ژیان، بەڵکو شتە کۆنەکانیش بە لوولدراوی و پارچە پارچەیی و بە شێوەیەکی نا هەموار پێشکەش دەکەیت. کاتێ کە ئینسان بەرهەمی ئێوە دەخوێنێتەوە جگە لەوەی شەرمەزارتان بکات چ شتێکی دیکە لە بەرهەمەکانتانەوە فێر نابێ. هەموو شتەکان ئاسایی و سواوە: خەڵکانی بودەڵە، بیر پوچەڵ، ڕووداو. کەواتە کەی دەتەوێ دەربارەی سەرگەردانی ڕۆح و پێویستی زندووکردنەوەی بدوێی ؟ ئەدی کوا جاڕدان بۆ گەشاندنەوەی ژیان، وانەکانی دلێری و ئەو وشانەی چالاکی دەبەخشن و دەبنە سەرچاوەی سەرۆو ئیلهامی ڕۆح؟

... ڕەنگە بڵێی ژیان جگە لەم نموونانەی ئێمە دەیانخەینە ڕوو، ناخاتە بەر دەستمان. بەڵام تۆ ئەمە مەڵێ ، چونکە ئەمە بۆ کەسێك کە خۆشبەختانە زاڵە بەسەر وشەدا زۆر نەنگ و شەرمە. خۆی لە خۆیدا داننانە بەلاوازی خۆ بەرانبەر بە ژیان... داننانە بەوەدا کە ناتوانێ لە ژیان باشتر بێ. ئەگەر لە ئاستی ژیاندا نەتوانیت بەزەبری ئەفراندن کۆمەڵێك نموونە کە لە ژیاندا نین و بۆ فێربوون پێویستن، دروستبکەی، کارەکەت چ نرخێکی دەبێت؟ چۆن ئەوە بە خۆت ڕەوا دەبینی کە خۆت بە نووسەر بزانی؟ وەختێ هزرو سەرنجی مەردم بۆ ڕووداوە بێهوودەکان و لە ڕێگەی وێنە گرتنێکی چەپەڵی ژیانیانەو ڕادەکێشیت، بیربکەوە کە ئاخۆ زیان بە خەڵکی ناگەیەنی؟ دوودڵی ناوێ!.. دان بەوەدا بنێ کە ناتوانیت بە جۆرێ ژیان وێنە بگری کە ببێ بە مایەی شەرمەزارییەکی تۆڵەئامێز لە لای وان و کەڵکەڵەی دروستکردنی شێوەیەکی دیکەی بوونیان لە لا دروستبکات... ئایا دەتوانی لێدانی دڵی ژیان خێراتر بکەی. ئایا دەتوانی وەکو خەڵکانی دی تۆش هێزو تینێکی بخەیتە بەر؟

هاودەمە سەیرەکەم هەڵوەستەیەکی کرد. بەبێ دەنگی بیرم لە قسەکانی ئەو دەکردەوە:

– من لە دەوروبەری خۆمدا خەڵکانی ژیر زۆر دەبینم. بەڵام خەڵکی ئابڕومەندیان زۆر کەم تیایە. ئەوانەش کە هەن ڕوحیان نەخۆش و بێزارە. نازانم بۆچی دەبینم هەمیشە ئینسان تا پاکتروخودان ڕۆحێکی پاکتر بێ ئەوەندە کەم هێزو نەخۆشترە و ژیانی سەخت و دژوارە. لە ئەنجامدا هەربەشی تەنیایی و غەمە. بەڵام بەهەمان ئەندازەی کە خەمی ژیانێکی چاکتری لەلا زۆرە، توانای دروستکردنی ئەو ژیانەی لەلا کەمە. ئایا پاشکەوتووی و ژیانی پڕ لە کوێرەوەری ئەو لەبەر ئەمە نییە کە وەکو پێویست و لە جێی خۆیدا کۆمەکی پێنەکراە؟...

هاودەمە سەیرەکەم لەسەری ڕ ۆیی:

لەمەش پتر ئایا دەتوانیت ئە خەندە چالاکیبەخشەی کە گیانی ئینسان دەنوێنێ بێدار بکەیتەوە؟ تەمەشاکە خەڵکی لە ناخی دڵەوە بە تەواوەتی خەندەو پێکەنینیان فەرامۆش کردووە. بەکەسەرەوە پێدەکەنن. بە پەستییەوە پێدەکەنن. زۆر جاران لە نێوان ڕوندکەوە پێدەکەنن. هەرگیز لە میانی ئەم پێکەنینانەوە دەنگی پێکەنینێك ناژنەوی کە بەتەواوەتی لە کانگای دڵەوە دەربچێت، پێکەنینێك کە سینەی تەمەنە گەورەکان بلەرزێنێ!.. باشە . پێکەنین مایەی سەلامەتی ڕۆحە... پێکەنین بۆ ئینسان پێویستە و یەکێکە لەو شتانەی کە لە گیانداری جیا دەکاتەوە. ئایا دەتوانی پێکەنینێکی دیکەی جگە لەم پێکەنینە گازاندەئامێزە، جگە لەم پێکەنینە پەستەی کە بە تۆ پێدەکەنن، ئەویش تەنیا لەبەر ئەوەی بنیادەمێکی پێکەنین هێنەری و مایەی بەزەییت.، لە خەڵکیدا ڕاپەڕێنیت؟ هۆش و گۆشت کۆبکەوە. تەنیا لەسەر بناغەی ئەم دەستووورە گشتییە مافی ئامۆژگاریکردنت پێدەدرێ کە بتوانی هەستی ڕاستەقینەو ڕاستگۆیانەی خەڵکی بێدار بکەیتەوە. تا بتوانیت بە پشتیوانی ئەوەوە وەکو پیك هەندێ لە دەمامك و وێنەکانی ژیان تێك بدەیت و لە جێی ئەم ژیانە تەنگ و تاریکە ژیانێکی ئازادتر دروست بکەیت: توڕەیی، کینە ، شەرمەزاری، نەفرەت و ئەوجا نائومێدی توڕەئامێزی نوێڵەکان کە دەتوانرێ بە یارمەتیانەوە هەموو شتێك لە دنیادا تێك بشکێنرێ و لە نێو ببرێ. ئایا دەتوانیت ئەم چەشنە نوێڵانە دروست بکەی؟ دەتوانیت ئەوانە بخەیتە گەڕ؟ چونکە ئەگەر مافی ئەوە بەخۆت دەدەیت کە قسان لەگەڵ خەڵکیدا بکەیت پێویستە یان نەفرەتێکی توندو تیژ بەرانبەر بە نەنگی و کەمووکوڕییەکانیان نیشان بدەیت یان لە ناخی خۆتدا خۆشەویستییەکی مەزن سەبارەت بە ژان و دەردەکانیان هەست پێبکەی. هەنووکە تاقە تیشکێك لەم هەستانە دەروونی ڕۆشن نەکردویتەوە، کەواتە بێفیز بەو بەرلەوەی چ قسەیەك بکەیت زۆر بیر بکەرەوە...

دنیا تازە خەریك بوو ڕووناك دەبووەوە. بەڵام تاریکییەکی پتر لە جاران لە ڕۆحی مندا کەڵەکە دەبوو. بەڵام ئەم زەلامەی کە هەموو گۆشەیەکی ڕۆحی منی پشکنی بوو و لەلای ئاشکرا بوو، هێشتا قسانی دەکرد. هەندێ جاران ئەم بیرە باڵی بەسەردا دەکێشام:– ئاخۆ بنیادەمە؟

بەڵام بە جۆرێ دڵبەندی قسەکانی بووبووم، نەمتوانی بیر لەم مەتەڵە بکەمەوە، سەرلەنوێ وشەکانی دەرزی ئاسا بە مێشکمدا دەچوونەوە.

– وێڕای ئەمەش ژیانی ئێمە ،بە پانی و قوڵی بەرین دەبێ. لێ گەشەکردنەکەی زۆر خاوە. چونکە تۆ تواناو دەسەڵاتی خێراکردنی بزووتنەوەی ژیانت نییە.. ژیان پەرەدەستێنێ و ڕۆژ بە ڕۆژ خەڵکی فێری پرسیارکردن دەبن. چ کەسێك وەڵامی ئەوان دەداتەوە؟ ئاشکرایە: ئێوەی حیلەکەران، ئێوەی داگیرکەری ناوی پێشەوایانی خەڵك! بەڵام ئایا تۆ خۆت ئەوەندە لە چەمکی ژیان تێدەگەیت کە بتوانی بۆ خەڵکانی دیکەی ڕۆشن بکەیتەوە؟ ئایا لەپێویستییەکانی زەمانی خۆت تێدەگەیت، پێشبینی ئایندە دەکەیت؟ بۆ بێدارکردنەوەی ئینسانێك کە لە ئەنجامی نزمی و پەستی ژیانەوە بۆنی تێگەڕاوە، ڕوخاوە، دەتوانیت چی بڵێی؟ ئەو گیرۆدەی هەرەسی ڕۆحی بووە! خۆشەویستی بۆ ژیان زۆر کەم بووەو ئارەزووی ژیانی ماقوڵ و پیاوانەی لەلا کز بووە. دەیەوێت وەکو بەراز بژێ. گوێت لێیە؟ ئیستا کە باسی وشەی ئامانجی بۆ دەکەیت، بە تەوسەوە

پێدەکەنیٚ: چونکە ئیدی ئینسان بووە بە مشتێ ئیسقان و گۆشت و پێستێکی ئەستوور دایپۆشیوە.هاندەرو بزوێنەری ئەم ڕەش و رووتە ناشیرینانە رۆحیان نییە بەڵکو سوزە گەوجەکانیانە. پێویستیان بە ئاگادارکردنەوەو تیمارکردن هەیە. خێراکە تا لە ئینسانییەت نەکەوتوون یارمەتیان بدە با بژین. بەڵام تۆ چیت لە دەست دێ تا گیانی ژیانیان تیا بێدار بکەیتەوە، لە کاتێکدا تەنیا شیوەن دەکەی، دەناڵێنی، ئاخان هەڵدەکێشیت، بەبێ موبالاتی چۆنیەتی گەندەڵ بوونیان وێنە دەگریت؟ بۆنی بۆگەنی لە ژیانەوە دەگاتە کەپوو، دڵەکان لە ترسنۆکی و بەزیوی دا ئاوساون، سستی و تەمەڵی ئەقڵی لەکار خستووە. دەستەکانی بە پەتێکی نەرم بەستووە.. تۆ لەم بێسەرو بەری و هەراو هەنگامەیەدا چی دێنی؟ تۆ چەند بچووك ،ومایەی بەزەییت!. چەند زۆرن وێنەی تۆ! خۆزی پیاوێکی مەردانەو دڵسۆز بە دڵێکی گەرم و مێشکێکی فراوانەوە پەیدا دەبوو، کە ئاگای لە هەموو شتەکان بووایە!. چ دەبوو ئەگەر لەم تەنگانەیەدا، لەم بێدەنگییەدا، گوتە پەرجوو ئاساکانی بەرگوێ بکەوتایە و وەکو زەنگ رۆحی بێزراوی ئەم جەماوەرەی بهێنابوایە لەرزە..

دوای ئەم قسانە، ماوەیەك بێدەنگ بوو. من سەبرم نەکرد. نازانم کامیان پتر بەسەرمدا زاڵ بوو: ترس یان شەرمەزاری؟

پرسیارێکی ساردو سڕی ئەوم هاتە گوێ:

– دەتوانی چم پێ بڵێی؟

وەڵامم دایەوە: هیچ.

سەرلە نوێ بێدەنگی باڵی بەسەرا کێشاین.

– ئەدی هەنووکە دەتەوێ چۆن بژیت؟

– نازانم.

– دەتەوێ چ بڵێی؟

بێدەنگ بووم.

– چ کارێك لە بێدەنگی ئاقڵانەتر نییە!..

هەڵوەستەیەکی خەمناکی بۆ کرد. دوا بە دوای ئەوە سەدای پێکەنینی بەرزبووەوە .هێندە بە کوڵ پێدەکەنی دەتگوت ماوەیەکی زۆرە دەرفەتی ئەم چەشنە پێکەنینە ئاساییەی بۆ نەڕەخساوە. بەڵام دڵی من لەم پێکەنینە نەحلەتییە کرمێ دەبوو. خوێنی هەڵدێنا.

– ها، ها، ها!. ئەمەتۆی مامۆستای ژیان؟ تۆیت کە بەم هاسانییە دەپەشۆکێی؟ وابزانم هەنووکە زانیت من کێم؟ ها؟ ها، ها، ها.. هەر یەکێك لەو لاوانەی کە وەکو تۆ بەپیری هاتونەتە دنیاوە، هەر کە تووشی من دەبوون، عەینی وەکو تۆ دەپەشۆکان و هەراسان دەبوون. ڕەنگە تەنیا ئەو کەسە بەرانبەر بە ویژدانی خۆی نەلەرزێ کە مەتاڵ و قەڵغانی درۆو لاساری و بێشەرمی پۆشی بێ. توانای تۆ هێندە کەمە کە تاقە مستەکۆڵەیەك بەسە بۆ ڕوخاندنی!. قسان بکە! شتێ بڵێ کە لەبەردەم مندا تەبریێت بکات. ئەوەی وتم بیخە درۆوە. گیانت لە چنگی خەجاڵەت و ڕەنج ڕزگار بکە!. ئەگەر بۆ ماوەی چرکەیەکیش بووە بەهێزبە. باوەڕت بە خۆت بێ تا ئەوەی من دامە پاڵت

بـۆ خـۆمی وەربگرمـەوەو سـەری ڕێـزت بـۆ دانـەوێنم... توانـای ڕۆحـی خـۆت بنوێنـە تـا دان بـە مامۆسـتایەتیتا بنـێم!. مـن پێویسـتم بـە مامۆسـتایە. چـونکە ئینسـانم. ژیـانم لـە تاریکیـدا گـوم کردووە، ڕێی ڕزگاربوون بەرەو روناکی، بەرەو حەقیقـەت و جوانی بـەرەو ژیـانی نـوێ دەپشـکنم. ڕێگەم پیٚ نیشانبدە!. مـن ئینسـانم ، کینـەم بەسـەردا ببارێنـە. لێبـدە، بـەڵام لـە بـری ئـەوە مـن لـەم زەلکاوی ژیان فەرامۆشکردنە دەربێنە!. دەمەوێ باشتربم لەوەی کە هەم!. چی بکەم؟ فێرم بکە؟!

بیرم دەکـردەوە: ئایـا ئەنجامـدانی ئـەم داوایانـەی ئـەم کابرایـە بـە مـن دەکـرێ؟ ژیـان خـامۆش دەبێ، تاریکی گومان و دوودڵی باڵ بەسـەر بیری مەردمـدا دەکێشـێت. پێویسـتە ڕێگـەی ڕزگـاری بدۆزرێتەوە. کامەیە ڕێگـە؟ مـن تـەنیا یـەك ڕێگـە دەبیـنم. نـابێ بـۆ خۆشـبەختی کۆشـش بکـرێ. چ پێویستییەك بە خۆشبەختی نییە!. مانای ژیـان لـە خۆشـبەختیدا نییـە. لـەخۆرازی بـوون ئینسـان رازی ناکات. چونکە بێگومان پلەی ئینسان گەلەك لەمانە باڵاترە.

چەمکی راستەقینەی ژیان لە جوانی و هێزی هەوڵدانە بەرەو ئامـانج، وبـوون پێویسـتە لـە هـەر ساتێکدا ئامانجێکی گەلەك بەرزی هەبێ. ئەم کارە لەگوینـە، بـەڵام نـەك لـە چوارچێوەیەکی کـۆن و داوەشیودا کە هەموو شتێکی تـا ئـەم ڕاەیـە تێـدا تەسـك بـووەتـەوە، ئـازادی رۆح وفیکـری ئینسـان کەوتووەتە تەنگانەوە..

سەرلەنوێ پێکەنی، بەڵام ئـەمجارەیان زۆر بـە ئـارامی، وەکـو پێکـەنینی کەسـێك کـە بیر بەسـەر سۆزەکانیا زاڵ بووبێ.

– چ خەڵکانێکی زۆر لە دنیادا هـەبوون!و چـەند بەرهـەمی کـەمیان بـە یادگـار لـە دووی خـۆ بـەجێ هێشـتووە!. بـۆ دەبـێ وابـێ "بـەڵام ئێمـە نـەفرەت بـۆ ڕابـردوو دەنێـرین، چـونکە حەسـوودیمان بەرانبەر بە خۆی دەبزوێنـێ، چونکە ئەمڕۆکـە خـەڵکانێ کـە لـە دوای مـەرگی خۆیـان بەرهـەمی بـە نرخیان بەجێهێشتووە نین. ئینسان خەوی لێدەکەوێت.. کەسیش خەبـەری ناکاتـەوە. دەخـەوێ و دەبێ بە حـەیوان. بۆیـە پێویسـتی بـە قامچـی و لاوانـەوەی بەسـۆزو پـڕ لـە خۆشەویسـتی هەیـە. ترسـت لـە لێـدانی نـەبێ. چـونکە ئەگـەر تـۆ لـە ڕووی خۆشەویسـتییەوە لێـی بـدەیت لـە مانـای لێدانـەکانت حـاڵی دەبێتـو بـە سـینگێکی فراوانـەوە قـەبوڵی دەکـات. کـاتێکیش کـە هەسـتی بـە دەردەکانی خۆی کردو خەجاڵـەت بـوو، ئـەوسا بـە گـەرمی بیلاوێنـە ئیـدی بـۆ خـۆی گیـانی وەبـەر دەکەوێتـەوە... خـەڵکی هێشـتا منـداڵن. هەرچـەندە بـڕێ جاران بـە گوناحکـاری و پیسـی فیکـری خۆیـان دووچـای سەرسـامیمان دەکـەن، بـەڵام هەمیشـە پێویسـتیان بـە خۆشەویسـتی و هـەوڵی بەردەوام هەیە تا خۆراکی پاك و تازەی رۆحییان پیٚ ببەخشرێ... ئایا دەتوانیت خەڵکیت خـۆش بوێ؟

بە دوودڵییەو پرسیارەکەی ئەوم دووبارە کردەوە:

– خـەڵکیم خۆشـبوێ؟ لـە راسـتیدا خۆیشـم نـازانم ئـاخۆ خـەڵکیم خۆشـگەرەکە یـان نـا!.. دەبـێ دڵسۆزو ڕاستگۆبم! نازانم. کێ دەتوانێ بە خۆی بڵێ: بەڵێ من خەڵکیم خۆش گەرەکە! ئینسـانێك کە بەوردی بڕوانێتە دەروونی خۆی، بەر لـەوەی وەڵام بداتـەوەو بڵـێ "خۆشـم گـەرەکن" ماوەیـەك

بیر لەم پرسیارە دەکاتەوە. هەمووان دەزانن کە نزیکەکانی ئێمە چەندین فەرسەخ لێمانەوە دوورن.

– بزانم بێدەنگ بوویت؟ قەیدی نییە، بێئەوەی تۆ قسان بکەیت لە مەبەستت حاڵی دەبم... ودەڕۆم.

بەئەسپایی پرسیم: هەروا زوو.

چونکە تا رادەیەکی ئەوتۆ کەوتبوومە دڵتەنگی و تەنیاییەوە وەك ئەوەی ئەو لەوێ نەبێ.

– بەڵێ دەڕۆم. بەڵام جارەکی دی بۆ لات دێمەوە. چاوەڕوان بە. وڕۆیی. چۆن چۆنی ڕۆیی؟ ئاگام لێنەبوو. بەپەلەو بەبێ خشپە ڕۆیی. وەك ئەوەی سێبەرێ بووبێ، لەپڕ وون بوو...و نەما...

من ماوەیەکی دیش لەسەر تەختی ناو باخەکە دانیشتم. هەستم بەسەرمای دەرەوە نەدەکرد و ئاگام لێنەبوو کە خۆر هەڵاتووەو تیشکەکەی بەسەر لق و پۆی سەهۆڵگرتووی درەختەکانەوە دەدرەوشێتەوە. بینینی ڕۆژی روناك و هەتاوێ کە وەکو هەمیشە بەبێ مەبالاتی دەبریسکایەوەو تەماشاکردنی ئەم زەوییە کۆن و پیرەی کە تەنکە بەفرێك داپپۆسشی بوو ولەژێر تیشکی خۆرەکەدا دەبریقایەوە، بەلامەوە زۆر جوان و دڵڕفێن بوو..

سەرگەڵو، ١٩٨٥/١/٢٨

***دایك و فەرزەند***

چەند بتوانی و بتەویٚ داستان و چیرۆکان سەبارەت بە دایکان بێژی هێژ هەر کەمەو نایەتە تەواو بوون. چەند هەفتەیەك بوو کە دژمنان تەنگیان بەشار هەڵچنی بوو، ئەڵقاوئەڵق گەمارۆیان دابوو. هەموو پەیت و تیار، چەك و تەدارەکیان لە خۆ دابوو. شەوان بڵێسەی ئاگر بەرزدەبووەوە، دەتگوت کۆمەڵە چاوێکی سووری بێئەندازە، لە نێو تاریکی شەوەوە دەڕوانێتە دیوارەکانی شار. لەو چاوانەوە گڕی خۆشحاڵی دەباری و مەشخەڵی شادی هەڵدەستاو ئەو سۆزو گودازە هەرەشە ئامێزە، بیری ئاڵۆزو تاریکی لە نێو شاری ئابڵوقە دراودا چێدەکرد. لەسەر دیوارەکانەوە دەیانبینی کە گەمارۆی دژمنان بەردەوام تەنگتر دەبوو، سێبەرەکانیان لە دەورو بەری ئاگرەکانەوە دیاربوو. حیلەی ئەسپە تێرو قەڵەوەکانیان دەبیسترا. تەق و هۆری چەکەکانیان و قاقای پێکەنینیان دەهاتە گویٚ، سەدای ئاوازی کەسانیٚ کە متمانەیان بەسەرکەوتنی خۆیان هەبوو، بەرز دەبووەوە. ئاخۆ چ شتێك لە پێکەنین و ئاوازی دژمن ناخۆشتربیٚ؟ دوژمنان تەواوی ئەو روبارو سەرچاوانەیان گرتبوو کە دەهاتنە نێو شارەوە. رەزەکانی دەوروبەری شورای شاریان خڕ سووتاندبوو، کێڵگەکانیان پاك پێشێل کردبوو. درەختی باخەکانیان لە بنڕا بڕی بوو. شار لە گشت لاوە وازو بیٚ پارێزەر بوو. هەموو رۆژێك تۆپ و تفاقی جەنگی دوژمنان وەکو ڕێژنەی ئاگرو ئاسن بەسەر شاردا دەباری. سەربازانی برسی کە لە جەنگ وەرس بوو بوون، بەچارەی گرژو رووی مۆنەوە بە کۆڵانە تەنگەکانی شاردا دەسوڕانەوە. سەدای ناڵەی زامدارن، هاوارو فریاد،نزاو نزولەی ژنان و گریەو کڕوزانەوەی منداڵان لە پەنجەرەکانەوە دەبیسترا.هەموو بەترس و بەچپەوە قسانیان دەکرد. لە کاتی گفتوگۆدا قسەی یەکدییان دەبڕی و بەوردی گوێیان هەڵدەخست کە ئاخۆ دژمن دەستی بە هێرش کردووە. بەتایبەتی لە هەوەڵی شەودا ژیان گەلەك دژوار دەبوو. چونکە وەختیٚ کە سێبەری شین و رەش لە نێو کێوەکانەوە دەهاتە دەریٚ و ئۆردووگای دژمنی دادەپۆشی وبەرەو دیوارە نیمچە وێرانەکانی شار دەهات و مانگ وەکو قەلغانێك کە لە مەیدانی جەنگدا کەوتبیٚ و بەزەبری شیر لەت و پەت کرابیٚ، لەسەر لوتکەی چیاکانەوە دەردەکەوت، کە لەسایەی بێدەنگی و تاریکیدا، ناڵەی شیوەن پترو ئاشکراتر دەهاتە گویٚ.

ئەو خەڵکەی کەشەکەتی دەستی داماوی و برسێتی بوون و چاوەڕوانی هیچ جۆرە کۆمەکێك نەبوون، رۆژ بەرۆژ پتر نائومێد دەبوون. خەڵکی بەترسەوە دەیانڕوانییە ئەو مانگە، لوتکەی قووچی چیاکان، زاری داپچڕاوو رەشی دۆڵەکان و ئۆردووگای پڕو قەرەباڵغی دژمنان، تەواوی ئەم شتانە مەرگ و کارەساتیان لەبەرچاوی خەڵکەکە بەرجەستە دەکرد. چ ئەستێرەیەکی ئومێدیش بۆ دڵدانەوەیان نەدەدرەوشایەوە. دەترسان لەماڵەکاندا چرا هەڵبکەن. تاریکییەکی رەش و چڕ باڵی بەسەر کۆڵانەکاندا کێشابوو. لەناوجەرگەی ئەو تاریکییەوە ژنێکی سەراپا رەش وەکو ماسییەك کە لە قولایی روبارێکدا مەلە بکات بە نیگەرانی بە کۆڵانەکاندا دەسوڕایەوە. خەڵکی وەختیٚ کە دەیانبینی لە یەکتریان دەپرسی:

- ئەوە؟
- ئەوە!

ئەوسا دەسبەجێ لە پەناو پەسێرەکاندا ون دەبوون. یان سەریان دادەخست و بە کڕی بەلایا ڕەت دەبوون. فەرماندەی نیگابان و پاسەوانەکانیش بە ڕەقی پێیان دەگوت:

– ماریانا خانم دیسان کەوتیتەوە نێو کۆڵانەکان؟ ئاگات لە خۆبێ لەوانەیە بتکوژن. خۆ کەسیش تاقیبی بکوژەکەت ناکات... ژنەکە پشتی ڕاست دەکردەوە. هەڵوەستەیەکی دەکرد. دەستە پاسەوانەکان بە تەنیشتیا ڕەت دەبوون و زاتیان نەدەکرد، یا پێیان نەنگ بوو دەست لە رووی هەڵبێننەوە. خەڵکانی چەکدار بەشێوەیەك پارێزیان لێدەکرد دەتگوت لاشەیەکی مردووە و. ئەویش لە تاریکییەکەدا دەمایەوە، بەئارامی و بەتاقی تەنیا خۆی دەدایە دەم هەنگاوەوە.مات و بێدەنگ وەکو هێمای گشت نەگبەتییەکانی شار بێ، لەکۆڵانێکەوە بۆ کۆڵانێکی تر دەڕۆیی. لە هەر چوار نکالیشەوە سەدای خەمناکی ناڵە، شیوەن، نزا و پاڕانەوەو گفت وگۆی خەمباری سەربازانی گرژو مۆن کە تەواو ئومێدبڕ بوو بوون، تاقیبیان دەکرد، وەکو سێبەر لە دووی دەکشانو سەریان دەژەنییە جەرگی. ئەو ژنە کە هەم دایك بوو هەم ئەندامێکی وڵات بوو، بیرێکی لای کوڕەکەی و بیرێکی لای نیشتمانەکەی بوو: کوڕە لاوچاك و چالاکەکەی، لێ بێ بەزەییەکەی ئەو ، سەرکردایەتی خەڵکانێکی دەکرد کە شاریان وێران دەکرد. تاکو ماوەیەك لەوەوپێش دایکی بەشانازییەوە تەمەشای دەکرد، وای حسێب دەکرد کە دیارییەکی گرانبەهایەو بۆ وڵاتی بە بەرهێناوە، بەو هێزە چاکەی دەزانی کە بۆ یارمەتیدانی خەڵکی شارەکە پەروەردەی کردبوو. ئەو شارە هێلانەیەك بوو کە هەم خۆی تیایا هاتبووە دنیاوە، هەم جگەرگۆشەکەشی لەوێدا پەروەردە کردبوو. سەدان داوی نەبینراو دڵی دایکەکەی بە کۆنە بەردەکانەوە، ئەو کۆنە بەردانەی کە باپیرانی خانوو وبەرەی خۆیان لێ دروست کردبوو، شورەی شاریان لێدروست کردبوو، بەو خاکەوە کە ئێسك و پروسکی خزمانی هاوخوێنی ئەو بەلایلایەی ئەفسوناوی و شیعرو ئومێدەوە تێیدا نووستبوون، گرێی دابوو. ئێستا ئەو دڵەی کە نزیکترین و خۆشەویستترین کەسی لەدەست دابوو ، گەواهی دەدا: ئەو دڵە وەکو تەرازوویەك بوو، بەڵام کاتێ خۆشەویستی خۆی دەرهەق بە کوڕەکەی و سەبارەت بە زێدەکەی بەو تەرازووە کێشانە دەکرد، نەیدەتوانی بزانێت کام تایان قورسترەو کامیان سوکترە؟

بەم شێوەیە شەوان لە کۆڵانەکاندا دەسوڕایەوەو ئەو کەسانەی کە نایانناسی دووچاری ترس دەبوون. پەیکەری ڕەشیان بە دیمەنێکی ئەو مەرگە لە قەڵەم دەدا کە لەهەموویان نزیك بوو بووەوە. ئەگەر بشیان ناسیبا– ئەوا بەکڕی لە دایکی تاوانبار دوور دەکەوتنەوە.

شەوێك ئەم دایکە لە سووچێکی دوورو تاریکا نزیکی شورەی شار لەگەڵ ژنێکی دیدا ڕوو بە ڕوو بووەوە: ئەو ژنە بە بێ جوڵە وەکو پارچەیەك لە زەوی بەدیار لاشەیەکەوە چۆکی دادابوو. ڕووی خەمناکی کردبووە ئەستێران و نزای دەکرد. لەسەر شورەکەوەو بە دیار سەری ئەوەوە پاسەوانەکان بە ئەسپایی دەدوان، کە چەکەکانیان بەر دیوارەکە دەکەوت دەنگی دەدایەوە.

دایکی تاوانبار پرسی: – مێردتە؟

– نە.

– براتە؟

– کوڕمە. مێردەکەم سیازدە ڕۆژ بەر لە ئێستا کوژرا، ئەمیش ئەمڕۆ

ئەوجا دایکی کوژراوەکە هەستایە سەر پێ و بەرەزامەندی و شوکرانەوە گوتی:– پاکیزەی پیرۆز هەموو شتێك دەبینیٚ و گشت شتێك دەزانیٚ و زۆری لیٚ مەمنوونم!

دایکەکە پرسی:– لەبەرچی؟

ژنەکە وەڵامی دایەوە:– ئێستا کە لە جەنگی بەرگری لە نیشتمان کوژراوە، دەتوانم بە ئاسودەییەوە بڵێم کە زۆری لیٚ دەترسام: کە منداڵ بوو زۆری حەز لە ژیانی ڕەحەت و خۆش بوو، منیش دەترسام لەبەر ئەمە ئەویش خیانەت لە شارەکەمان بکات و وەکو کوڕەکەی ماریانا ببیٚ بە دژمنی خەڵك و خوا و سەرکردایەتی دژمنان بکات، نەفرەت لەو و لەو هەناوەش کە ئەوی هێنایە دنیاوەو پەروەردەی کرد!...

ماریانا ڕووی خۆی داپۆشی و دوور کەوتەوە. بەڵام سبەینیٚ بەیانی زوو هاتە لای جەنگاوەرانی شارو گوتی:– چونکە کوڕەکەم بووە بە دژمنتان، یا بمکوژن یا دەروازەی شارم لێوەکەن تا منیش بڕۆم بۆ لای ئەو...

وەڵامیان دایەوە:– تۆ ئینسانیت و پێویستە نیشتمانەکەت لا خۆشەویست بیٚ، کوڕەکەی تۆ وەك چۆن دژمنی هەر یەکێك لە ئێمەیە ،دژمنی تۆشە.

– من دایکم دایك. ئەوم خۆشەویٚ و خۆم بە گوناهبار دەزانم کە ئەو وادەرچووە!..

ئەوجا کەوتنە راوێژو تەگبیر کە چیبکەن. بڕیاریانداو گوتیان:

– ئابڕو ڕێمان نادات بە تاوانی کوڕەکەت بتکوژین. ئێمە دەزانین کە تۆ بەم گوناحە مەزنە گۆشت نەکردووەو هەستدەکەین کە چەندە نیگەرانی. بەڵام تۆ وەکو بارمتەش بۆ شار پێویست نیت– کوڕەکەی تۆ هەرگیز خەمی تۆ ناخوات، ئێمە پێمان وایە کە ئەو ئەهریمەنە بە تەواوی تۆی فەرامۆش کردووە– خۆ ئەگەر پێت وایە شایەنی سزایت ئەوا ئەم سزایەت بەسە! بەلای ئێمەوە ئەم سزایە لە مەرگیش قورسترە!

دایکەکە گوتی:–بەڵیٚ! ئەم سزایە بەسامترە!

دەروازەکەیان بۆ کردەوەو لەشار دەرچوو، بۆ ماوەیەکی زۆر لەسەر شورەکەوە تەمەشایانکرد، کە چۆن بەسەر خاکی پیرۆزی زێدی خۆیدا، ئەو خاکەی کە کوڕەکەی بە خوێنی خەڵکی پاراوی کردبوو، دەڕۆیی: بە هێمنی هەنگاوی دەنا. بە زەحمەتێکی زۆرەوە پێی لەو خاکە بەرز دەکردەوە، کڕنۆشی بۆ جەستەی بەرگریکارانی شار دەبرد. بە نەفرەتەوەو بە نوکە پێیان چەکە شکاوەکانی دوور دەخستەوە– دایکان گەلەك لە چەکی هەڵمەت و پەلامار بێزارو وەڕسن، تەنیا چەکێك پەسند دەکەن و بە ڕەوای دەزانن کە بۆ بەرگری لە ژیان پێویستە.

دەتگوت لەژێر پاڵتۆرەشە هاودانانەکەیەوە جامیٚ ئاوی هەڵگرتووەو دەترسیٚ بیڕێژێت. تا دوورتر دەکەوتەوە بچووکتر دەینواند. ئەو کەسانەی کە لەسەر شورەکاناوە تەمەشایان دەکرد، وایان دەهاتە بەرچاو کە لەگەڵ تارمایی ئەودا هەرچی بێزاری و خەم و نائومێدی هەیە یەخەی ئەمان بەردەدەن و دوور دەکەونەوە. تەمەشایانکرد لە نیوەی ڕێگادا وەستا، کڵاوی پاڵتۆکەی لەسەر سەری لاداو ماوەیەکی زۆر ڕوانییە شار، لیٚ لەوێشەوە، لە ئۆردووگای دژمنیشەوە بەدییان

کردبوو کە بەتاقی تەنێ لە ناوەندی ئەو دەشتەدا وێستابوو،و کۆمەڵە تارماییەکی رەشی خۆی ئاسایی، بە کاوەخۆو بە سڵکردنەوە لێی نزیك دەبوونەوە. نزیك بوونەوەو پرسییان: - کێی، بۆ کوێ دەڕۆیت؟

دایکەکە گوتی:- سەرداری ئەنگۆ کوڕی منە.

هیچ یەکێك لە سەربازەکان گومانیان لە دروستی قسەکەی نەکرد. شانبەشانی ئەو کەوتنە ڕێ، ستایشیان دەکرد کە کوڕەکەی یەکجار ژیرو ئازایە، دایکەکەش بە غرووڕەوە سەری بەرزکردەوەو گوێی لە قسەکانیان دەگرت و بەلایەوە سەیر نەبوو.

- ڕۆڵەی ئەو دەبێ وابێ!

ئەنجام لە بەرانبەر کەسێکدا گیرسایەوە کە نۆ مانگ بەر لە دایکبوونی دەیناسی. لە بەرانبەر ئەو کەسەدا بوو کە هەمیشە بە پارچەیەك لە جگەری خۆی دەزانی. سەراپای مەخمەل و ئاوریشم بوو. چەکەکەی گەوهەر ڕێژ بوو. هەموو شتێك بەوشێوەیە بوو کە دەبووایە وابووایە. دایکی چەندین جار لە خەوندا بەو شێوەیەو بە دەوڵەمەندی و نێوداری بینی بووی، دەستی دایکی ماچ دەکات و دەڵێت:

- دایکە تۆ بۆلای من هاتیت، ئێژی هەستت بە نیازی من کردووە، لە سبەینێ زووتر نییە کە ئەم شارە نەفرەت لێکراوە دەگرم!

دایکی گوتی:-ئەو شارەی کە تیایا لە دایك بوویت.

کوڕە لاوەکەی، کە مەستی ئازایەتی و شەیدای نێو وشۆرەت بوو، بەگەرم و گوڕی و فیزی لاوانەوە دەیگوت:

- من لە دنیادا وبۆ دنیا لە دایك بووم، تا غەرقی سەرسامی بکەم! من لەبەر خاتری تۆ رەحمم بەم شارەدا دەکرد- ئەم شارە وەکو دڕکێك لە ژێر پێی من چەقیوەو بەرهەڵستی ئەوەیە کە وەکو چۆن خۆم دەمەوێ بە پەلە بەرەو جیهانی شۆرەت و سەربڵندی بڕۆم. بەلام ئێستا- سبەینێ- ئەم لانەی سەرکێشانە تەفرو توونا دەکەم!

دایکەکە گوتی:- ئەو لانەیەی کە دارو بەردی لە منداڵییەوە تۆ دەناسێت.

- ئەو بەردانە مادام مرۆڤ نەتوانێ بیانهێنێتە زمان، لاڵن- گوێ لە چیاو کێوەکان بگرە کە دەربارەی من بدوێن، من ئەمەم گەرەك!

دایکەکە پرسی:- ئەی سەبارەت بە خەڵك چ دەڵێیت؟

- ئاە!بەڵێ من ئەوانم لەبیرە دایکە! ئەوانیش بۆ من پێویستن، چونکە دلێرو قارەمانان تەنیا لە یادگەی ئەوانا نەمر دەبن!

دایکەکە گوتی:- قارەمان ئەوکەسەیە وێڕای مەرگ، ژیان دروست بکات، ئەو کەسەیە کە بەگژ مەرگدا دەچێت...

ئەو وەڵامی دایەوە:-نـــــا! وێرانکەرانیش، وەکو دامەزرێنەرانی شاران نێودارو سەربەرزن، تەمەشاکە- ئێمە نازانین کە شاری رۆم، رمولۆس دروستی کردووە یان کەسێکی دیکە، بەلام ناوی ئالاریخ و گشت ئەو دلێرانەی کە ئەو شارەیان وێران کردووە، بە دروستی مەعلومن...

دایکەکە دیسان بیری خستەوە:- ئەو شارەی کە نەمرەو ئەو دلێرانەی کە چ ئاسەوارێکیان نییە. بەمجۆرە تا خۆراوا لەگەڵ دایکیا قسەی کرد، ئیدی دایکی بەدەگمەن قسە شێتانەکانی ئەوی دەبڕی و سەری بەرزی هەردەم پتر بەسەر سینگیدا شۆڕ دەبووەوە.

دایك رۆڵە دێنێتە بەرو گیان دەبەخشێت، -دایك شەونخوونی دەكات و ئێشك دەگرێت، باسی وێرانكاری و روخاندن لای دایك وەكو دژمنایەتی كردنی ئەو وایە. كوڕەلاوەكە ئەمەی نەدەزانی و بە پێچەوانەی بۆچوونی دایكەوە بۆ مەرگ، رەفتاری دەكرد.

دایك هەمیشە دژمنی مەرگە، دایك هەمیشە نەفرەت لەو دەستە دەكات كە رووی كاروانی مەرگ دەكاتە ماڵی خەڵكی و هەمیشە دژمنایەتی ئەو دەستە دەكات. كوڕەكەی ئەو ئەمەی نەدەبینی، خولیای سەردی شۆرەت ونێوبانگ كە دڵی كرمێ دەكرد، كوێری كردبوو. هەروەها نەیدەزانی كە دایك- كاتێ منداڵی دەبێ و پارێزگاری لێدەكات، كاتێ دەكەوێتە ژێر هەڕەشەی مەترسییەوە - دڕندە-یەكی یەجگار زیرەك و بێڕەحم و بێباكە.

دایكەكە بە كزییەوە دانیشتبوو، لە ژێر خێوەتی سەردارەوە تەمەشای ئەوشارەی دەكرد كە تیایدا یەكەمین موچوڕكەی شیرین و لەزەتبەخشی پێدا هات و ئەنجامەكەی ئەم كوڕە بوو، ئەم كوڕەی كە ئێستا نیازی وێرانكردنی ئەو شارەی هەیە. تیشكی خوێناوی خۆر لە بورج و شورەی شاری دەدا. شووشەی پەنجەرەكان بە شومی دەبریسكانەوە، دەتگوت هەموو شار بریندار بووەو شیلەی سووری ژیان لە سەدان برینییەوە دەچۆڕایەوە. كات تێدەپەڕی، شار وردە وردە ڕەش هەڵدەگەڕا، دەتگوت لاشەی مردوویەكی بەجێماوە، ئەستێران دەركەوتن وەك ئەو شەمالكانە دەیاننواند كە دەورو بەری تەرمێك روناك دەكەنەوە.

نیگای دایكەكە خۆی بە ژووری ژووری ماڵە تاریكەكاندا دەكرد. ئەو ماڵانەی كە خەڵكی شار نەدەوێران چرایان تیا داگیرسێنن و ئاگریان تیا بكەنەوە، نەبادا سەرنجی دژمنان راكێشن، نیگاكانی تا ئەوپەڕی كۆڵانە تاریكەكان بڕی دەكرد، ئەو كۆڵانانەی كە بۆنی تەرم پڕی كردبوون و سەلای رازی ئەو خەڵكەی كە چاوەڕێی مەرگ بوون تیایدا دەبیسترا- ئەو هەموو كەس و گشت شتێكی دەبینی. تەواوی ئەو شتانەی كە بۆ ئەو كەوی وئاشناو پیرۆز بوون، نزیك بوو بوونەوە، دەتگوت هەموو بە ماتی و بێدەنگییەوە بەرانبەری راوەستا بوون و چاوەڕێی بڕیاری ئەو بوون، دایكەكە وای هەستدەكرد كە دایكی گشت خەڵكەكەو دایكی شارەكەی خۆیەتی.

لە لوتكەی سەربەتەمی چیاكانەوە هەوران وەكو ئەسپی باڵدار بەرەو پێدەشتەكە دەهاتن وبەرەو شاری ئابلوقەدراو دەفڕین. كوڕەكەی دەیگوت: - ئەگەر شەو بەئەندازەی پێویست تاریك بێ، رەنگە هەر ئەمشەو بەسەر شارا بدەین! كاتێ كە تیشكی هەتاو لە چاوی مرۆڤ دەدات، بریسكەی چەك بەرچاوی دەگرێت و لەم دەمانەدا شمشێر بەچاكی مەبەست ناپێكێ ، بەدەم ئەم قسانەشەوە دەیڕوانییە شمشێرەكەی.

دایكەكە پێی گوت:- وەرە ئێرە ، سەرت بخە سەر سینگم، پشوویەك بدەو وەبیری خۆتی بێنەوە كە لە سەردەمی منالیدا تۆ چەند دلۆڤان و چالاك بوویت و خەڵكەكە چەندیان خۆشدەویستی.

لاوەکە بە گوێی دایکی کرد. سەری خستەسەر ڕانی دایکی. راکشاو بە چاوی نوقاوەوە گوتی:- من تەنیا شۆرەت و تۆم خۆش دەویٚ- تۆشم بۆیە خۆشدەویٚ کە بەم شێوەیەت هێنام.

دایکەکە بە رووی گرژەوە پرسی:- ئەدی ژنان؟

- ژنان یەجگار زۆرن و پیاو زوو لێیان بێزار دەبیٚ.

دایکەکە دوا پرسیاری لێکرد:- تۆ حەزناکەی منالّت بن؟

- بۆچی؟ بۆوەی بیانکوژن؟ یەکێکی وەکو من بیانکوژێت و من گیرۆدەی خەم و خەفەت ببم و ئەوساکە ئیدی من پیرو بیٚ توانا بووبم و نەتوانم تۆڵەیان بستێنم.

دایکەکە ئاهێکی هەڵکێشاو گوتی:-تۆ وەکو بریسکی داگیرساو جوانی بەلاّم بیبەری.

بەزەردەخەنەوە وەلاّمی دایەوە:- بەلّیٚ وەکو بریسکی داگیرساو...و ئەوجا وەکو منداڵ بەسەر سینگی دایکییەوە خەوی لێکەوت. دایکەکە پاڵتۆ ر ەشەکەی بەسەر کوڕەکەیدا داو لە ژێریا شاردییەوە. کێردێکی بڕندەی بە دلّی کوڕەکەیدا کرد، ئەویش تەکانێکی داو دەم و دست گیانی سپارد- ئاخر دایك زۆر چاك دەزانێت کە دلّی ڕۆڵەکەی لە کوێوە لێدەدا. ئەوجا لاشەی بێگیانی کوڕەکەی توڕدایە بەر پێی پاسەوانە سەرسامەکان و رووی کردە شارو گوتی:- ئەوەی لە توانامدا بوو بۆ نیشتمانەکەمم کرد، بەلاّم من وەکو دایك: لەگەڵ رۆڵەکەمدا دەمێنمەوە! ئیدی وەختی ئەوە بەسەر چووە کە من رۆڵەیەکی دی بێنم، مانەوەی منیش بۆ هیچ کەسێك پێویست نییە.

ئەوجا بەدەستێکی بەهێزەوە ، هەمان کێردی کە هێشتا بە خوێنی کورەکەی- واتە بەخوێنی خۆی- گەرم بوو ، بە سینگی خۆیدا کردو دەقاو دەق بەردلّی کەوت- وەختیٚ دڵ بە کول و کۆڤان بیٚ، بەئاسانی دێتە پێکان.

**جانۆ شێت**

**چیرۆکی:م.گۆرکی***

جانۆ شێت کوڕێکی خۆش سیما بوو،بەڵام هەرکارێکی دەکرد،بەشێوەیەکی پێکەنیناوی دەشکایەوە.بە پێچەوانەی خەڵکییەوە لە هیچ کارێکدا سەرنەدەکەوت.

ڕۆژێ کابرایەکی دێهاتی بۆ کارکردنی برد،وخۆیشی لێڕا دەگەڵ ژنەکەیدا بۆ شار بڕوات.ژنی کابرای دێهاتی بە جانۆی گوت:- تۆ لە دیار منداڵەکان دەبیت و ئاگادارییان دەکەیت وخواردنیان دەدەیتێ..

جانۆ پرسی:- باشە چ خواردنێکیان بدەمێ؟

-تۆزێ ئاو وئارد دێنێت، پەتاتەی تێ دەجنی وئەوسا دەیکوڵێنی و دەبێ بە شۆربا.

کە کابرای دێهاتی دەگەڵ ژنەکەیدا ڕۆیی ،جانۆ بە هەشتاو خۆی بە ژوورەدارینەکەی منداڵەکاندا کرد،بێداری کردنەوە،هێنانیە خوارەوەو لەسەر عاردەکەی دانیشاندن وبە دیاریانەوە دانیشت وگوتی:-زۆر باشە من ئیستا چاودێری ئێوەم.

منداڵەکان مودەتێك بەو دەقەوە لە عاردی دانیشتن،پاشان داوای خواردنیان کرد.جانۆ مەنجەڵێکی تەژی ئاوی هێنا،نیو گونیە ئاردو مەنێك پەتاتەی تێ هەڵڕشت.هەر هەمووی بە داردەستێك تێك هەڵشێلاو بە دەنگی بەرز لە خۆی پرسی:- باشە ئیستا کامیان بجنم؟

منداڵەکان کە گوێیان لەم قسەیە بوو ترسان وبە خۆیان گوت:-ناشێت بیەوێ ئێمە بجنێت؟ وبە هەشتاو لە کوختەکە دەرفرتان.

جانۆ کە بینی هەڵاتن،لاملی خۆی خوراند،لە بەرخۆیەوە بیری کردەوە:- باشە ئیستا دەبێ چۆن ئاگاداریان بم؟ تازە دەبێ ئەم دەرگایە بگرم تا ڕانەکەن.

ئەوسا نیگایەکی مەنجەڵەکەی کردو گوتی:-تۆ بۆ خۆت بکوڵێ شۆربای من، با من بڕۆم ئاگام لە منداڵەکان بێت.

دەرگاکەی لە پاژنە دەرهێناو دای بە شانیاو بەرەو جەنگەڵ ولێرەوار بەڕێ کەوت.بەڵام لەپڕ ڕوو بە ڕووی ورچێك بووەوە کە بەرەو ئەو دەهات.ورچەکە بە سەرسامی بۆڕاندی:- ها،ئەوە بۆچی دار بۆ لێرەوار دەبەیت؟

جانۆ حاڵ وحیکایەتەکەی خۆی بۆ ورچە گێڕایەوە،ورچە لەسەر پاشوان دانیشت ودەستی بە پێکەنین کردوگوتی:- تۆ کابرایەکی سەیری،هەقە بتخۆم!.

بەڵام جانۆ وەڵامی دایەوە:- هەقە بچی منداڵەکان بخۆیت تا لە ئیستا بە دواوە بە قسەی دایك و بابیان بکەن و بۆ لێرەوار هەڵنەیەن!

ورچە ئەمجارەیان زیاتر پێکەنی،لەبەر پێکەنین خۆی بە پێوە نەدەگرت.گوتی:- من لە عەمرانم شێتی وام نەبینیوە.وەرە لەگەڵ مندا،پێویستە بە ژنەکەمت نیشان بدەم.وبۆ لانەکەی خۆیانی برد.جانۆ دەرگاکەی هەر بەشانەوە بوو،بە دەم ڕێکردنەوە بەر دارو درەختی ئەمبەر ئەوبەری ڕێگاکە دەکەوت. ورچە گوتی:-ئیدی ئەم دەرگایە فڕێ بدە!

-نا،من قەولم داوە کە ئەم دەرگایە بگرم،دەبێ قسەی خۆم بەرمە سەر!.

کە گەییشتنە لانەکە ورچە بە ژنەکەی گوت:- مارتین تەمەشا! بزانە چیم بۆ هێناوی!مۆدێلێکی تەواوە.

جانۆ لە مێچکە ورچەکەی پرسی:-دایە گیان تۆ منداڵەکانت نەدیون؟

-منداڵەکانم لەماڵەوەن و خەوتوون.

-ئێ،پیشانمیان بدە،لەوانەیە هەمان منداڵەکانی من بن!.

مێچکە ورچ جانۆی بۆ لای سێ بێچووەکەی کە نوستبوون،برد.جانۆ کە دیتنی گوتی:-نا،ئەمانە هەونین،چونکە منداڵەکانی من دوان بوون!.

مێچکە ورچ لە قاقای پێکەنینی داو گوتی:-بەڵام ئەوانەی تۆ منداڵی بنیادەمن!.

-بەڵێ،بەڵام بەو بچوکیە چۆن جیادەکرێنەوە!؟

مێچکە ورچ زۆری پێ سەیر بوو،بە مێردەکەی گوت:-چەند کورێکی قۆشمەیە!گوێ بگرە مارتن بەگ،واچاکە نەیخۆین،با لای خۆمان گلی بدەینەوەو کارمان بۆ بکات.

نێرە ورچ گوتی:-رازیم.ئەمە هەرچەندە بنیادەمە بەڵام بە راستی زۆر بێوەیە!.

مێچکە ورچ قەرتاڵەیەکی دایە جانۆ وگوتی:-برۆ توەفەرەنگی کێوی کۆبکەرەوە.دەمەوێ کە منداڵەکانم لە خەو ڕابوون،خواردنێکی باشیان بدەمێ.

جانۆ گوتی:-باشە من ئەم کارە دەکەم،بەڵام تا دێمەوە ئێوەش ئەم دەرگایەم بۆ بگرن!ئیدی بەرەو دارستان رۆیی کە توفەرەنگی کۆبکاتەوە. قەرتاڵەی پڕکردو بە خویشی تێروپڕی خوارد.ئەوسا بە دەم ئەم گۆرانیەوە بەرەو لانەی ورچەکان گەرایەوە:

هەرچی حەیوانی خوایە

ناشی وبێ دەس وپایە

جگە لە مورچەو مێرولان

هەروەها سوسەمارومارمێلکان

کە گەییشتەوە بەر لانەکە هاواری کرد:

-فەرموو ئەوەش توفەرەنگی!.

بێچووە ورچەکان کە دەیان مڕاندو خۆیان لێکدی هەڵدەسوو،بە هەڵبەزو دابەز بەرەو قەرتاڵە تووەکە هێرشیان برد!.

جانۆ کە تەمەشای دەکردن گوتی:-مەخابن، مەخابن کە من ورچ نیم!ئەگەر ورچ بام منیش دەمتوانی بێچووم هەبێ.

ورچەو ژنەکەی خەریك بوو لە پێکەنینا دەبورانەوە.ورچە گوتی:

ئاه خودایا! ئەم کورە لە پێکەنینا دەمانکوژێ!

جانۆ گوتی:-گوێ بگرن! ئێوە هەمدیس دەرگاکەم بۆ بگرن تا من برۆم لە منداڵەکان بگەرێم،دەنا ئاغام پێستم دەگروێ.

مێچکە ورچە بە مێردەکەی گوت:-مارتن بەگ! واچاکە تۆش یارمەتی بدەی ولە گەڵی بچیت.

ورچە قاییل بوو وگوتی:-ئەرێ هەقە یارمەتی بدرێ چونکە زۆر قۆشمەیە.

ورچە لەگەڵ جانۆدا بە تولە رێگاکانی ناو دارستانەکەدا بە رێ کەوت.بەدەم رێگاوە دۆستانە قسانیان دەکرد.ورچە بەسەرسامی پرسی:-تۆ چەند شێتی!.

جانۆ گوتی:– ئەدی تۆ؟ تۆ ئاقڵی؟!
–من؟
–بەڵێ تۆ..
–نازانم.
–منیش نازانم! تۆ شەڕخوازیت؟
–نا،بۆ؟
–چونکە من پێموایە هەرکەسێك شەڕخوازبێت، دەبێ گەوجیش بێت.منیش شەڕخواز نیم.کەواتە نە تۆ گەوجی و نە من.
ورچە بەسەرسامی گوتی:–عەجەب!تۆ بزانە چ لێکدانەوەیەك دەکات!.
لەپڕ هەردوو منداڵەکەیان بینی کە لەبن دەوەنێکا خەوتبوون.
ورچە پرسی:– دەڵێی منداڵەکانی تۆن؟
جانۆ گوتی:–نازانم.دەبێ لە خۆیان بپرسین.منداڵەکانی من برسیان بوو.
منداڵەکانیان هەستاندولێیان پرسین:–برسیتانە؟
منداڵەکان هاواریان کرد:–ئەرێ،ئەرێ لە مێژە برسین!
جانۆ گوتی:–ها،کەواتە منداڵەکانی منن.من هەر ئیستا بۆ گوندیان دەبەمەوە،تۆش باوکە گیان،بێ زەحمەت دەرگاکەم بۆ بێنەوە.دەبێ برۆم شۆربا لێبنەم.
ورچە وەڵامی دایەوە:–باشە بۆتی دێنمەوە.
جانۆ لە دوای منداڵەکانەوە کەوتەرێ و وەکو چۆن راسپێردرابوو،ئاگای لێیان بوو،وگۆرانی دەگوت:
قەت بە خەیاڵتا هاتووە
قالۆنچان
کەروێشکی بێچارە
راوبکەن
رێوی وتاژی
لە پاڵ یەکا دانیشن و
بەسەرسامی تەمەشا بکەن.
کاتێ جانۆ گەییشتەوە کوخەکەی کابرای دێهاتی،دەمێ بوو خۆی و ژنەکەی لە شار گەڕابوونەوە. لە ناوەندی ژووردا،مەنجەڵی پڕ لە ئاو وپەتاتەوئاردیان بینی بوو، نە هیچ هەواڵێك لە منداڵەکان هەبوو ونە لە دەرگای کوختەکەیان.بە دوو قوڵی لەسەر تەختێك دانیشتبوون و بەکوڵ دەگریان.کە جانۆیان بینی مەنجەڵەکەیان نیشان داو پرسیان:–ئەمە چیت کردووە؟
شۆربایە.
خۆ شۆربا واهی دروست ناکرێ.
من لە کوێ بزانم؟

ئەدی دەرگای ماڵەکە کوا؟

ئیستا بۆتانی دێننەوە.ئەوەتا ! گەییشت!.

ژن ومێرد لە پەنجەرەکەوە تەمەشایان کرد!ورچەکە دەرگاکەی نابووە سەرسەری و ساڵانە ساڵانە بە جادەکەدا دەهات.خەڵکی لە بەردەمیا هەڵدەهاتن وخۆیان دەگەیاندە سەربانان و دەچوونە سەر درەختەکان.سەگ وکسۆکان لە ترسا خۆیان لە پشت چەپەرو تەیمانان قایم کردبوو،تەنیا کەڵەشێرە سوور،شێرانە لە ناوەندی جادەکە وەستابوو و هاواری لە ورچە دەکرد:–قوقولی قوقو! ئەگەر پیاوی وەرە جیلو!..

*– ماکسیم گۆرکی کە ناوی (ئالکسی پشکۆڤە) لە ساڵی١٨٦٨دا لە شاری نیژنی نۆڤگۆرۆد لە دایك بووە(کە ئێستا ناوی گۆرکی لێنراوە) ویەکێکە لە نووسەرە ناودارەکانی روس و کۆمەڵێك بەرهەمی زۆری لە پاش بەجێماوە لەوانە: مناڵیی من،سەرگەردانان،دایك...گۆرکی لە ساڵی ١٩٣٦دا کۆچی دوایی کردووە.

*– سەرچاوە:قصەهایی از نویسندگان بزرگ برای نوجوانان/ترجمە:رچاسیدحسینی/چاپ پنجم،١٣٧٨

## لە پێناوی ڕاستیدا

## ئەوەی گیزە گیز بچێنێ، نابووتی دەدورێتەوە.

حەمە کەریم عارف

ڕۆژی ٢٠٠٦/٨/٢٩ بوو،چوومە دەوام بۆ دەزگای ڕۆشنبیری شەفەق لە کەرکوك،لە ژووری خۆم دانیشتبووم ، سەعات دەو بیست و یەك دەقیقە بوو،ژمێریار مووچەکەی بۆ هێنام، تەماشای لیستی مووچەکەم کرد ، سەیرم کرد کرابوو بە شەش سەدو پەنجا هەزار دینار، لە کاتێکدا مووچەی بەندە حەوت سەدو پەنجا هەزار دیناربوو،(بەنەسرییەوە کە پەنجا هەزار دیناربوو)،واتە مووچەکەم کەم کرابووەوە،( لە کاتێکدا پەیمانێکی چەند خاڵی لە بەینی بەندەو بەدران ئەحمەدا هەبوو،کە خاڵێکیان ئەوە بوو مووچەکەم بە هیچ جۆرێ کەم ناکرێتەوە...)،بە هەر حاڵ لیستەکەم ئیمزاکردو لە ئاستی ناوەکەمدا نووسیم(ئافەرین بۆ خۆتان!).

دوای نیو سەعاتێك هەستام ، بچم بۆ ماڵی خوشکم لە گەڕەکی کوردستانی کەرکوك کە هەندێ نانیان بۆ کردبووین تا بیبەمەوە، سواری ئوتومبێل بووم وچوومە ئەوێندەر، دوای چاك وخۆشی و هەواڵپرسین،سواری ئۆتۆمبیلەکەم بووم و بەناوجەرگەی کەرکوکدا بۆ سلێمانی وەڕێکەوتم، بە سەیتەرەکانی کەرکوك، قەرەهەنجیر ،چەمچەماڵ، تەکیەدا ڕەت بووم هیچ نەبوو،گەییمە کانی شەیتان، مەفرەزەیەکی مرور ڕایانگرتم:

– بێ زەحمەت کوا ڕەقەمەکەت؟

دابەزیم سەیری پاش و پێشی ئۆتۆمبیلەکەم کرد ژمارەی پێوە نەما بوو،خۆ بە یانی تابلۆی ژمارەکانی پێوە بوو، خۆ ئۆتۆمبێل جگە لە دەزگای شەفەق لە چ شوێنێکی دیکە ڕانەگیراوە، پێم گوتن :

– من حەمە کەریم عارفم، لە دەزگای شەفەقی کەرکوك کار دەکەم، ئیجرائاتی یاسایی ئاسانم لە گەڵ بکەن و ئیشەکەم لێ قورس مەکەن، ئید ی بەدەم پسوڵە نووسینەوە کەوتنە قسە کردن،

–مامۆستا تۆ شانست هەیە، چۆن بەبێ ژمارە بەناو کەرکوکدا هاتوویت و تووشی مەفرەزەی ئەمریکییەکان نەبووی، باوەڕبکە بیانگرتبای بە ئیرهابیان لەقەڵەم دەدایت و تیادەچوی، ئێستاش هیچ عاجز مەبە خۆت و سەیارەکە دەبێ حیجز بکرێن،ڕەنگە چاوپۆشی لە حیجز کردنی خۆت بکرێت، بەڵام ئۆتۆمبیلەکە مەحاڵە، تا ئەو تابلۆی ژمارانە نەیەتەوە بەربوونی نییە،بەم شێوەیە لە بەرواری ٢٠٠٦/٨/٢٩ بە ژمارەی ت/٢٠٠٦ نوسراویان بۆ کردم و پۆلیسێکیان لەگەڵ ناردم بۆ گەراجی دەست بەسەراگرتنی ئۆتۆمبێل،ئوتومبیلم تەسلیم کردو بۆ ماڵ هاتمەوە ، بیرم کردەوە،ناکرێ ئەم ژمارانە مرور لەبەر موخالەفەیەك لێیکردبنەوە، ئەگەر بە ڕێکەوت کەوتبێ ما قوول نییە هەردووکی بە جاری بکەوێ، کەواتە دەبێ کەسێك ئەم کارەی کردبێ بۆ تووش کردنی من ...ئۆتۆمبیلم تەنیا لە دەزگای شەفەق ڕاگرتووە ونەمبردۆتە شوێنێکی دی و خۆ ماڵی خوشکم کاری وا لەگەڵ مندا ناکەن.. بەبێ تاقەتی کەوتمە

تەماشاکردنی دەفتەری تەلەفۆناتەکەم لە پڕ چاوم بە ژمارەی تەلەفۆنی کاك دکتۆر نوری کەوت، کەهاوکاری نزیکی جەنابی نێچیرڤان بارزانییە، تەلەفۆنم بۆکردو ڕوخسەتم لیّ خواست کەیەك دوو دەقیقەیەك گویّم لیّ بگریّ ، بەحەقیقەت دڵسۆزانە گویّی لیّگرتم و بەندەش حیکایەتەکەم لە نووکەوە بۆ گێڕایەوە...گوتی:

– کاك حەمە تۆ تەلەفۆنەکەت داخە، من تۆزێکی دی جوابت لیّدەگێڕمەوە..

دوای تۆزێکی دی بە لوتفی خۆی قەرزارباری کردم و تەلەفۆنی کردەوە:

–کاك حەمە تەلەفۆن بۆ شاخەوانە کێیە بکە با هەر ئێستا تابلۆی ژمارەکانت بۆ بگێڕێتەوە...

شاخەوان تایپیست و هەڵەچنی دەزگای ئاراس بوو،بەدران ماوەیەك بوو ناردبووی بۆدەزگای شەفەق و کردبووی بە جێگری خۆی!.. بە هەر حاڵ تەلەفۆنم بۆکردو هیچ حاشای لێنەکرد، بەنەبەدڵی گوتی:

–باشە وەرە بۆی..

گوتم:

–بابەگیان من خۆم و ئۆتۆمبیلەکەم لە حیجزدانین چی بێم بۆی ! چۆنت ڕەقەمەکان دزی ئاوا بینێرەوەو ئەمە ئەمری سەرەوەیە و حەتمەن ئاغات (بەدران) تەلە فۆنی بۆ کردوویت..

ئیدی بەپەلە سایەقەکانی بانگ کردبوو ، کیّ ماڵی حەمە کەریم عارف دەزانیّ؟

ئیدی پرسیاریان کردبوو بۆچی ، ئەویش بەناچاری باسی ناردنەوەی ڕەقەمەکانی کردبوو،تومەز کە ڕەقەمەکانی بە دزییەوە کردبووەوە لە دەزگا دای نەنابوو، بەڵکو ناردبوویەوە بۆ ماڵی خۆیان!..بەهەر حاڵ تەماحی نابووە بەر سایەقەکان هەر کەسێك ڕەقەمەکان بەرێتەوە بۆ سلێمانی بەنزینی ئەمسەرو ئەوسەری بۆ دەکرێت ، نانخواردنی ڕێگەشی لە سەر ئەو..بەو جۆرە سڕەکە هەڵماڵراو سیحرو بەتاڵبوونەوەی سیحرەکە کەشف بوو!..سیحری قەڵب سەری ساحێبی!.. سایەقەکان ملیان نەدابوو،پاشان یەکێکیانی بردبوو بۆ ماڵی خۆیان (کەئێستا بەبیّ هیچ هۆیەك دەرکراوە!)ڕەقەمەکانی دابوویێ، ئەویش ڕەقەمەکانی بە برایەکی مندا کەپەیوەندی بە شەفەقەوە نەبووە، ناردبووەوە بۆ سلێمانی،بە هەرحاڵ دوای دوو ڕۆژ ئەمسەرو ئەوسەرو موراجەعەی دایەرەکانی سلێمانی و ٣٠ هەزار دینار غەرامە، ئوتۆمبێلەکە لە حیجز بەردرا.

دیارە من ئەم ڕووداوەم بۆ زۆر کەسی دیکەش گێڕاوەتەوە وبەنووسین ودەست خەتی من لای هەندیّ کەس پارێزراوەو وەکو خەبەریش لە سەرەتاکانی مانگی ٢٠٠٦/٩ لە ڕۆژنامەی (کەرکوکی ئەمڕۆ)ئاماژەیەکی خێرای پێد راوە...

هەڵبەتە من لە ٢٠٠٦/٨/٣٠ وە ئیدی نەچوومەوە بۆ دەزگای شەفەق، چونکە قەناعەتم وایە بەرپرسێك ئەو ڕێگە پێچاوپێچە بگرێتەبەرو زەڕەیەك ویژدانی نەبزویّ و ئەو هەموو ناهەقییە بکات و هەر بە مەبەستی تووشکردنی من تابلۆی ژمارەی سەیارە بەدزییەوە لیّ بکاتەوە، دەشتوانیّ لە شارێکی پڕ ئاژاوەی بیّ خاوەنی وەکو کەرکوکدا قونبەلەیەك بخاتە ژێر ئۆتۆمبیلەکەم و تیابچم و کەسیش گومان لەو نەکات!.. بەمەش خزمەتی خۆی بکات!!

هەڵبەتەئەمەش شێوەیەك بوو لەشێوەكانی دەركردن و دەركردنیش لەوە ئاشكراتر نابێ..
بەڕاستی مەسئولیەت هەر وادەبێ! بژی مەسئولیەت!
هەڵبەتە لە ٢٠٠٦/٨/٢٣ دا ، شاخەوان لە كۆبوونەوەیەكی ڕەسمیدا و بە ئامادەبوونی كۆمەڵێك كارمەندی دەزگا، بەتایبەت ستافی ئەوسای گۆڤاری نەوشەفەق،كە هەموویان ماون پێی ڕاگەیاندنم كە (كاك بەدران ) گوتویەتی گۆڤارەكە زۆر بێ مستەوایە و دایدەخەم، من پێم گوت : كەیفی خۆیەتی ، ئەمە بیانووە، دەنا بە درێژایی مێژووی شاری كەركوك لە پێش زاینەوە تا ئەمڕۆ بە هیچ زمانێك گۆڤاری لەو مستەوایە لە كەركوك دەرنەچووە، هەڵبەتە من باوەڕ ناكەم نەكاری كردنەوەی ڕەقەمی سەیارەكەی بەبێ پرس كردبێ و نەئەو قسەیەشی (داخستنی نەوشەفەق)لە گیرفانی خۆی دەرهێنابێ، چونكە یەكەم نوێنەرێكی وەفاداری بەدرانەو بابایەكی مەئمورەو مەئموریش مەعزورە، بەتایبەتی ئەگەر خزمەت و پێگەیشتنی خۆی(هەڵبەتە بەپێی تێگەیشتنی خۆی لە پێگەیشتن) بەلاوە گرنگ بێ با لەسەر حیسابی خەڵكیش بێ، دووەم هەر ماوەیەكی زۆر كەم لە دوای دەوام نەكردنی بەندە، گۆڤارێكی دیكە لەدەزگای شەفەق بە ناوی (كانیاو) دەرچوو... دیارە ئەمە بەو نیازە بوو كە (كانیاو) جێی نەوشەفەق بگرێتەوە كەبەداخەوە وادەرنەچوو..لەلایەكی دیكەشەوە درێژە بە(نەوشەفەق) نەدرا، چونكە بەندە سەرنووسەری بووم و مۆڵەتی گۆڤارەكە بەناوی كاك فەلەكەدین و بەندەوە بوو كەبەنووسراوی ٢٢٩لە ٢٠٠٣/٤/٣٠ مۆڵەتی ژمارە ١٤١ ی وەزارەتی ڕۆشنبیری هەرێمی كوردستانی عێراقی پێدراوە..دیارە ئێمە ئەو هەنگاوە یاساییەمان نا،لە باوەڕەوە بوو كە جۆرە بەستنەوەیەكی كەركوك بوو لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە بە هەرێمی كوردستانەوەو بەشدارییەكی ڕۆشنبیرانە بوو لە خەباتی گەڕاندنەوەی كەركوك بۆ سەر هەرێمی كوردستان، بۆیە ئەو مۆڵەتەمان زۆر مەبەست بوو، بەبێ ئەو مۆڵەتەش ئیشمان نەدەكرد..

جا ئەگەر بە ناهەق ناوی بەندە وەكو سەرنووسەر لەسەر گۆڤاری نەوشەفەق لابرایەو ناوی كەسێكی دی دابنرایە ئەوا ئەو پرسیارە دروست دەبوو،ئەدی حەمە كەریم عارف!.. نەخێر داخستنی گۆڤارەكە لە هەمووی مەسڵەحەتترە! هەم ناوی حەمە كەریم عارف لادەبرێ، وهەم ئەو سین و جیمەش بەرۆكان ناگرێ..(ڕێگاكەش ڕێگایەكی پێچاوپێچەو هەموو كەس پەی پێنابات، ئافەرین خوتتەی جەهەننەمی) ئەگەر مەسەلەكە ناووناوبانگ بێ خۆ بەندە پێشتر سەرنووسەری گۆڤاری گولآنی عەرەبی بووم كە بەر بڵاو ترین گۆڤاری كوردستان بوو، و بەڕای گەلێك لە گەورە نووسەران و هزرڤانانی عەرەب یەكێك بوو لە گۆڤارە هەرە باشەكانی كوردستان ، بەڵكو سەرانسەری عێراق، هەندێ لەو ڕاوبۆچوون و هەڵسەنگاندننامانە لە یەكێك لە ژمارەكانی گولآنی عەرەبیدا بلاْوكراونەتەوە، پێم وایە ژمارە حەفتاو چوارە،بۆیە سەرنووسەری من بۆ گۆڤاری نەشەفەق تەنیا جۆرە كەركوكچیایەتییەك بوو بۆ ئەم قۆناغەی ئێستای كەركوك ، دەنا نە ئیمتیاز بوو نەخێرێك بوو پێم كرابێ، نە خزمەنكردنی خۆم(كەس دەتوانێ بە حەوسەدو پەنجا هەزار دیناری ڕووت و قووت خزمەتی خۆی بكات!) واتە شەفەق و دەزگای شەفەق پێویستیان بە من بوو ، نەك بە پێچەوانەوە ،ئەوان خۆیان بە من خزمەت كرد نەك بە پێچەوانەوە...جا گەلۆ، ئەوە

حەوت مانگی ڕەبەقە من لە ماڵی خۆم دانیشتووم،و تاقە عانەیەکم وەرنەگرتووە، وئەگەر هەر پارەیەك بەناوی منەوە وەرگیرابێ ئەوا بەدران و پۆلیسەکەی (شاخەوان کەرکۆکی!)لێی بەرپرسن.. بەداخەوە نەوشەفەق ئەو حەوت مانگە دەر نەچووە،جا لەم مانگەدا (مانگی سێ)لەبەر ئەوەی کانیاو نەبوو بەو ئەسپە ڕەسەنەی گرەوی لەسەر بکرێ، و خەمخۆرانی ڕۆشنبیری وە ئاگا هاتنەوە و هەستیان کرد غیابی نەوشەفەق بۆشاییەکی دروستکردووە، هەرکەسەو بە شێوازی خۆی کەوتە پرسیارو کارکردن بۆ گەڕاندنەوەی نەوشەفەق.. بۆیە بەپەلە پڕوزێ، لەم مانگی سێیەدا برادەران بایان دایەوە سەر گۆڤارە (بێ مستەواکەی نەوشەفەق!) ژمارە چل و دوویان دەرکردەوە.. بەرأستی مەگەر حیکایەتی شووتی و فەقێکان پاکانە بۆ ئەمە بکات!..

بەهەر حاڵ دەرکراوەتەوە، لە چ ئاستێکدایە، چی دەبێ، ئەمە پەیوەندی بە خۆیانەوە هەیە، چ پاکانەیەك بۆ خۆیان و هەڵوێستی خۆیان دێننەوە ئەمە کەیفی خۆیانە... بەڵام ڕوونکردنەوەیەکیان نووسیوە کە بە گەلە کۆمەکێ نووسراوە، چونکە لە هەندێ شوێن بە ڕاناوی لکاوی یەکەم کەسی تاك دەدوێن و لەهەندێ شوێندا بە ڕاناوی لکاوی یەکەم کەسی کۆ دەدوێن... بەهەر حاڵ لەو ڕوونکردنەوەیەدا جگە لەوەی هەندێ بوختانی زەقیان بۆ کردووم ، کۆمەڵێك منەتی خۆڕاییشیان بە سەردا کردووم، کە بە پێویستی دەزانم هەڵوەستەیەکی خێرایان لە سەر بکەم و خەمخۆرانی ڕاستییان لێ ئاگادار بکەمەوە، هەڵبەتە لە دوو توێی ئەم وەڵامنامەیەدا بەشی یەك دوو چێرۆکی دیکەم هێشتووەتەوە، تەمەننا دەکەم ناچار نەبم بیانگێڕمەوە...

بە هەر حاڵ لە ڕوونکردنەوەکەدا دەڵێن((...کاك حەمەکەریم عارف کە سەرنووسەری کۆوارەکە بوو لە ڕۆژی ٢٠٠٦/٨/٣٠ بەبێ هۆیەکی دیار لە دەزگاکەمان و کارەکەی دابڕاو سەری نەکردەوە بە دەزگاکەماندا، ئێمە لە دەزگای شەفەق هەر چەندە تێبینی زۆرمان هەبوو لە سەر شێوازی کارو جۆری مامەڵە کردنی ئەو برادەرە لەگەڵ نووسەران و ڕۆشنبیرانی شاری کەرکوك، بەڵام ئەو ماوەیە هەر چاوەڕوان بووین کە ڕوونکردنەوەیەکی هەبێت بۆ ئەو دابڕانە، کەبەداخەوە نەیبوو، و بە پێچەوانە ڕێگەی پێچاوپێچی گرتەبەر بۆ ئەوەی کارێك بکات کەتەنها خزمەتی خۆی بکات وەکو چۆن لەکاتی کارکردنی لەدەزگا هەر بەو شێوەیە ڕەفتاری دەکرد، ئەمە وای کرد دەزگا بڕیار بدات بەبێ ئەو کۆوارەکە دەربکاتەوەو خوا یار بێ بەم شێوەیەی ئێستای بەردەوام دەبێت...)).

خوێنەرانی ئازیز:

بەندە لەسەرێ ڕا شێوازی مامەڵەو ڕەفتاری برادەرانی دەزگای شەفەقم ڕوونکردەوە، بەویژدانتان ئەوە دەرکردن نەبێ چییە؟، ئەگەر ئەوە هۆیەکی دیار نەبێت پێم وایە ڕۆژیش بە دیار نازانرێ، ئەرێ ئێوە لەجێی من بن سەر بە شوێنی وادا دەکەنەوە!.. دەوام نەکردنی من شێوازێکی شارستانیانەی بەرەڤانییە لە خۆم، دیارە ئەو برادەرانە حەز ناکەن کەس بەرەڤانی لەخۆی بکات ، جامن پێم وایە هەر کەسێك هەوڵنەدات فێر بێ چۆن بەرەڤانی لەخۆی بکات، بۆئەوە باشە وەکو کۆیلە مامەڵەی لەتەکدا بکرێ، کەبەدرێژایی مێژووی بەشەریەتیش هەر

واکراوه... هەڵبەته من نه یەکەم کەسم و نه دوا کەسیش دەبم ئابەو شێوەیە له دەزگای ناوبراو ڕاوەدوونراوم، خۆ لەسەرەتاوه کۆمەڵێك ڕۆشنبیری دیکەش لەو دەزگایەدا کاریان دەکردو هەر یەکەیان بەشێوازێك دەرکران، بێگومان هەر یەکێك لەوانه له واری خۆیدا سیمایەك بوو، سەنگێکی ڕۆشنبیری هەبوو، واجیهەیەکی جوان بوون بۆ خاوەنی دەزگاکه .. ئەو ڕۆشنبیرانه بریتی بوون له : ئەحمەد تاقانه، جەلیل کاکه وەیس، هیمەت کاکەیی، جەلال زەنگابادی، و تاریق کارێزی...) هەڵبەته یەکەم و دووەمی ئەو زاتانه بەیاننامەشیان دەرکردو به ڕاشکاوی خاڵیان خستبووه سەر حەرفان و خەتاباریان دەست نیشان کردبووکه مامۆستا بەدرانه،ئەو دوو بەیاننامەیه ماون ، هەندێکی دیکەشیان شوێنی بەرزیان ئاگادار کردۆتەوه ، دەڵێم که ئەو ڕۆشنبیرانه که هەریەکێکیان به شێوەیەك دەرکران، بۆچی برادەرانی شەفەق بسکەی سمێڵیان دەهات وبه دڵو به گیان ئەمری وەهمیان دەر هەقیان جیٚ به جیٚ دەکرد!
برادەرانی شەفەق تێبینیان زۆره... غافڵن لەوەی کەئەگەر ئەوان تێبینییەکی نەهەق و هەڵبەستراویان لەسەر خەڵکێك هەبیٚ، ئەوا خەڵکی دەیان تێبینی بەڵگەداریان له سەر وان هەیە..
من یەکێکم لەوانەی قایل نیم بەوەی کەسێك بەدڵی هەموو کەس بیٚ، هەموو کەس ڕازی بکات، چونکه ئەوه دیاردەیەکی سەلبییەو مرۆڤ له سیفەت و خەسڵەته مرۆڤانییەکانی خۆی دادەماڵیٚ و دووچاری خیانەت له ئینسانیەتی خۆی دەبیٚ.. من له دەزگای شەفەق کارم دەکرد،کاریش، به تایبەتی کاری جددی دەرهاوێشتەی خۆی هەیە، من سەر نووسەر بووم ، هەر سەرنووسەرێك داینەمۆو فیلتەری بڵاوکراوەکەی خۆیەتی ، جا ئەگەر من لەبەر هۆیەکی ڕۆشنبیری یان هونەری بابەتێکم ڕەفزکردبیٚ یان دوام خستبیٚ و خاوەنەکەی گلەییەکی لیٚ کردبم، بائێستاش بیکات،ئەوا من مومارەسەی سەلاحیەتی خۆم کردووه، و ئەمه یەکێکه لەو ڕاسته ڕێگایانەی کەمن باوەڕم پێی هەبووه و به گوێرەی دەرفەتیش گرتوومەته بەر ... من به خەیاڵی ڕەحەت و ویژدانی ئاسودەوه دەیڵێم کەبەرانبەر بەهیچ نووسەر یان ڕۆشنبیرێکی شاری کەرکوك نه غەڵەتم کردووه ، نەغەدرم کردووه، نەنانی کەسم بڕیوه،خەڵکی دیکه هەموو ئەوانەشی کردووه و له خێلڕوانی برادەرانی شەفەقەوه، لیٚی جوانه و باریکەڵای بۆ دەکریٚ! هەڵبەته خوێنەران ئاگادارن که گۆڤاری نەوشەفەق ناوی دەستەیەکی ڕاوێژکارانی بەسەرەوەیە، ئەوانه له هەر چوار نکالی دنیاوه کۆکراونەوتەوه، دیاره بەنده پرسم بەیەك به یەکیان کردووه ئەوجا ناوم داناون،زۆربەیان زەحمەتیان کێشاوەو نامەیان بۆ ناردوم ، نامەی زۆریانم له یەکێك له ژمارەکانی نەوشەفەقدا بڵاو کردۆتەوه،دەتوانن ئەو نامانه بەسەر بکەنەوه و بەخۆتان بزانن ئەو نامانه به چ لوتف و دۆستایەتی یەکەوه نوسراون، (هەڵبەته ئەگەر ئەو هەموو تێبینی یەی برادەرانی شەفەق گوایه لەسەر منیان هەبووه،دروست بوایه، ئەو برایانه بەو گەرمی یه بەدەنگ منەوه نەدەهاتن)،چونکه هیچ یەکێك لەو برادەرانه پێویستیان بەناو نییه،بۆ خۆیان ناودارن وله ئاستێکی ڕۆشنبیری وەهادان له هەر مەجلیسێکی ڕۆشنبیریدا بەسەفیری ڕاستەقینەی کوردو کەرکوك بزانرێن،تۆ بڵێی ئەمه نیشانەی مامەڵه خراپی بەنده بیٚ!!

جا گەلۆ من لە ٢٠٠٦/٨/٣٠ وە لە ماڵی خۆم دانیشتووم و ئەمە بە شێوازێکی بەرەڤانی لە خۆم دەزانم، کەچی کەچڕوانانی شەفەق تاوانبارم دەکەن کەڕێگەی پێچاو پێچی گرتۆتە بەر، خزمەتی خۆی کردووە، و خزمەتی خۆی دەکات...

کەسێ نەزانێ دەڵێ ڕەنگە حەمە کەریم عارف کلکی کەری قازیی بڕی بێ! بەخودای کاری وام نەکردووە، بەڵام لە برادەرانی شەفەق وایە هەرکەسێك وەکو خۆیان نەبێ ئەوا ئیدی ڕێگای پێچاوپێچی گرتۆتە بەرو خزمەتی خۆی کردووە..دیارە ئەوەی من بناسێت دەزانێ من لەوەتەی فامم کردۆتەوە کوڕی ڕاستە ڕێگایان بووم و پێچاوپێچم نەناسیوەو بەرەڤانی کردنیش لە خۆ بە ڕێگەی پێچاوپێچ نازانم...بۆ مەسەلەی خزمەتکردنی خۆ ... پێم وایە هەر خزمەت کردنێك لە سەر حەساوی خەڵکی دیکە نەبێ کارێکی باش و حەلاڵە، کەمن لە ژیانمدا لە سەر حیسابی هیچ کەسێك خزمەتی خۆم نەکردووە ..لە هەڕەتی پارە زۆری دەزگای شەفەقدا،بەهەموو ئیمتیازاتێکەوە تەنیا حەوت سەد وپەنجا هەزارم وەرگرتووە،کەهەموو کەس دەزانێ ئەمە وەکو هەق نیوەی هەقی من نەبووە چ وەك ڕەنج و و ماند وو بوون چ وەك بواری کاریش...بەڵام بۆ کەرکوکەو بە خەسار ناچێ...ئەو خەڵکانەی من دەناسن، شایەتن لە سەردەمی منداڵیمەوە تاکو ئێستاش هەر بە هەژاری ، ئەمما سەربەرزانە وەکو پیرەمەگرون ژیاوم و دەژیم خودا شاهیدە پاروویەکی حەرامم نەخواردووە! لە سێبەرێکی حەرامدا دانەنیشتووم، ڕەنگە بەغیلی ئەوەم پێببەن بۆیە کەوتوونەتە دەڵبیژی و نەهەقی کردن و بوختان هەڵبەستن...خۆ هەموو موڵك و ماڵی دونیای من قەڵەمێکی موتەوازیعە،و ئەویش بە ئیعتراف دژمن بەر لە دۆست، لە پەڕەی گوڵ پاکترەو من تا ئێستا پتر لە هەفتا کتێبم هەیە کە ئەگەر کۆسپ و تەگەرەی لابەلاو بەغیلی نەهەق نەبووایە ئێستا لەسەرووی سەد کتێبم دەبوو...جا ڕەنگە برادەرانی شەفەق بەغیلی ئەوەم پێببەن، لە جیاتی بڵێن دەست وچاوت خۆش بێ و خەرمان بەرەکەت...بەڵام دەڵێی چی مرۆڤ شیری خاوی خواردووە...خودا هیدایەتیان بدات.

جا برادەرانی عازیزی شەفەق، سەرێ هەڵبڕن، بزانن خەڵکی گەییوەتە کوێ و ئێوە لە کوێ چەقێنراون، و چۆن لە شوێنی خۆتانا پاگێرەتان پێ دەکرێ ، و چ گیزە گیزێکیان پێ ناونەتەوە!برادەرینە وریا بن ئەوەی گیزە گیز بچێنێ نابووتی دەدورێتەوە...

دەرچوونەوەی گۆڤارەکەش ، بڕیاری ئێوە نەبوو، خۆتان مەخڵەتێنن ، چونکە ئەمەش چیرۆکێکی هەیە، ئەگەر جارێ منیش نەیگێڕمەوە، ڕۆژگار دەیگێڕێتەوە..((ئەرێ بۆ لەخۆتان ناپرسن بۆچی گۆڤاری نەوشەفەق بەناوی کەرکوکەوە لە هەلێر دەردەکرێت.!!! تۆبڵێی ئەم ماستە گوریسێکی تیا نەبێ)).دیارە ئەوەی تا ( شاخەوان کەرکۆکی)نەبینێ قەدری بەدران ئەحمەد نازانێ.. بەڕاستی تەیری گول ئاشق بە داری زەقنەبووتە!!

هەر بژین — حەمە کەریم عارف

ڕێ بە ڕاست بەد بەخوا — کەرکوك ٢٠٠٧/٤/٨

## حەمە كەریم عارف

* كەركووكییە و لە ساڵی ١٩٥١دا لەدایك بووە.

- لە ساڵی ١٩٧٥ كۆلیژی ئەدەبیاتی بەغدای تەواو كردووە.
- یەكەم بەرهەمی شیعرێكە بەناوی ( هەڵبەستێكی هەتیو كەوتوو ) كە لە ژمارە ( ١٧٠ ) رۆژنامەی هاوكاری لە ١٩٧٣/٦/٨ بڵاوبووەتەوە.
- لە ساڵی ١٩٧٥ەوە بە بەردەوامی نووسین و بەرهەمی ئەدەبی بڵاو دەكاتەوە.
- سەرنووسەر یان بەڕێوەبەری نووسین یان سكرتێری نووسین یان ئەندامی دەستەی نووسەرانی ئەم گۆڤار و بڵاوكراوانە بووە: گۆڤاری گزنگی نووسەرانی كەركووك، نووسەری كوردستان، كەلتوور، نووسەری كورد، گوڵانی عەرەبی، ئاڵای ئازادی تا ژمارە ٠٠٢٢٢، گۆڤاری نەوشەفەق.
- جگە لە ناوی خۆی، بە تایبەتی لە گۆڤاری گزنگی نووسەرانی كەركووك، نووسەری كوردستان، كەلتوور، رۆژنامەی ئاڵای ئازادی تا ژ: ٢٢٢ بەناوی گۆڤەند، زنار، سیپان، پاكزاد، محەمەدی حاجی، سیروان عەلی، دیدار هەمەوەندی، هێژا، ح. ع هامون زێیاری، با زەوان عەبدولكەریم بەرهەمی بڵاو كردۆتەوە.
- جگە لە پارتی دیموكراتی كوردستان و یەكێتیی قوتابیانی كوردستان ئیدی ئەندامی هیچ حیزب و رێكخراوێكی سیاسی نەبووە، لە ساڵی ١٩٧٤ – ١٩٧٥دا پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول بووە، لە هەشتاكاندا بۆ ماوەی نۆ ساڵ، بێ وابەستەگی حیزبی، پێشمەرگە بووە و وەكو بەشدارییەكی مەیدانی و ویژدانی لە خەباتی رەوای نەتەوەی كوردا شانازی پێوە دەكات و منەت بەسەر كەسدا ناكات، چونكە باوەڕی وایە كە رۆڵەی میللەتی مەزڵوم مەحكومە بە پێشمەرگایەتی.
- لە هەشتاكانەوە تا ئێستا راستەوخۆ سەرپەرشتی و سەرۆكایەتی لقی كەركووكی یەكێتیی نووسەرانی كوردی كردووە.
- زۆر بەرهەم و كتێبی چاپ و بڵاو كردۆتەوە، لێ زۆربەی هەرە زۆریان، بە تایبەتی ئەوانەی لە چیادا چاپ بوون بە نوسخەی هێندە كەم بڵاو بوونەتەوە، لە نرخی نەبوو دان و هەر ئەوەندەیە كە لە فەوتان رزگار بوون. هەندێك لە وانە:

١- تیرۆژ، كۆ چیرۆك، چاپی یەكەم ١٩٧٩

٢- كۆچی سوور، رۆمان، چاپی یەكەم ١٩٨٨

٣- بەیداخ، چیرۆك، ١٩٨٨

٤- داوەتی كۆچەرییان، كۆ چیرۆك چاپی دووەم ٢٠٠٥

٥- له خۆ بێگانه بوون، كۆمەڵە چیرۆك، چاپی یەكەم (١٩٩٩) دەزگای گوڵان
٦- كوچ سرخ، كۆ چیرۆك، بە فارسی، وەرگێڕان چاپی یەكەم ١٩٨٧ شاخ
٧- نینا، رۆمان، سابت رەحمان، دوو چاپ، شاخ، شار ٢٠٠٢
٨- نامۆ، رۆمان، ئەلبیر كامۆ، دوو چاپ، شاخ، شار ٢٠٠٣ دەزگای ئاراس، چاپی سێیەم ٢٠٠٧، ئینتەرنێت.
٩- رێبەر، رۆمان، مەهدی حسین، یەك چاپ (شاخ)، چاپی دووەم، ٢٠٠٧
١٠- شكست، رۆمان، ئەلكساندەر فەدایەف، چاپی شاخ (راه كارگر)، چاپی دووەم: ٢٠٠٧ ئینتەرنێت.
١١ – هاوماڵەكان، رۆمان، ئەحمەد مەحمود، دوو چاپ، شاخ، شار ٢٠٠٠ گوڵان
١٢- بێناسنامەكان، رۆمان، عەزیز نەسین، ٣ چاپ شاخ، شار ٢٠٠٣
١٣- قوربانی، رۆمان، هیرب میدۆ، چاپی یەكەم ٢٠٠٤ دەزگای شەفەق
١٤- دووره وڵات، رۆمان ع. ڤاسموف، چاپی یەكەم ٢٠٠٠ دەزگای گوڵان
١٥- ئازادی یا مەرگ، رۆمان، كازانتزاكیس، چاپی یەكەم ٢٠٠٣ كتێبخانەی سۆران، چاپی دووەم: ٢٠٠٨
١٦- چیرۆكەكانی سەمەدی بیهرەنگی، دوو چاپ، شاخ، شار ٢٠٠٤ كتێبخانەی سۆران هەولێر
١٧- ئامانجی ئەدەبیات. م. گۆركی، چاپی شاخ ١٩٨٥
١٨- دلێریی خۆراگرتن، ئەشرەفی دەهقانی، چاپی شاخ
١٩- مەسەلەی كورد لە عێراقدا، عزیز شەریف
٢٠- مێژووی رەگ و رەچەڵەكی كورد، ئیحسان نوری پاشا، یەك چاپ
٢١- خەباتی چەكداری هەم تاكتیكە هەم ستراتیژ، مەسعودی ئەحمەد زادە، چاپی شاخ
٢٢- كورد گەلی لە خشتەبراوی غەدر لێكراو، د. كوینتەر دیشنەر، چاپی شێیەم ٢٠٠٤ دەزگای ئاراس
٢٣- لە مەهابادی خوێناوییەوە بۆ كەنارێن ئاراس، نەجەف قولی پسییان، چاپی یەكەم ٢٠٠٦
٢٤- گوزارشتی مۆسیقا، د. فۆاد زەكەریا. چاپی یەكەم، یانەی قەڵەم: ٢٠٠٦
٢٥- دەربارەی شیعر و شاعیری، رەزا بەراهەنی. چاپی دووەم، ٢٠٠٧
٢٦- ڤنسنت ڤان گوگ، شانۆنامە، باول ئایز لەر
٢٧- بە دوعا شاعیرەكان، شانۆنامە، جەلیل قەیسی (گزنگ ژ:١٢)
٢٨- جولەكەكەی ماڵتا، شانۆنامە، مالرۆ.
٢٩- داد پەروەران، شانۆنامە، ئەلبیر كامۆ.
٣٠-بەد حاڵی بوون، شانۆنامە، ئەلبیر كامۆ.
٣١- چاو بە چاو، شانۆنامە، گەوهەر مراد (غوڵام حسەینی ساعیدی)
٣٢- ریچاردی سێیەم، شانۆنامە، شەكسپیر.
٣٣- گەمەی پاشا و وەزیر، شانۆنامە، عەبدوڵلائەلبوسێری.
٣٤- كورد لە ئەنسكلۆپیدیای ئیسلام دا، چاپی یەكەم ١٩٩٨ وەزارەتی رۆشنبیری.
٣٥- هونەر و ژیانی كۆمەڵایەتی، پلیخانۆڤ، چاپی یەكەم ٢٠٠٥ دەزگای موكریانی
٣٦- پێكهاتەی بەدەنی و چارەنووسی ئافرەت، ئیڤلین رید، چاپی یەكەم، ٢٠٠٦

٣٧- لێكدانەوەیەك لە مەڕ نامۆ، لویس ریی.
٣٨- مندالە دارینە، چیرۆكی درێژ بۆ مندالان.
٣٩- فاشیزم چیی؟ كۆمەلە چیرۆك بۆ مندالان، یەلماز گونای
٤٠- شوانە بچكۆلەكە، چیرۆكێكی درێژی چینی یە بۆ مندالان
٤١- زارۆكستان ( چوار شانۆنامە بۆ منالان )
٤٢- لە گە نجینەی حیكایەتی توركمانییەوە. ( ئەفسانەی ئەسپی ئاشق )
٤٣- كۆمەلێك ئەفسانەی جیهانی ( ٢٣ ئەفسانە )
٤٤- زندە خەون، كۆمەلە چیرۆكی چیخوف، چاپی یەكەم ( ٢٠٠١ ) دەزگای موكریانی
٤٥- ئەفسانەێن گریكی و رۆمانی، چاپی یەكەم ( ٢٠٠٤ ) كتێبخانەی سۆران، هەولێر
٤٦- جێ پێ، كۆمەلێك چیرۆكی فارسی چیرۆكنووسان :( سادقی هیدایەت، جەلال ئال ئەحمەد، بوزرگی عەلەوی، سادقی چوبەك، مەنسوری یاقوتی ) چاپی یەكەم: ٢٠٠٦
٤٧- چیرۆكستان، كۆمەلێك دەق و رەخنە، چاپی یەكەم ٢٠٠٥ نووسەرانی كەركووك
٤٨- چۆنیەتی فێر بوونی زمانی فارسی، چاپی یەكەم ( ٢٠٠٠ ) حەمە كەریم عارف
٤٩- گۆڤەند و زنار ( فەرهەنگی فارسی – كوردی ) حەمە كەریم عارف
٥٠- پەلكە رەنگینە، حەمە كەریم عارف، چاپی یەكەم ( ٢٠٠٤ ) وەزارەتی رۆشنبیری
٥١- كۆمەلێك چیرۆكی بێگانە ( ئەو رۆژەی كە ون بووم ) چاپی یەكەم ٢٠٠٦،
٥٢- چزیشفسكی، فەیلەسوف و زانای گەورەی میللەتی روس
٥٣- چایكۆ فسكی، ژیان و بەرهەمی.
٥٤- ئیدگار ئالین پۆ، ژیان و بەرهەمی.
٥٥- جاك لەندەن، ژیان و بەرهەمی
٥٦- گوگول، نووسەری ریالیست
٥٧- یەلماز گونای، ژیان و بەرهەمی
٥٨- سادقی هیدایەت، ژیان و بەرهەمی
٥٩- خافرو غ لە شیعر دەدوێ، ژیان و بەرهەمی
٦٠- رێبازە هونەرییەكانی جیهان
٦١- ریالیزم و دژە ریالیزم لە ئەدەبیات دا، چاپی یەكەم ( ٢٠٠٤ ) دەزگای سپیرێز
٦٢- راگەیاندن لە پەراوێزی دەسەلاتدا ( بە شەریكی ) چاپی یەكەم ( ٢٠٠١ ) دەزگای گولان
٦٣- راگەیاندن لە نێوان حەقیقەت بێژی و عەوام خەلەتێنی دا، حەمە كەریم عارف
٦٤- دیدار و دەق و رەخنە. چاپی یەكەم ( ......
٦٥- دیداری چیرۆكڤانی. چاپی یەكەم ( ......
٦٦- قوتابخانە ئەدەبییەكان، رەزا سەید حسەینی.( چاپی یەكەم ٢٠٠٦، دەزگای موكریانی )
٦٧- ناودارانی ئەدەب، حەمە كەریم عارف
٦٨- هەزار تۆپی شیعری نوێخوازی و چەند باسێكی دی، حەمە كەریم عارف.

٦٩- كورد له سەدەی نۆزده و بیست دا، كریس كۆچرا، چاپی یەكەم ٢٠٠٣ كتێبخانەی سۆران
٧٠- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان ( له كۆنەوه تا سەدەكانی ناڤین ).
٧١- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان ( له سەردەمی رینیسانسەوه تا ئێستا ).
٧٢- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان ( ئەدەبیاتی ئینگلیزی زمان- ئەمریكاو ئینگلیستان له سەرەتاوه تا ئێستا ).
٧٣- چینی كۆن
٧٤- دەربارەی رۆمان و چیرۆك
٧٥- پەیڤستانی من
٧٦- ئەو بەرخەی كه بوو به گورگ
* له را پەڕینەوه تا نهوو چالاكانه بەشداری بزاڤی ئەدەبی و رۆشنبیریی كوردی دەكات و بەرهەمی هەمه جۆر ( نووسین و ئاماده كردن و وەرگێڕان ) بڵاو دەكاتەوه..
* ئەو بەرهەمانه و زۆری دیكەی ئامادەن بۆ چاپ و چاپكردنەوه و هەر كەس و گروپ و لایەن و دەزگایەك تەماحی بڵاو كردنەوەی هەبن، دەبێ پرس به نووسەر بكات...